هەرێمی کوردستانی عیراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

زمان و ئەدەبی کوردی

پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی

دانانی
لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

پێداچوونەوەی زانستی و بژارکردنی دووەم بۆ هەرچوار بەش

سادق ئەحمەد ڕوستایی   نەمام جەلال ڕەشید   ئەختەر سدیق حسین
سۆزان عەلی محەمەد   محسن عەلی حسین   حسین صابر عەلی

چاپی هەشتەم   ٢٠١٥زایینی   ٢٧١٥کوردی

سەرپەرشتی زانستی: سادق ئەحمەد روستایی - نەمام جەلال ڕەشید
سەرپەرشتی هونەری: عوسمان پیرداود کواز - خالد سلیم محمود
نەخشەسازی ناوەرۆك: عادل زرار
نەخشەسازی بەرگ: ئاری محسن احمد
بژاری هونەری: یوسف احمد اسماعیل

پێشەکی

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان – عیراق، لیژنەیەکی بۆ بژارکردنو پێداچوونەوەی زانستی پەرتوکی (زمانو ئەدەبی کوردی) بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی پێکهێنا. لیژنەکە دەستیکرد بە پێداچوونەوەی هەموو بەشەکانی پەرتوکەکەو بەپێی پێویست وشەو ڕستەی لە هەردوو زاری (کرمانجی سەروو، کرمانجی خواروو)ی زمانی کوردی بۆ قوتابییان هێناوەتەوە. ئەمەش بەو مەبەستەیە کە زمانی کوردی لە بنچینەدا یەك زمانەو ئەو جیاوازییەی لەنێوان زارەکانیدا هەیە ئەوە نییە کە ببێتە جێی مەترسی.

پەرتوکەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە (ڕێزمان، ڕێنووس، ئەدەب، خوێندنەوە)، بەشی ڕێزمان لە هەژدە بابەتی جیاواز پێکهاتووە، داوا لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەین کە بایەخێکی زۆر بە چۆنییەتی گوتنەوەو خستنەڕووی ئەم بەشە بدەن، نمونە لە هەردوو زارەکە بخەنە بەردەم قوتابییانو داوایان لێ بکەن کە تەنیا پشت بە نمونەو ڕستەکانی ئەم پەرتوکە نەبەستن. مامۆستای بەڕێزیش بەپێی پێویست دەتوانێت چەند تێبینییەکی زیاتر لەسەر بابەتەکان بخاتەڕوو. هەروەها بەشی ڕێنووس تایبەتە بە نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی.

بەشی ئەدەب تایبەتە بە ژیانو بەرهەمی چەند شاعیرو نووسەرێك. داوا لە مامۆستایان دەکەین لە ڕووی ڕوخسارو ناوەرۆکەوە بەپێی پێویست بابەتەکان بۆ قوتابیان ڕوونبکەنەوەو داوایان لێ بکەن (سێ) دێر هۆنراوە، لە نمونەی هەر شاعیرێك ئەزبەر بکەن. نمونەی پەخشانیش دەخوێندرێتەوەو گفتوگۆی لەسەر دەکرێت، بەڵام ئەزبەر ناکرێت.

لە بەشی خوێندنەوەدا بابەتەکان لەلایەن قوتابییان بخوێندرێتەوە، پاشان باس لە واتای وشەو دەستەواژەکان بکرێت. ئینجا لەنێوان مامۆستاو قوتابییان گفتوگۆیەکی کراوە لەسەر ناوەرۆکی بابەتەکە ئەنجامبدرێت.

بێگومان هیچ کارێك بێ کەموکورتی نابێت، داوا لە مامۆستایانی بەڕێز دەکەین لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی پارێزگاکانیان لە کەموکورتی کتێبەکەو تێبینیو پێشنیازەکانیان ئاگادارمان بکەنەوە.

لەگەڵ ڕێزماندا.

لیژنەی بژارکردنو پێداچوونەوەی زانستی

٢٠١٥/٢/١٧

﴿بەشی ڕێزمان﴾

١. کەرستەکانی زمان
٢. دەنگەکانی زمان و پیتەکانی وشە
٣. شێوەکانی وشە
٤. بڕگەکانی پەیڤ (وشە)
٥. جیاوازی نێوان ڕستەو گرێ
٦. جۆرەکانی ڕستە (ڕستە بە پێی ناوەڕۆك)
٧. ڕستەی ڕاگەیاندن : ئـ- ڕستەی ئەرێ ب- ڕستەی نەرێ
٨. ڕستەی پرس
٩. ڕستەی سەرسوڕمان
١٠. بنچینەکانی ڕستە :
ئـ- (بکەر) کاری تەواو ب- (نیهاد) کاری ناتەواو
١١. کار:ئـ- کاری تەواو ب- کاری ناتەواو
١٢. دیارخەری ناو- تەواوکەری کار
١٣. ناو
١٤. جۆرەکانی ناو :
ئـ- ناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە ناوی (تایبەتی، گشتی، کۆمەڵ)
ب- ناو لەڕووی هەبوونەوە ناوی (بەرجەستەو واتایی)
١٥. ئەرکی ناو لەڕستەدا :
١٦. جێناوی کەسی سەربەخۆ :
(ئـ) جێناوی کەسی سەربەخۆ
(ب) جێناوی کەسی سەربەخۆ
(پ) جێنای کەسی سەربەخۆ
١٧. چاوگ
١٨. کار لەڕووی دەمو کاتەوە:
ئـ.کاری ڕابردوو (بۆری)
ب.کاری ڕانەبردوو
پ.کاری داخوازی

(وانەی یەکەم)

کەرستەکانی زمان

-ئـ-	نمونە	-ب-	نمونە
پیت	هـ - ە- نـ- ا — ر	ڕستە	ئاڵای کوردستان شەکاوەیە.
↓		↓	
بڕگە	هە/نار	گرێ	ئاڵای کوردستان
↓		↓	
وشە	هەنار	وشە	ئاڵا
↓		↓	
گرێ	هەناری شیرین	بڕگە	ئا/ڵا
↓		↓	
ڕستە	هەناری شیرین خۆشە.	پیت	ئـ - ا- ڵ- ا

لە ساڵانی پێشوودا کەرستەکانی زمانتـان خوێنـدووە، ئـەویش لـە بچـوکترین کەرستەوە کـە (پیـت)ە، ئینجـا بـە لێکـدانی دوو پیـت یـان زیـاتر (بڕگـە)تـان دروستکردووە، پاشان لە بڕگەکانیش (وشە)تان دروستکردووەو دوو وشـە یـان زیاتریشتان داوەتە پاڵ یەکترو (گرێ)تان دروستکردووە، ئەمانەشتان بە چـەند قۆناغێکی یەکبەدوای یەکدا خوێندووە تا وەکو توانیوتانـە (ڕسـتە)ش دروسـت بکەن، هەر وەك لـە خشـتەی (ئــ)دا بـە ئاشـکرا لـە بچـوکترین کەرسـتەوە بـۆ گەورەترین کەرستەی زمان فێرکراون، بەڵام قوتابی خۆشەویسـت، لـەم سـاڵەدا بە شێوەیەکی دیکە بە بابەتەکـەدا دەچـینەوە، کـە لـە گـەورەترین کەرسـتەی زمانەوە بۆ بچوکترین کەرستە دووبارە دەیانخوێنینەوە، هەر وەك لـە خشـتەی (ب)دا بە ئاشکرا دیارە.

ڕاهێنان

(گرێ، پیت، وشە، ڕستە، بڕگە)

١. ئەم کەرستانە لە بچوکترین بۆ گەورەترین کەرستە ڕیزبکە.

٢. بچوکترین کەرستەی زمان چییە؟

٣. لە پیت گەورەتر چییە؟

٤. لە (بڕگە) گەورەتر چییە؟

٥. دوو وشە بەهۆی ئامرازی (ی)یەوە بدرێنە پاڵ یەکتر چی دروستدەبێت؟

٦. گەورەترین کەرستەی زمان چییە؟

٧. ئەمجارە کەرستەکانی زمان لە گەورەترین کەرستە بۆ بچوکترینیان ڕیز بکە.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
وشە	پەیڤ
خۆشەویست	خۆشتڤی
گەورە	مەزن
بچوک	بچیك
ئەمجارە	ڤی جارەی
پاڵ یەکتر	رەخ ئێك

(وانەی دووەم)

دەنگەکانی زمان و (پیتەکانی وشە)

١. داری ئازادی بە خوێن ئاودەدرێ.

٢. سیروان ڕووبارێکی کوردستانە.

٣. برا لە پشت برا بێت، مەگەر قەزا لەلای خودا بێت.

٤. کۆمەڵە شاخێك سەختو گەردن کەش

ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش

ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم ڕستانە بدەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر یەکەیان لە چەند وشەیەك پێکهاتووە، کە بەشێوەیەکی تایبەت ڕیزکراون و دراونەتە پاڵ یەکترو واتاو مەبەستێکی تەواو دەبەخشن، وشەکانی ئەم نمونانە هەر یەکەیان لە برگەیەك یان چەند برگەیەك پێکهاتوون، برگەش بەهیچ شێوەیەك بەبێ بزوێن نابێت.

ئەگەر ئەو برگانە زیاتر شیبکەینەوە، بۆمان دەردەکەوێت، کە هەر برگەیەك لە چەند دەنگە زمانێك پێکهاتوون، بۆ نمونە برگەی (دا) لە هەردوو دەنگی (د) و (ا) پێکهاتووە، کە هەر یەکەیان دەنگێکە لە دەنگەکانی زمانی ئادەمیزادو بەم پێیە هەموو زمانێك کۆمەڵە دەنگێکی تایبەتی خۆی هەیە، کە بە هۆیانەوە وشەو ڕستەکان دروست دەکرێن و دەبنە مایەی گفتوگۆو ئاخاوتن لە نێوان کەسانی سەر بە یەك زماندا، ئەو دەنگانەش دیارە هەر یەکەیان

شێوەی دەربڕینو هاتنە دەرەوەیان لە ئەندامەکانی ئاخاوتن، (قورگ، زمان، ددان، لێو،... هتد) هەر یەکەیان بە گوێرەی خۆی بەشدار دەبێت. ئەو دەنگانەی کە تایبەتن بە زمانی کوردی بۆ هەر یەکەیان هێمایەك دانراوە کە بە (پیت) ناو دەبرێن، بۆ ئەوەی لە کاتی نووسیندا بناسرێنەوە، بۆ نمونە، دەنگی (ك) کاتێك لە دەم دێتە دەرەوە، تەنیا جۆرە ئاوازێکەو بە گوێ دەیبیستینو هەستی پێدەکەین.

هەر کۆمەڵە مرۆڤێك هاتووەو هێمایەکی بۆ داناوە، بۆ نمونە لەلای هەندێ لەو کۆمەڵە مرۆڤانە ئەم دەنگە بە هێمای (ك)و لەلای هەندێکی تریش بە هێمای (k)و لەلای خەڵکانی تریش بە هێمای جیاواز لەم دوو هێمایە دەستنیشانکراوە. ئەو هێمایەی کە بۆ هەر یەك لە دەنگەکانی زمان دانراوە لای ئێمە بە (پیت) ناو دەبرێت.

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە پیت هێماو وێنەی ئەو دەنگانەیە، کە لە نووسیندا بەکاردێن، دەنگەکانی زمانیش هەیانە لە دەربڕیندا گرانو هەیانە ئاسانە. بەم شێوەیە دەتوانین دەنگەکانی زمانی کوردی کە ژمارەیان (٣٧)دەنگە، بکەین بە دوو کۆمەڵەوە.

١. **دەنگە نەبزوێنەکان:** هەموو ئەو دەنگانە دەگرێتەوە کە دەربڕینیان گرانەو بە یارمەتی دەنگە بزوێنەکانەوە لە دەم دێنە دەرەوە بۆ هەر یەکێك لەم دەنگانە وەك لەسەرەوە باسکرا، هێمایەکی تایبەت دانراوەو پێی دەگوترێت (پیت).

کەوابوو دەتوانین دەنگە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی بەم شێوەیە بنووسین (ئـ، ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ع، غ، ف، ڤ، ق، ك، گ، ل، ڵ، م، ن، هـ ، و، ی) لێرەدا بۆمان دەرکەوت، کە ژمارەی ئەو دەنگانە (٢٩) دەنگەو بەو هێمایانەی کە بۆ هەر یەکێك لەو دەنگانە دانراوە دەگوترێ پیت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە لەزمانی کوردیدا (٢٩) پیتی نەبزوێن هەیە.

٢. **دەنگە بزوێنەکان:** هەموو ئەو دەنگانە دەگرێتەوە، کە بە ئاسانی لە دەم دێنە دەرەوەو یارمەتی دەنگە (نەبزوێن)ەکان دەدەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بێنە گوتنو دەربڕین. ئەم دەنگانەش هەر وەك دەنگەکانی کۆمەڵەی یەکەم بۆ هەر یەکەیان هێمایەك دانراوە، بۆ ئەوەی بنووسرێنو بخوێنرێنەوە، دەنگە بزوێنەکانیش ئەمانەن: (ا، ە ، و، ۆ، وو، ی، ێ، بزرۆکە(i)) بەو هێمایانەش کە بۆ هەر یەکێك لەو دەنگانە دانراوە، دەگوترێت (پیت)، ژمارەی ئەم دەنگانەش (٨) دەنگن و هەر دەنگە هێمای تایبەتی خۆی هەیە، وەك لەمەو پێش بەرچاومان کەوت، کەواتە بە هێمای نووسراوی ئەو دەنگانە دەڵێن: (پیتە بزوێن)ەکانی زمانی کوردی، لە پیتە بزوێنەکاندا بزوێنی کورتی (i) هەیە، کە بەم (ئەلفبێ)یەی ئێستا پێی دەنووسین هێمای تایبەتی خۆی بۆ دانەنراوە، وەك ئەو بزوێنە کە لەم وشانە (ژن، من، مل، دڵ، شل، کل،....)دا هەنو پیتە (بزرۆکە)کان کەوتۆنەتە نێوان هەردوو پیتە نەبزوێنەکانەوە، بەڵام دەرنەکەوتوون، چونکە هەر وەك ئاماژەمان پێدا ئەم بزوێنە لە نووسینی

(ئەلفبێ)یەی ئێستامان دەرناکەون، ئەگەر بە پیتی لاتینی بنووسرێت زۆر بە ئاشکرا دەردەکەوێت، وەک(jin, min, mil, dil, şil, kil,…) هەر لەبەر ئەوەی ئەم بزوێنە زۆر کورتەو هێمای تایبەتی خۆی نییە، بۆیە پێی دەگوترێت (بزرۆکە).

تێبینی/ جیاکردنەوەی پیتی (و، ی)ی نەبزوێن لە پیتی (و، ی)ی بزوێن:

١. پیتی (و، ی)ی بزوێن هەرگیز لەسەرەتای وشەو بڕگەوە نایەنو ئەوەی لەم شوێنانەدا هات بێگومان پیتی (و، ی)ی نەبزوێنە، وەک (وەرزش، کاروان، یاری، بڕیار…).
٢. هەر کاتێك لە پێش و لەدوای پیتی (و، ی)یەوە پیتێکی بزوێن هەبێت، ئەوا ئەم (و، ی)یە بێگومان دەبنە پیتی نەبزوێن وەك (سێو، شێو، لاو لاو، تاو تاو،…).
٣. ئەگەر لە پێش یان لەدوای پیتی (و، ی)یەوە پیتێکی (نەبزوێن) هاتبێت ئەوا ئەم (و، ی)یە دەبنە پیتی (بزوێن) وەك (کورد، گوڵ، بڕین، فڕین…).
٤. هەرگیز لە زمانی کوردیدا دوو پیتی (بزوێن) بە دوای یەکدا نایەن.

دەستور:

دەنگ: بچوکترین دانەی ئاخاوتنە، کە لە دەم دێتە دەرەوە.

پیت: ئەو هێما تایبەتانەن، کە بۆ هەر یەکێك لە دەنگەکانی ئاخاوتنی مرۆڤ دانراوە، واتا (پیتەکان وێنەی دەنگەکانن) پیتەکانیش بە گشتی دەکرێن بە دوو بەشەوە:

١. دەنگە نەبزوێنەکان: ئەو دەنگانەن کە لە دەربڕینو ئاخاوتندا گرانن و بە هۆی دەنگە بزوێنەکانەوە لە دەم دێنە دەرەوە. ژمارەی پیتە نەبزوێنەکان لە زمانی کوردیدا (٢٩) پیتە.

٢. دەنگە بزوێنەکان: ئەو دەنگانەن کە بە ئاسانی لە دەم دێنە دەرەوەو یارمەتی دەنگە نەبزوێنەکان دەدەن بۆ ئەوەی بە ئاسانی بێنە گوتن. ژمارەی پیتە بزوێنەکان لە زمانی کوردیدا (٨) دەنگن، کە لەناو خۆیاندا دەبن بە دوو جۆر:

ئـ- دەنگە بزوێنە کورتەکان: (بزرۆکە(i)، ە، و، ی).

ب- دەنگە بزوێنە درێژەکان: (ا، ۆ، وو، ێ).

ڕاهێنانی (١)

پیتە بزوێنو نەبزوێنەکان لەم وشانەدا دەربهێنە:

(گەلا، کەیبانوو، بەڕوو، کارێز، دۆ، گڵەزەردە، هەنگ، کورد، گەنم، کەروێشك، کەوچك)

ڕاهێنانی (٢)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. ژمارەی پیتەکانی زمانی کوردی (٣٧، ٣٩، ٢٩)

٢. لەم وشەیە پیتی بزرۆکە هەیە (ئاڵا، چنار، کانی)

٣. ژمارەی پیتە بزوێنەکان (٧، ٨، ٩)

٤. ئەم وشەیە یەك بڕگەیەو یەك پیتی بزوێنی هەیە (سێ، بڕوا، بەهار)

ڕاهێنانی (٣)

ئەمانەی خوارەوە ڕوونبکەرەوە:

١. ئایا دەگونجێت پیتی بزوێن بکەوێتە سەرەتای وشەو بڕگەوە؟

٢. ئایا لەزمانی کوردیدا دەگونجێت دوو پیتی بزوێن بە دوای یەکدابێن؟

٣. جیاوازی لە نێوان پیتی (ی) سەرەتای وشەی (یاری)و پیتی (ی) لە وشەی (میر)دا چییە؟ ڕوونی بکەوە.

٤. پیتی (و) لە دوو وشەدا بهێنەرەوە بە مەرجێك جارێك (بزوێن) و جارێك (نەبزوێن) بێت.

٥. دەگونجێت لە زمانی کوردی دوو پیتی نەبزوێن بەدوای یەکدا بێن.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
ئاخاوتن	ئاخافتن ، پەیڤین
بنووسرێنەوە	بهێتە نڤیسین
پێیدەگوترێت	دبێژنێ
بە ئاسانی	ب سانایی، ب ساناهی
ئێستا	نوکە، نهۆ، هەنوکە
ڕابردوو	بۆری
ڕانەبردوو	نەبۆری
بەوردی	ب هویری
دەنگ	پێکهاتەیەکــە سروشــتی بیســتنی هەیەو هەرجارێك وەك خۆی دوبـارە نابێتەوە.
پیت	شێوەی دەنگە

(وانەی سێیەم)

شێوەکانی وشە

-ئـ-

-ب-

وشەی ناسادە

١   ٢

وشەی سادە	وشەی داڕێژراو	وشەی لێکدراو
کورد	کوردستان	کوردزمان
داس	داسولکە	تەورداس
ڕەش	ڕەشکە	ڕەشماڵ
ڕۆژ	بەڕۆژ	ڕۆژهەڵات
دەم	بەدەم	گوڵ بەدەم
ئاسن	ئاسنگەر	سەرئاسن
چاو	چاویلکە	چاوکاڵ
دڵ	بەدڵ	دڵخۆش
دار	دارەوان	دارگوێز
کردن	کردنەوە	چاککردنەوە
کردن	هەڵکردن	دروستکردن
خستن	داخستنەوە	ڕێکخستنەوە

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە وشەکانی ڕیزی (ئـ) دەبینین هەر یەکەیان شێوەیەکەو لە چەند پیتێکی ڕیزکراو پێکهاتووەو ئەم پیتانە بەسەر یەکەوە واتایەکی تەواویان دروستکردووەو بە هەر یەکێکیان دەگوترێ (وشە). ئەم وشانە زۆر سادەو ساکارن‌و هیچ زیادەیەك (پێشگر، پاشگر) نەچۆتە سەریان و تەنیا یەك مەبەستیان تێدا بەدی دەکرێ، بۆیە بە هەر یەکێك لەمانە دەگوترێ (وشەی سادە) و دەتوانین بە ئاسانی‌و بەپێی پێویست هەر یەکەیان لە ڕستەدا بەکاربهێنین، هەروەها ئەم جۆرە وشانە سادەن‌و بەشێکی زۆری وشەکانی دیکەی زمان لەمانەوە وەردەگرین.

ئەگەر بڕوانینە وشەکانی ڕیزی (ب) خاڵی (١) دەبینین هەر یەکەیان پێیان دەگوترێت (وشەی ناسادە)، کە ئەویش دەبێت بە دوو جۆر:

١- (وشەی داڕێژراو) ئەم جۆرەش لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشێکیان بنجی‌و واتادارەو ئەوی دیکەیان زیادەیەو بێ واتایەو بە هەردووکیان بەسەر یەکەوە وشەیەکی نوێیان بۆ واتایەکی نوێ دروستکردووەو داڕشتووە، بۆ نمونە وشەی (کوردستان) لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی (کورد) کە وشەیەکی سادەی واتادارەو سەربەخۆ دەتوانرێت لە ڕستەدا بەکاربێت‌و بەشی(ستان)، کە (پاشگر)ە خراوەتە دوای وشەی (کورد)ەوە بۆ ئەوەی هەردووکیان وشەیەکی نوێ لە واتاو مەبەستدا دروست بکەن. جگە لەوە وشەی (هەڵکردن)، دیسان لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی (کردن)، کە وشەیەکی بنجی سادەی واتادارەو سەربەخۆ دەتوانرێت لە ڕستەدا بەکاربێت‌و بەشی (هەڵ)، کە (پێشگر)ە خراوەتە پێش وشەی (کردن)و بە

هەردووکیان وشەیەکی نوێیان لە واتاو مەبەستدا دروستکردووە. جا بەم جۆرە وشانەی کە بەو شێوەیە دروستدەکرێن پێیان دەگوترێت وشەی (داڕێژراو).

٢- ئەگەر سەیری وشەکانی ڕیزی (وشەی لێکدراو) بکەی دەبینین هەیانە تەنیا لە دوو وشەی سادەی واتادار پێکهاتوونو واتایەکی نوێیان بۆ مەبەستێك دروستکردووە، وەك: (چاوکاڵ، دڵخۆش، کوردزمان...).

هەیانە لەدوو وشەی سادەی واتادار یان زیاتر پێکهاتوون و بە هۆی ئامراز یان زیادەیەك واتایەکی نوێیان بۆ مەبەستێکی نوێ دروستکردووە، وەك: (گوڵ بەدەم، چاوبەخومار، چاککردنەوە...).

جا بەم جۆرە وشانە، کە بەو دوو شێوازە دروستدەکرێن دەگوترێ (وشەی لێکدراو).

دەستور:

وشە لە ڕووی شێوە دوو جۆرە:

ئـ- وشەی سادە: ئەو وشەیە، کە لە لێکدانی چەند پیتێك پێکهاتووەو بە شێوەیەکی تایبەت خراونەتە پاڵ یەكو شێوەیەکی سادەو واتایەکی تەواوی هەیە.

ب- وشەی ناسادە: ئەمەش دوو جۆرە:

١. **وشەی دارێژراو:** ئەو وشەیە، کە تەنیا لە یەک وشەی سادەی واتادارو (پێشگرێك یان پاشگرێك) یان لەگەڵ هەردووکیان پێکدێت و وشەیەکی نوێ دروستدەکات.

٢. **وشەی لێکدراو:** ئەو وشەیە، کە لە دوو وشەی سادەی واتادار یان زیاتر پێکهاتووەو وشەیەکی نوێ دروستدەکات.



ڕاهێنانی (١)

ئەم وشانەی خوارەوە لە ڕووی شێوە چ جۆرێکن؟ دیارییان بکە.

(هەورە بروسکە، بردنـەوە، مەلـەوان، قـژ زەرد، قـرژاڵ، مـانگ، کوێسـتان، نانەوا، داگرتن).

ڕاهێنانی (٢)

لە هەر یەکێك لەم پێشگر و پاشگرانە (٢) وشەی داڕێژراو دروست بکە.

(ەوە، هەڵ، ستان، ڕا، بە، دا، ڤە، ڤان)

ڕاهێنانی (٣)

لە هەر یەکێك لەم وشە سادانەی خوارەوەدا وشـەی لێکـدراو دروسـت بکـەو لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

(گوڵ، کانی، گەڵا، بەرد، هەرمێ، تەور، سپی)

ڕاهێنانی (٤)

وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەرەوە:

١. وشەی سادە چییە؟ بە نمونە ڕوونیبکەرەوە.

٢. جیاوازی لەنێوان وشەی داڕێـژراو و وشـەی لێکـدراودا چـییە؟ بـە نمونـە ڕوونیبکەرەوە.

ڕاهێنانی (٥)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١- وشەیەکی لێکدراوە: (باخ، باخەوان، باخچە، گوڵەباخ).

٢- وشەیەکی سادەیە: (چاوکاڵ، چاو، چاویلکە، چاوپۆشین).

٣- وشەیەکی داڕێژراوە: (جەرگ، جگەرخوێن، بەجەرگ، جەرگ سووتاو).

٤- وشەیەکی سادەیە: (ڕاکردن، کردنەوە، چاپکردن، کردن).

٥- وشەیەکی لێکدراوە: (ڕاهێنان، هێنان، بەرهەمهێنان، داهێنان).

٦- وشەیەکی داڕێژراوە: (دەنگ، دەنگەدەنگ، دەنگدار، دەنگوباس).

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
داسولکە	داسا بچیك
چاککردنەوە	چێکرنەڤە
دارەوان	دارڤان
گوڵ بەدەم	کولیلك
خستنەڕوو	بەرچاڤکرن
گەڵا	پەلك
تەور	بیور
وەبەرهێنان	خستنەگەڕی سەرمایە
دەنگوباس	هەواڵ، نوچە

(وانەی چوارەم)

بڕگەکانی پەیڤ (وشە)

١. ئاوی کانی سازگارە.

٢. مرۆڤ ب کاری شرینە.

٣. قەراج دەشتێکی پان و بەرین و بەپیتە.

٤. هەڤالێ من نەهاتییە.

٥. ئاشتی هیوای گەلانە.

٦. بێکەس شاعیرەکێ ب ناڤ و دەنگە.

٧. دەستپاکی ڕەوشتێکی باشە.

خستنەڕوو:

ئەگەر بە وردی سەرنج بدەینە ئەو وشانەی کە ئەم ڕستانەیان پێکهێناوە، دەبینین هەر وشەیەک بریتییە لە چەند دەنگێك، کە بە یارمەتی دەنگ و پیتە بزوێنەکان دەگوترێن و دەنووسرێن. وەك:

١. (ئا - وی ـ کا ـ نی ـ ساز ـ گا ـ رە)

٢. (م ـ ڕۆڤ ـ ب ـ کا ـ ری ـ شـ ـ ریـ ـ نە)

٣. (قە ـ راج ـ دەشـ ـ تێـ ـ کی ـ پا ـ نو ـ بە ـ ریـ ـ نو ـ بە ـ پیـ ـ تە)

٤. (هە ـ ڤا ـ لێ ـ من ـ نە ـ ها ـ تی ـ یە)

٥. (ئاشـ ـ تی ـ هیـ ـ وای ـ گە ـ لا ـ نە)

٦. (بێ ـ کەس ـ شا ـ عی ـ رە ـ کێ ـ ب ـ نا ـ ڤو ـ دەن ـ گە)

٧. (دەست ـ پا ـ کی ـ ڕە ـ وشـ ـ تێـ ـ کی ـ با ـ شە).

ئەگەر تەماشای ئەو بڕگانە بکەین، دەبینین کە هەر بڕگەیەك بەم شێوەیەی خوارەوە پێکهاتووە:

ئـ- هەندێك لەم بڕگانە لە دوو پیت پێکهاتوون، پیتی یەکەم نەبزوێنە، هی دووەم بزوێنە:(کە، کا...)

ب- هەندێك لەم بڕگانە لە سێ پیت پێکهاتوون، پیتی یەکەمو سێیەم نەبزوێنە، هی دووەم بزوێنە: (دەم، باخ...)

پ-بڕگە هەیە لەچوار پیت پێکهاتوون، پیتی یەکەمو سێیەمو چوارەم نەبزوێنە، هی دووەم بزوێنە:(دەست، بەرد، دەنگ...)

{ئینجا ئەو دەنگەی یا ئەو دەنگانەی کە بەیەك جارو بەسەر یەکەوە بە یاریدەی پیتێکی بزوێنەوە لە دەم دێنە دەرەوە پێیان دەگوترێ بڕگە}.

دەستور:

بڕگە: بریتییە لە چەند دەنگێك کە بە یەکجار لە دەم دێنە دەرەوە، لە پیتێکی نەبزوێن یا چەند پیتێکی نەبزوێن لەگەڵ پیتێکی بزوێن پێکدێت.

بڕگە دوو جۆرە:

1. **بڕگەی کورت: بریتییە لەو بڕگەیەی کە لەپیتێکی نەبزوێنو پیتێکی بزوێنی کورت پێکهاتووە.**
2. **بڕگەی درێژ: بریتییە لەو بڕگەیەی کە لەپیتێکی نەبزوێنو پیتێکی بزوێنی درێژ یا لە (دوو- سێ) پیتی نەبزوێنو پێتێکی بزوێنی کورت یا بزوێنی درێژ پێکهاتووە.**

ڕاهێنانی (١)

ئەم وشانەی خوارەوە بڕگە بکەو بزانە، کە هەر وشەیەك لە چەند بڕگە پێکهاتووە، چەندیان بڕگەی کورتن‌و چەندیان بڕگەی درێژن.

(هاوینە هەوار، بابلیسك[١]، گولزار، مرۆڤ، دلْ، پێشمەرگە، گۆڤەند، چاوپێکەوتن).

ڕاهێنانی (٢)

پێنج وشە بهێنەرەوە، بە مەرجێك هەر یەکیان لە سێ بڕگە پێکهاتبێت‌و لە ڕستەدا بەکاریان بهێنە.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم دێڕە هۆنراوانەی خوارەوە بڕگە- بڕگە بکەو بزانە هەر نیوە دێڕێك، چەند بڕگەیە.

١. مەلی سەر پنچك پەل‌و پۆ ڕەنگین خۆ من هەلۆنیم
لێم مەفڕن جووت جووت مەترسن ئاخر پێتان بلێم چیم

٢. سەوزە گیا پاراو گول‌و گولالە مەستی ڕەنگ‌و بۆ
درەخت تازە شین سەر لق ڕازاوەی گول، گەلا، چرۆ

٣. ڕۆژامێرو خورتا هەلات
هاتین ژ هەوارێ تە، وەلات

٤. دوو لێڤێن تە کتێبا حاجی قادر
زمانێ تە ژبەندا شێخێ خانی

٥. گولْ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان
وەفراوان چوون سەیل[٢] دیدەی من جۆشان

---

[١] – بابلیسك: سەدە

[٢]–سەیل: هاتنەخوار، ڕژان

(وانەی پێنجەم)

جیاوازی نێوان گرێ و ڕستە

-ئـ-

١. بازێڕی دهۆك.

٢. ئاوی کانی.

٣. بەفری شاخەکان.

٤. پێشمەرگەی بەجەرگ.

٥. خوینا شەهیدان.

٦. پەرلەمانی کوردستان.

-ب-

١. من لە بازێڕی دهۆك دەژیم.

٢. ئاوی کانی ساردە.

٣. بەفری شاخەکان لە بەهاردا دەتوێتەوە.

٤. پێشمەرگەی بەجەرگ وڵات دەپارێزێت.

٥. ئەم ئازادیە بەرهەمێ خوینا شەهیدانە.

٦. ئێمە لە پەرلەمانی کوردستاندا کاردەکەین.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە کۆمەڵە پەیڤی بەشی (ئـ) دەبینین دەستەواژەی (بازێری دهۆك) لە کۆمەڵە پەیڤێك پێکهاتووە، کە پەیوەندییان بەسەر یەکەوە هەیە، بەڵام مەبەستێکی تەواو نادەن بە دەستەوە، چونکە کارێکیان لەگەڵدا نییە، لەبەر ئەمە پێیان دبێژن (گرێ).

ئەگەر سەرنج بدەینە بەشی (ب) دەبینین پەیڤەکانی ڕستەی(١) (من لە بازێری دهۆك دەژیم) بەشێوەیەکی تایبەتی خراونەتە پاڵ یەکدی و واتاو مەبەستێکی تەواو دەبەخشن، چونکە کاری (دەژیم)ی لەگەڵدایە، لەبەر ئەمە پێی دەگوترێ (ڕستە). هەروەها نمونەکانی دیکەی بەشی (ئـ) هەموویان گرێن‌و نمونەکانی بەشی (ب) ڕستەن.

دەستور:

گرێ: کۆمەڵە پەیڤێکە پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، بەڵام واتاو بیرێکی تەواو نادەن بە دەستەوە چونکە کارێکیان لەگەڵدا نییە.

ڕستە: کۆمەڵە پەیڤێکە، پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، واتایەکی تەواو دەبەخشن، چونکە کارێکیان لە گەڵدایە، لە کۆتایی هێمایەك دادەنرێت.

ڕاهێنانی (١)

لەمانەی خوارەوە ڕستەو گرێ لەیەك جودا بكەرەوە:

١. باوكی ئازاد مامۆستایە.

٢. هەنگ شیلەی گوڵان دەمژێت.

٣. ئێوەی شارەزا

٤. هەڵگورد چیایەكی بەرزە.

٥. هاوینەهەواری سەرچنار

٦. زەویی باش بەرهەمی باش دەدات.

ڕاهێنانی (٢)

پێنج گرێ دروست بكەو لە ڕستەدا بەكاریان بهێنە.

ڕاهێنانی (٣)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. قەڵای هەولێر (وشەیە، گرێیە، ڕستەیە)

٢. پێشمەرگەكان سەركەوتن. (گرێیە، وشەیە، ڕستەیە)

٣. دڵشاد (وشەیە، گرێیە، ڕستەیە)

٤. خانووی خۆش (ڕستەیە، گرێیە، وشەیە)

٥. بابێ سەرداری ڕەزڤانە. (گرێیە، وشەیە، ڕستەیە)

ڕاهێنانی (٤)

لەم وشانە گرێ دروست بکەو پاشان لە ڕستە بەکاریان بهێنە:

(هەورامان، نێرگز، کتێبخانە، ئامێدی)

(وانەی شەشەم)

جۆرەکانی ڕستە

ڕستە بە پێی ناوەڕۆك

(١)

ڕستەی ڕاگەیاندن

١. زەوی بە دەوری ڕۆژدا دەسوڕێتەوە.

٢. ڕۆژ لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵدێت.

٣. ئاڤا گۆزکی تەزی بوو.

٤. برای کاوەی بە یەکەم دەرچوو.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەم ڕستانە دبینین، هەر ئێك ژوان واتاو مەبەستێکی تەواو دەبەخشێت، بەلام ئەگەر لە ناوەڕۆکی (واتای) هەر ئێك ژوان وردببینەوە دێ بینین:

ڕستا ئێکێو دووێ ل ڕاستییەکی نەگۆڕ دەدوێن.

ڕستا سێیێ ل دیاردەکێ تایبەتی دەدوێت.

ڕستا چارێ ل شتێکی دیارکراو دەدوێت.

لە مەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەو ڕستانەی کە ڕووداوێکی ڕاستی نەگۆڕ یان ڕووداوێکی دیار پیشان دەدەن، ڕستەی ڕاگەیاندنن.

دەستور:

ڕستەی ڕاگەیاندن کۆمەڵە پەیڤێکە، کە بەشێوەیەکی تایبەتی ڕیز دەکرێن، هەموویان بەسەر یەکەوە واتایەکی تەواو دەبەخشن، لە کوێشدا ڕستەکە تەواو بوو خاڵێك دادەنرێت. ئینجا ئەگەر واتای ڕستەکە ڕووداوێکی دروستی نەگۆڕ یا ڕووداوێکی دیاری تێدا بەدی بکرێتو وەکو هەواڵێك ڕەنگە ڕاست بێت یان ڕاست نەبێت پێی دەگوترێت (ڕستەی ڕاگەیاندن).

ڕستە بە پێی ناوەڕۆك

ڕاگەیاندن | **پرس** | **سەرسوڕمان**

ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستانەی خوارەوە چی پیشاندەدەن، بیاننووسە:

١. بە بازووی کرێکاران کارگەو پرۆژەی گەورە دادەمەزرێت.

٢. مرۆڤ هەندێك بەردو خۆڵی هەیڤی لەگەڵ خۆیدا هێنایەوە بۆ زەوی.

٣. پەیکەری شێری بابل نیشانەی هێزو دەسەڵاتی بابلییەکانە.

ڕاهێنانی (٢)

لەم وشانەی خوارەوە ڕستە دروست بکە:

١. نازاوزێ- دەکات- میکرۆب- زیاد- بە.

٢. ڕادیۆ- بگرە- لە- گوێ- تەنیشتمەوە- وەرە- دابنیشە- لە.

٣. هەڵبەستی- ئەحمەدی خانی- نەتەوایەتی- کوردە- سەرکێشی- میللەتی.

٤. بیرەوەری یا- کوردییە- ٢٢ی نیسانێ- ڕۆژنامەڤانییا.

ڕاهێنانی (٣)

١. شلۆڤەکردن:

پەپوولەکە نیشتەوە.

پەپوولەکە: ناوە، تاکە، بکەرە.

نیشتەوە: کارە، ڕابردووە، تێنەپەڕە.

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

ئ- گەڵای دارەکە هەڵوەری.

ب- بەرف ل کوردستانێ دباری.

ڕاڤەکرنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
دەتوێتەوە	دبۆڤرێت، دحەلییێت
بازوو	باسک، قۆڵ، باهو
کارگە	کارگەھـ
پەیکەر	کۆتەڵ
پەپوولە	پەلا تیک
ڕۆژنامەڤان	ڕۆژنامەنووس
بەرف	بەفر

(٢)

جۆرەکانی ڕستەی ڕاگەیاندن

ئـ- ڕستەی ئەریٚ ب- ڕستەی نەریٚ

یەکەم:

١. ئاوی ڕوبارەکە وشکبوو.

٢. نەسرینیٚ ئاگر هەلکر.

٣. کاوە کتێبی ڕێزمان دەخوێنێتەوە.

٤. ئەڤرۆ ئاڤدەل دیٚ چینە زاخۆ.

٥. ماستیٚ هەولێریٚ ترشە.

دووەم:

١. ئاوی ڕوبارەکە وشك نەبوو.

٢. نەسرینیٚ ئاگر هەلنەکر.

٣. کاوە کتێبی ڕێزمان ناخوێنێتەوە.

٤. ئەڤرۆ ئاڤدەل ناچینە زاخۆ.

٥. ماستیٚ هەولێریٚ ترش نینە.

خستنەڕوو:

١. ئەگەر سەرنج بدەینە كۆمەڵە ڕستەكانی بەشی یەكەم، دێ بینین هەموویان هەواڵ لە ڕوودانی شتێك دەدەن.

ڕستەی یەكەم هەواڵی وشكبوونی ئاو لە ڕووبارەكەدا ڕادەگەیەنێت.

ڕستەی دووەم هەواڵی هەلكرنا ئاگری ژ لایێ نەسرینێ ڕادگەهینیت.

ڕستەی سێیەم هەواڵی خوێندنەوەی كتێبی ڕێزمان لەلایەن كاوەوە ڕادەگەیەنێت.

ڕستەی چوارەم هەواڵی چوونی ئاڤدەل بۆ زاخۆ ڕادەگەیەنێت.

ڕستەی پێنجەم هەواڵی ترشبوونی ماستەكە ڕادەگەیەنێت.

٢. ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەكانی بەشی دووەم دەبینین هەموویان هەواڵ لە ڕوونەدانی شتێك دەدەن بە پێچەوانەی ڕستەكانی بەشی یەكەمەوە:

ڕستەی یەكەم ئەوە نەرێ دەكات، كە ئاوی ڕووبارەكە وشك بووبێت.

ڕستەی دووەم ئەوە نەرێ دەكات، كە ئاگر هاتبیتە هەلكرن.

ڕستەی سێیەم ئەوە نەرێ دەكات، كە كتێبی ڕێزمان لەلایەن كاوەوە بهێتە خواندن.

ڕستەی چوارەم ئەوە نەرێ دەكات كە ئاڤدەل بچێت بۆ زاخۆ.

٣. ئەگەر دووبارە بەوردی كۆمەڵە ڕستەكانی بەشی یەكەمو بەشی دووەم بخوێنینەوەو جوداهی نێوانیان هەڵ بسەنگێنین دەبینین:

ئ- له ڕستەکانی بەشی دووەمدا ئامرازی نەرێ هەیەو خراوەتە پێش کاری ڕستەکە، کە ئەمە لە ڕستەکانی بەشی یەکەمدا نییەو بەرچاو ناکەوێت، ئەم ئامرازە نەرێیەش لە ڕستەی یەکەمو دووەمی بەشی ڕستەکانی ڕیزی دووەمدا (نە)یەو لە ڕستەی سێیەمو چوارەمدا ئامرازی (نا)یە.

لە ڕستەی پێنجەمدا ئامرازی نەرێ (نین– نی)یە لەپێش کاری ناتەواوی (ە) هاتووە.

ب– ئینجا ئەو ڕستانەی کە کەوتوونەتە بەشی یەکەمەوەو ئامرازی (نەرێ) یان تێدا نییەو هەواڵ لە ڕوودانی شتێك دەدەن پێیان دەگوترێ (ڕستەی ئەرێ) بەڵام ئەو ڕستانەی کە کەوتوونە بەشی دووەمەوەو ئامرازی (نە)و (نا) و (نین- نی)ی نەرێیان لە پێش کارەکەوە تێدا بەدی دەکرێتو هەواڵ لە ڕوونەدانی شتێك دەدەن دبێژنێ (ڕستەی نەرێ).

دەستور:

ڕستەی ڕاگەیاندن دوو جۆرە:

١. **ڕستەی ئەرێ:** ئەو ڕستەیەیە کە ڕوودانی شتێك پیشان دەدات.

٢. **ڕستەی نەرێ:** ئەو ڕستەیەیە، کە ڕوونەدانی شتێك پیشاندەدات.

ڕێگاکانی نەرێکردن لە زمانی کوردیدا:

أ- کاری ڕابردوو بە ئامرازی (نە) نەرێ دەکرێ.

ب- کاری ڕانەبردوو بە ئامرازی (نا) نەرێ دەکرێ.

ت- کاری ناتەواو بەم ئامرازانە نەرێ دەکرێ :

١- ڕانەبردوو بۆ کاتی ئێستا (ە) بە (نی - نین) نەرێ دەکرێ.

٢- ڕانەبردوو بۆ کاتی داهاتوو(دەبێت) بە (نا) نەرێ دەکرێ.

٣- کاتی ڕابردوو(بوو) بە (نە) نەرێ دەکرێ.

ڕاهێنانی (١)

ئەم ڕستانەی خوارەوە (نە) یا (نا) یا (نی- نین) یان بۆ دابنێ:

١. کەلا ئامێدیێ بلّندە.

٢. کاکم دەچێت بۆ هەولێر.

٣. دوێنێ میوانەکە هاتبوو.

٤. ئەم ماستە ترشە.

٥. ژوورەکەم خاوێنکردەوە.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشاییانە بە (نە، نا، نی، نین) پڕبکەوە:

١. قەدری مانگ......... گیرێت، تا .... گاتە شەو.

٢. سوار تا .... گلێ .... بێت بە سوار.

٣. دووربینی پەشیمانی لەدوا ..... یە.

٤. ئاگام لە کەس .... یە.

٥. سەرێ .... ئێشیت پێتقی دەرسۆکێ ....ـە.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستە نەرێیانە بکە بە ڕستەی ئەرێ:

١. ئازاد لەماڵەوە نییە.

٢. ئەز ل گەل وی نەبووم.

٣. ئەمە ڕێگەی کەرکوك نییە.

٤. دوێنێ لێرە باران نەباری.

٥. دلێر فراڤینێ ناخۆت.

٦. تۆ ئەم وانەیە باش نازانیت.

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ئامرازانە (نە، نا، نی، نین) لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

ڕاهێنانی (٥)

١. شلۆڤەکردن:

دوێنێ باران نەباری.

دوێنێ: هاوەڵکاری کاتییە، تەواوکەری کارە.

باران: ناوە، بکەرە.

نەباری: کاری ڕابردووە، تێنەپەرە، نەرێیە.

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

ئ- ئازاد نەچوو بۆ کەرکوك.

ب- شنۆ لە خوێندن دواناکەوێت.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
بەش	پشك، پار
دواکەوتن	پاشکەڤتن
کەل	قەڵا
دووربینی	هزرتیژی، دوورنواڕی
دەرسۆك	سەرپۆش، دەسرۆك
فراڤین	نانی نیوەڕۆ

(وانەی هەشتەم)

ڕستەی پرس

١. ئایا منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە؟

٢. کەنگی دچیە زاخۆیی؟

٣. نەوت چۆن دەردەهێنری؟

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەو سێ ڕستەیەی سەرەوە دەبینین:

١. لە ڕستەی یەکەمدا پرسکەر لە شتێك دەپرسێت کە نایزانێتو لەلای ڕوون نییەو داخازی ژ گوهداری دکەت تێبیگەهێنیت، بە وشەی پرسی (ئایا) ڕستەکە وەك ڕستەیەکی پرس دەردەبڕێت، و لە کۆتایشدا نیشانەی پرس (؟) دادەنرێت.

بەرسڤدان ژی ب دوو شێوە دەبێت:

ئەگەر گوێگر ویستی لە پرسکەر بگەهینیت، کە کارەکە ڕوویداوە، یا وشەی ئەرێ (بەڵێ) بەکاردەهێنێت، یا وەڵامەکە هەمووی بە تەواوی (بەشێوەی ئەرێ) بڵێتو بێژێت (منداڵەکە شیرەکەی خواردەوە).

٢. لە ڕستەی دووەمدا پرسکەر، پرسیار لە کات دەکات، واتە پرسیار لە گوێگرەکەی دەکات، دەربارەی کاتی چوونی بۆ زاخۆ.

٣. لـە ڕستەی سێیەمدا پرسکەر، پرسیار لـە چۆنییەتی دەکات، واتـە پرسـیار لـە گوێگرەکـەی دەکـات، دەربـارەی چـۆنییەتی دەرهێنـانی نەوت.

ئەم پەیڤانەی کە بۆ پرسیارکردن بەکاردەهێنرێن، ئەمانەن:

١. کێ (کی): پرسیار لە کەسێك دەکات، وەك:

کێ کتێبەکەی خوێندەوە؟

کێ هات؟

٢. چی (چ): پرسیار لە شتێك دەکات، وەك:

ماسی بە چی ڕاودەکرێت؟

چ دخۆی؟

٣. کوێ (کیڤە): پرسیار لە شوێنێك دەکات، وەك: لە کوێ بوویت؟

تۆ لکیڤە بوویت؟

٤. کەی (کەنگی): پرسیار لە کات دەکات، وەك:

کەی جوتیار گەنم دەچێنێت؟

کەنگی دێ خوینی؟

٥. چۆن (چاوا) پرسیار لە چۆنێتی (چەوانیا) دەکات، وەك:

برنج چۆن دەچێنرێت؟

پەیمان چاوا چیرۆکێ دنڤیسیت؟

٦. چەند (چقاس): پرسیاری لـە ژمـارەو ئەندازەیـەك دەكـات، وەك: زەوی

به چەند ڕۆژ به دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە؟

ڕزگار ل چەند وانان كەفتییە؟

تە چقاس پارە هەیە؟

٧. كام- كامە (كیژ- كیژك): پرسیار لـە دەستنیشـانكردنی شـتێك دەكـات

لەناو چەند شتێكدا، وەك:

لەم گوڵانە كامیانت دەوێت؟

كیژ قوتابی ژ هەمیا زیرەكترە؟

ژ ڤان ڕەنگان تە كیشك دڤێت؟

وەڵامـی ئـەم پەیڤانـەی كـە بـۆ پـرس بـەكاردەهێنرێن هـەموویان بـە دەستنیشانكردنی ئەو شتە دەبێت، كە پرسـیاری لـە بابـەت كـراوە، بـۆ نمونـە ئەگەر یەكێك بپرسێت:

(كەی دەچیت بۆ لادێ؟) لـە وەڵامـدا ئـەو كاتـە دەسـت نیشـاندەكرێت كـە چوونەكەی تێدا ڕوودەدات، ئەگـەر (هەفتـەی داهـاتوو) بـوو، وەڵام بـەم جـۆرە دەبێت: (هەفتەی داهاتوو دەچم بۆ لادێ)

دەستور:

پرسیار بەم شێوانە دەکرێ:

١. بە هۆی ئاوازێکی تایبەتییەوە کە ڕستەکەی پێ دەردەبڕێت و لە نووسینیشدا نیشانەی پرس (؟) دادەنرێت.

٢. بەهۆی بەکارهێنانی پەیڤا پرسێ (ئایا- ئەرێ)و نیشانەی پرس (؟) لەو ڕستانەدا کە پرسیار لە ناوەرۆکی ڕستەکە دەکرێ. وەڵام ژی بە وشەی (بەڵێ) لە باری ئەرێداو ئامرازی (نە) و بە وشەی (نەخێر) لە باری نەرێدا دەبێت.

٣. بەهۆی وشەی پرس (ئایا- ئەرێ)و (کام- کیژ)و دانانی نیشانەی پرس (؟) لەو ڕستانەدا پرسیار لە دەستنیشانکردنی شتێك لەناو دوو شت یا پتردا دەکرێت بەرسڤ ژی بەدەستنیشانکردنی شتە پرسراوەکە دەبێت.

٤. پەیڤەکانی پرس، وەڵامیان بە دەستنیشانکردنی مەبەستەکە دەبێت.

٥. لە کۆتایی ڕستەی پرسدا، نیشانەی پرس (؟) دادەنرێت بۆ ئەوەی ژ ڕستا ڕاگەهاندنێ بهێتە جوداکرن.

٦. لە ڕستەی پرسدا پرسکەر چاوەڕێی بەرسڤ لە گوێگرەکە دەکات.

ڕاهێنانی (١)

ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە پەیڤێکی پرس پڕ بکەوە:

١. زمانی تۆ .... یە؟

٢. گەنم .... دهێتە چاندن؟

٣. کاروان لەگەلٚ .... چوو بۆ سەیران؟

٤. .... ل کوردستانێ بەفر دباریت؟

٥. .... تۆ وانا خۆ نانڤیسی؟

٦. .... نەخوێندەواری لە کوردستاندا نامێنێت؟

ڕاهێنانی (٢)

ئەم وشانەی هێلٚیان بە ژێردا هاتووە پەیڤی پرسیاریان لەجێ دابنێ و ڕستەکانیش بخە شێوەی پرسەوە:

١. دار گوێز لە کوردستاندا دەڕوێت.

٢. ئارمسترۆنگ یەکەم کەس بوو گەیشتە سەر مانگ.

٣. ئەز ب کەلەکێ ژ ڕوباری دەرباز بووم.

٤. گرانی یا باری ٢٠ کیلۆیە.

٥. ئەمەیان باشترە.

٦. ناڤێ تە هشیارە؟

ڕاهێنانی (٣)

ئەم پەیڤانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

کام - ئایا - چۆن - چما- چی - کەنگی- کویٚ- چەند- چاوا.

ڕاهێنانی (٤)

١.شلۆڤەکردن:

بەفر لە کویٚ دەبارێت؟

بەفر: ناوە، بکەرە.

لە: ئامرازی پەیوەندییە.

کویٚ: پەیڤی پرسە، تەواوکەری بەیاریدەی کارە.

دەبارێت: کاری ڕانەبردووە، تێنەپەڕە.

ێت: جێناوی لکاوە بۆ کەسی سێیەمی تاك، بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.

٢.ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

ئـ- جوتیار زەوی بەچی دەکێڵێت؟

ب- شڤان چاوا ڕێزمانیٚ دخوینیت؟

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
کۆتایی	دویماهی
وەڵام	بەرسڤ
گوێگر	گوهدار
قورس	گران
لادێ	گوند
مانگ	هەیڤ
شڤان	شوان
ئانکۆ	یان، یاخود
دامەزراوە	دەزگە

(٤)
ڕستەی سەرسوڕمان

/ئـ/

١. کەریم خانی زەند چ پێشەوایەکی دادخوازبوو!

٢. کوردستان چەند خۆشە!

٣. بۆچی پاك‌وخاوێنیی شارەکەت ناپارێزیت![١]

٤. شینە شاهۆ باڵندەیەکی جوانە!

٥. نەشمیلێ هۆزانەك ڤەهاند!

/ب/

١. ئای! ئەوە لێرە دانیشتوون.

٢. ئاخ! نەسەرمان ما، نە ماڵ.

٣. مخابن! چاوم بە هاوڕێکەم نەکەوت.

٤. ئۆف! سەرێ من چەند دئێشیت!

٥. ئافەرین! بە یەکەم دەرچوویت.

٦. ئۆخەی! لە دەست دەرەبەگ ڕزگارمان بوو.

---

[١] دەکرێت ڕستەی سەرسورمان بە وشەی پرس دروستبکرێت، ئەوکات پێویستی بە وەڵام نابێت.

خستنەڕوو:

١. ئەگەر بڕوانینە ڕستەکانی ڕیزی یەکەم دەبینین، هەموویان ڕستەی پرسن‌و هەستێکی تایبەتیان تێدایە، بەڵام چونکە لە پرسەکانیاندا پێویستیان بە وەڵام نییە، ئانکۆ چاوەڕێی دەستنیشانکردنی مەبەست لە گوێگر ناکرێت‌و لە جیاتی نیشانەی پرس (؟) لە نووسیندا نیشانەی سەرسوڕمان (!) لە کۆتایی ڕستەدا دادەنرێت، پێی دەگوترێت (ڕستەی سەرسوڕمان).

٢. ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی ڕیزی دووەم دەبینین، هەر یەکەیان وشەیەکی تێدایە، بەهۆی ئەو پەیڤەوە هەستێکی تایبەتی (خۆشی، ناخۆشی، سەرسوڕمان) لە ڕستەدا بەدیدەکرێت.

ئـ- لە ڕستەی یەکەمدا بەهۆی وشەی (ئای)ەوە هەستی مەندەهۆشی بەدیدەکرێت.

ب- لە ڕستەی دووەم‌و سێیەم‌و چوارەمدا بە هۆی پەیڤەکانی (ئاخ، ئۆف، مخابن)ەوە هەستی ناخۆشی دەێتە دیارکرن.

پ- لە ڕستەی پێنجەم و شەشەمدا بەهۆی وشەکانی (ئافەرین، ئۆخەی) هەستی خۆشی بەدیدەکرێت.

دەستور:

ڕستەی سەرسوڕمان ئەو ڕستەیەیە هەستێك یا سۆزێكی تێدایە بە هۆی پەیڤی (پرس) یا پەیڤی (سەرسوڕمان)ەوە پێك دێتو بە ئاوازێكی تایبەتییەوە دهێتە دەربڕین. لە ڕستەی سەرسووڕماندا چاوڕێی بەرسڤ ناكرێت، لە نووسیندا لە جیاتی نیشانەی پرس (؟) نیشانەی سەرسووڕمان (!) دادەنرێت.

زۆربەی پەیڤەكانی سەرسووڕمان لە زمانی كوردیدا ئەمانەن:

(ئای، ئاخ، ئۆف، مخابن، ئافەرین، بژی، ئۆخەی... هتد).

ڕاهێنانی (١)

ڕستەی سەرسوڕمان لەمانەی خوارەوە دروست بكە:

(گولێكی جوان، قارەمانێك، بەلایەكی گەورە، نەمانی زۆرداری، سەركەفتنا پێشمەرگەی)

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ڕستانەی خوارەوە بە پەیڤێكی سەرسوڕمان پڕبكەوە:

١. ....! ئەوە تەواوتكرد.
٢. ....! ل گەل مە نەهات.
٣. .... ڤێرە چەند جهەكێ خۆشە!
٤. .... چەند ماندوو بووم!
٥. .... چۆن پیاوێك بوو!

ڕاهێنانی (٣)

ئەمانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

(ئۆخەی!، بژی!، ئای!، ئافەرین!، ئۆف!)

ڕاهێنانی (٤)

١.شلۆڤەکردن:

ئای! کاوە کەوت.

ئای: وشەی سەرسوڕمانە.

کاوە: ناوە، تایبەتییە، سادەیە، بکەرە.

کەوت: کاری ڕابردووە، تێنەپەڕە.

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

ئ- گوڵەکە چەند جوانە!

ب- ئۆخەی! بە یەکەم دەرچوویت.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
دادخواز	دادپەروەر
هیوا	هێڤی، ئومێد
بەدی	دیار، ئاشکرا
سەرسوڕمان	مەندەهۆشی، سەرسام، حەپەسان
منداڵ	زارۆك
هۆزان	شیعر
ڤەهاند	هۆنییەوە
شینەشاهۆ	جۆرێکی گەورەی بازە

بنچینەکانی ڕستە

ئـ- (بکەر- کاری تەواو)

١. دلۆڤان دچیت بۆ قوتابخانە.

٢. فەرهاد دانیشت.

٣. ڕەزڤانی زەڤی ئاڤدا.

٤. باران باری.

٥. کەوەکە دەفڕێت.

٦. دارای سێڤ خار.

ب- (نیهاد- کاری ناتەواو)

١. دایکا وان دڵسۆز بوو.

٢. سەردار تۆلازەکێ[1] ڕەوشنبیرە.

٣. پاڵتۆکە بۆ ژیلە دەبێت.

٤. فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی هەژار بەسوودە.

٥. قوتابییەکە دەبێت بە پزیشك.

٦. زڤستان سارە.

---

[1]- تۆلاز: لاو، گەنج

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەبینین هەر ڕستەیەك لە دوو بەش پێکهاتووە، ئەگەر یەکێکیان لاببەین شێرازەی ڕستەکە تێکدەچێتو لە مەبەستەکەی ناگەین. بۆ نمونە: لە ڕستەی (دلۆڤان دچیت بۆ قوتابخانە) ئەگەر وشەی (دچیت) لابدەین، ئەوی دیکەیان بە تەنیا ناتوانێت مەبەستی ڕستەکە بدات بە دەستەوە، هەروەها ڕستەکانی دیکەش، بەمەدا بۆمان دەردەکەوێت کە هەموو ڕستەیەك لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت، ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی تەواوبوو، بنچینەی ڕستەکە بەم شێوەیە دەبێت: یەکێکیان (بکەر)ەو ئەوەی تریان (کار)ە. وەکو لەمەولا ڕوونی دەکەینەوە.

١. لە ڕستەی (دلۆڤان دچیت بۆ قوتابخانە) وشەی دلۆڤان ناوە، (بکەر)ە چونکە کارێکی کردووە، وشەی دچیت (کار)ە چونکە کردەوەیەکی پیشانداوە، کە دلۆڤان کردوویەتی.

٢. لە ڕستەی (فەرهاد دانیشت). وشەی فەرهاد ناوە، (بکەر)ە چونکە کارێکی کردووە، وشەی دانیشت (کار)ە چونکە کردەوەیەکی پیشانداوە، کە فەرهاد کردوویەتی.

٣. لە ڕستەی (ڕەزڤانی زەڤی ئاڤدا) وشەی ڕەزڤان ناوە، (بکەر)ە چونکە کارێکی کردووە، وشەی ئاڤدا (کار)ە چونکە کارێکی پیشانداوە کە ڕەزڤان کردوویەتی.

٤. له ڕستەی (باران باری). وشەی باران ناوە، (بکەر)ە چونکە کارێکی دراوەتە پاڵ، وشەی باری (کار)ە چونکە کارێکی پیشانداوە کە دراوەتە پاڵ باران.

٥. له ڕستەی (کەوەکە دەفڕێت). وشەی کەوەکە ناوە، (بکەر)ە چونکە کارێکی کردووە، وشەی دەفڕێت (کار)ە چونکە کارێکی پیشانداوە، کە کەوەکە کردوویەتی.

٦. له ڕستەی (دارای سێڤ خار) وشەی دارا ناوە، (بکەر)ە چونکە کارێکی کردووە.

وشەی خار (کار)ە چونکە کارێکی پیشانداوە، کە دارا کردوویەتی:

کەوابوو: لە ڕستەی کاری تەواو، ڕستە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت بنچینەی یەکەم (بکەر)ەو بنچینەی دووەم (کار)ە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ب) دەبینین، کە هەر ڕستەیەك لە دوو بەش پێکهاتووە. یەکێکیان لا ببەین شیرازەی ڕستەکە تێکدەچێتو لە مەبەستەکەی ناگەین، هەموو ڕستەیەك لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت. ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی ناتەواو بوو بنچینەکانی، یەکێکیان نیهادەو ئەوەی تریان گوزارەیە وەکو لەم ڕستانەدا دەردەکەوێت.

١. له ڕستەی (دایکا وان دڵسۆز بوو) وشەی (دایك) ناوە، نیهادە، چونکە سیفەتێکی دراوەتە پاڵ، وشەی (بوو) کاری ناتەواوە، بە یاریدەی وشەی (دڵسۆز) بووە بە گوزارەو سیفەتێکی داوەتە پاڵ دایك.

٢. لە ڕستەی (سەردار تۆلازەکێ ڕەوشەنبیرە). وشەی سەردار ناوە، نیهادە، چونکە سیفەتێکی دراوەتە پاڵ، وشەی (ە) کاری ناتەواوە بە یاریدەی وشەی (ڕەوشنبیر) بووە بە گوزارەو سیفەتێکی داوەتە پاڵ سەردار.

٣. له ڕستەی (پاڵتۆکە بۆ ژیلە دەبێت) وشەی (پاڵتۆکە) ناوە، نیهادە چونکە هەواڵێکی دراوەتە پاڵ، وشەی (دەبێت) کاری ناتەواوە بە یاریدەی وشەی (بۆ ژیلە) بووە بە گوزارەو هەواڵێکی داوەتە پاڵ (پاڵتۆکە).

٤. لە ڕستەی (فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەی هەژار بە سوودە). وشەی (فەرهەنگ) ناوە، نیهادە، چونکە سیفەتێکی دراوەتە پاڵ، وشەی (ە) کاری ناتەواوە بە یاریدەی وشەی (بەسوود) بووە بە گوزارە سیفەتێکی داوەتە پاڵ فەرهەنگ.

٥. له ڕستەی (قوتابییەکە دەبێت بە پزیشك). وشەی (قوتابییەکە) ناوە، نیهادە، چونکە هەواڵێکی دراوەتە پاڵ، وشەی (دەبێت) کاری ناتەواوە، بە یاریدەی وشەی (پزیشك) بووە بە گوزارەو هەواڵێکی داوەتە پاڵ قوتابییەکە.

٦. له ڕستەی (زڤستان سارە). وشەی (زڤستان) ناوە، نیهادە، چونکە سیفەتێکی دراوەتە پاڵ، وشەی (ە) کاری ناتەواوە بە یارمەتی وشەی (سار) بووە بە گوزارەو سیفەتێکی داوەتە پاڵ (زڤستان).

کەوابوو: لە ڕستەی کاری ناتەواودا بنچینەکانی ڕستە بریتین لە (نیهاد، گوزارە).

دەستور:

ڕستە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت ئەگەر یەکێکیان لابرێت ڕستە تێکدەچێتو لە مەبەستەکەی ناگەین.

ئ- ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی تەواوبوو، بنچینەکانی ڕستە بریتین لە (بکەر، کار).

ت- ئەگەر کاری ڕستەکە کارێکی ناتەواوبوو، بنچینەکانی ڕستە بریتین لە (نیهاد، گوزارە).

بکەر: ئەو کەسەیە یا ئەو شتەیە، کە لەڕستەدا کارێکی کردووە، یان کارێك دەکات، یا کارێکی دەدرێتە پاڵ.

کار: ئەوەیە، کە کردەوەیەك پیشاندەداتو دەدرێتە پاڵ کەسێك یا شتێك، لە کاتێکی دیاریکراودا.

نیهاد: ئەو ناوەیە یا ئەو جێناوەیە، کە لەڕستەدا هەواڵێك یا سیفەتێکی دەدرێتە پاڵ بەڵام بە هیچ کارێك هەڵناستێت.

گوزارە: بریتییە لە کاری ناتەواو بە یارمەتی وشەیەکی دیکە هەواڵێك یا سیفەتێك دەداتە پاڵ نیهاد.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا بنچینەکانی ڕستەو جۆرەکەی دیاربکە:

١. نێرگز کولیکەکا سپییە.

٢. باخەوان گوڵ دەچێنێت.

٣. کۆچەرێن جافان[1] دچنە زۆزانان.

٤. ئاوەکە دەبێت بە سەهۆڵ.

٥. هەنگ شیلەی گوڵ دەمژێت.

٦. ڕاستی سەردەکەوێت.

ڕاهێنانی (٢)

پێنج ڕستە بهێنەوە بە مەرجێك بنچینەی سێیانیان (بکەرو کار) بێتو بنچینەی دووانیان (نیهادو گوزارە)بێت.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم کارانە لەناو بۆشاییەکانی خوارەوە دابنێ:

(پشکوت، بەزاند، درێژکرد، ڕاگەیاند، دەست پێکرد، گرتەوە، هاتن)

گەلی کوردستان شێرانە ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری (١٩٩١)ز .... هێزی شەڕی .... مـوژدەی سەرکەوتنی .... غونچەی ئازادی کە بە خوێنی شەهیدان ئاودرابوو دەمی .... کامەرانی هەموو لایەکی .... پەرلەمانو حکومەتی کوردستان ....ە کایەوە.

---

(١)جاف: خێڵێکی کوردە

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانەی خوارەوە شلۆڤەبکە:

١. شەرمین دەچێت بۆ قوتابخانە.

٢. بەهاری کوردستان ڕەنگینە.

(وانەی یازدەهەم)

کار

ئـ- کاری تەواو

١. کاوەی ئاسنگەر شۆڕشی لە دژی زۆرداری بەرپاکرد.

٢. گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێتەوە.

٣. کورد بە ئازادی ئەندامانی پەرلەمانی هەڵبژارد.

٤. شرینیێ پەز دۆشی.

٥. ئێوەی تێکۆشەر سەردەکەون.

٦. ئاراسی ماسی دناڤ گۆمێدا گرت.

ب- کاری ناتەواو

١. دراوی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە.

٢. ئاگر نیشانەی جەژنی نەورۆزە.

٣. گوڵە سپییەکە جوان بوو.

٤. ئاوی گۆزەکە سارد بوو.

٥. دیارییەکە بۆ تاڤان دەبێت.

٦. دیار دەبێت بە مامۆستا.

خستنەڕوو:

لەوانەی پێشوودا خوێندمان کە ڕستە لەسەر دوو بنچینە پێکدێت ئەویش (بکەر، کار)ە، ئەگەر سەیری ڕستەکانی بەشی (ئـ) بکەین، دەبینین هەموویان لەسەر ئەو دوو بنچینەیە پێکهاتوونو هەر یەکێکیان، واتاو مەبەستی تەواو دەدات بە دەستەوە.

ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ئـ) دەبینین (بەرپاکرد، دەڕوێتەوە، هەڵبژارد، دۆشی، سەردەکەون، گرت) هەموویان کارنو هەر یەکەیان کردەوەیەکیان پیشانداوە یان پیشانیدەدنو دراونەتە پاڵ کەسێك، کە(بکەر)ەکەیەتی، هەروەها هەر یەکەیان بە تەنیا مانای تەواوو سەربەخۆیان هەیە، بۆیە بەو کارانە دەگوترێت کاری تەواو و (نەلکاون بە وشەی دیکەوە).

جا ئەگەر سەرنج بدەینە ڕستەکانی بەشی (ب)، دەبینین (ە) لە ڕستەی یەکەمو دووەمدا (بوو) لە ڕستەی سێیەمو چوارەمداو (دەبێت) لە ڕستەی پێنجەمو شەشەمدا، هەر یەکەیان ڕوودانێکیان پیشانداوە یان پیشانی دەدەن، بەڵام هەر کارێك لەم کارانە بە تەنیا واتای تەواو نابەخشێت، بەڵکو پێویستی بە یارمەتی وشەیەکی دیکە هەیە بۆ ئەوەی واتاکەی تەواو واتادار بێت یان بڵێین وەکو کار ئەرکی خۆی ببینێت، بۆیە بەو کارانە دەگوترێت کاری ناتەواو.

دەستور:

ڕستە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت، بنچینەی یەکەم: بکەرەو بنچینەی دووەم: کارە، کاریش دوو جۆرە:

ئـ- کاری تەواو: ئەو کارەیە کە بەبێ یاریدە، کردەوەیەك پیشاندەدات‌و دراوەتە پاڵ کەسێك یا شتێك، کە (بکەرە)کەیەتی‌و مانای تەواو و سەربەخۆی هەیە، پێویستی بە وشەیەکی دیکە نییە.

ب- کاری ناتەواو: ئەو کارەیە کە کردەوەیەك پیشاندەدات بەڵام بە یاریدەی وشەی دیکە دەتوانێت هەواڵێك یان سیفەتێك بداتە پاڵ نیهادەکەی.

کاری ناتەواویش لە سێ شێوەو تافدا خۆی دەنوێنێت:

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا (کاری تەواو– کاری ناتەواو) دەربهێنە:

١. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

٢. پێشمەرگە بە قوربانیدان کوردستانی ڕزگارکرد.

٣. درۆزن دوژمنی خوایە.

٤.ماڵی ئێوە خۆشبوو.

٥. ڕێوی دەمی نەدەگەیشتە ترێ دەیگوت ترشە.

٦. چەم بێ چەقەڵ نابێت.

٧. دەوڵەمەندی بە دڵە بە ماڵ نییە، گەورەیی بە عەقڵە بە ساڵ نییە.

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستەیە: ئەسپە سپییەکە جوانە.

١. کاری ڕستەکە دەربهێنە، چ جۆرێکە؟ لە چ دەمێکدایە؟

٢. کاری ڕستەکە بگۆڕە بۆ دەمی ڕابردوو پاشان ڕستەکە بنووسەوە.

٣. کاری ڕستەکە بگۆڕە بۆ دەمی ڕانەبردوو (داهاتوو) پاشان ڕستەکە بنووسەوە.

ڕاهێنانی (٣)

لەم وشانەی خوارەوەدا، کاری تەواو و ناتەواو جیابکەرەوە، لەدواییدا بیانخەرە ڕستەوە.

(دەوەرێت، بوو، گریا، دەبێت، ە، فیشکاندی)

ڕاهێنانی (٤)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. کتێبەکانت خاوێن ڕابگرە.   (کاری ناتەواو، جێناو، ئامراز)

٢. دیمەنی ڕەشماڵی کورد دڵگیرە. (ئامراز، کاری ناتەواو، جێناو)

٣. برنجەکە خوسابوو.   (کاری ناتەواو، کاری تەواو، هاوەڵناو)

٤. دار بە گەورەیی ناچەمێتەوە.   (کاری ناتەواو، پاشگر، جێناو)

٥. ڕەشەبای سلێمانی بەهێزە.   (ئامراز، کاری ناتەواو، پاشگر)

٦. .چیرۆکەکە بەسوود بوو.   (کاری ناتەواو، کاری تەواو، کاری یاریدەدەر)

ڕاهێنانی (٥)

١. شلۆڤەکردن:

منداڵەکە پێدەکەنێت.

منداڵەکە: ناوە، ناسراوە، بکەرە.

پێدەکەنێت: کاری ڕانەبردووە، تێنەپەڕە.

ێت: جێناوی لکاوە، بۆ کەسی سێیەمی تاك بۆ بکەر دەگەڕێتەوە.

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە :

١. ترێ پێگەیشت.

٢. سێوەکە مزر بوو.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
پەز	مێگەل، مەڕو بزن
دناڤ گۆمێدا	لە ناو گۆماوەکەدا
نەدەگەیشت	نەدگەهشتیَ
چەقەڵ	ئاژەلێکی کێوییە لە ڕەگەزی سەگە
گەورەیی	مەزناتی
پێگەیشت	پێگەهی
خوسابوو	نەرم بوو

(ديارخەری ناو- تەواوكەری كار)

١. دايكی شەهيد فرمێسكی خوێنين دەڕێژێت.

٢. برادەری ئازاد بە يەكەم دەرچوو.

٣.هەڤالىٚ من بلەز هات.[١]

٤. قوتابيی زيرەك هۆنراوەكان لەبەردەكات.

٥. مرۆڤێت باش لە تەنگاڤيادا دەردكەڤن.

٦. مامۆستای ئێوە كتێبەكان دابەشدەكات.

٧. ولاٚتەكەمان بە زانست پێشدەكەوێت.

٨. برايىٚ تە چيرۆك نڤيسيە.

٩. مە كتێب ژ وی وەرگرت.

١٠. دەشتا هەڤلێرىٚ ب پيتە.

(١) بلەز هات: خێراهات، بەپەلە هات.

خستنەڕوو:

پێشتر ئەوەمان زانی کە ڕستە لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێت. (بکەر، کار) یا (نیهاد، گوزارە)، ئینجا ئەگەر سەیری ڕستەکان بکەین، دەبینین:

١. پەیڤی(دایك، برادەر، هەڤال، قوتابی، مرۆڤ، مامۆستا، وڵات، برا، مە). هەر یەکیان لەو شوێنەدا ئەرکی بکەر دەبینێت، وشەی (دەشت) دەوری نیهادی بینیوە.

٢. پەیڤی (دەڕێژێت، دەرچوو، هات، لەبەردەکات، دەردکەڤن، دابەشدەکات، پێشدەکەوێت، نڤیسییە، وەرگرت)، هەموویان کاری تەواون و(ە) کاری ناتەواوە.

٣. لەم ڕستانەدا بێجگە لە بنچینەکانی ڕستە هەندێك وشەی دیکە دەبینرێت ئەمانە تەواوکەرن بۆ تەواوکردنو زیادە واتای دیکە هێنراونەتە ناو ڕستەکانەوە.

١- لە ڕستەی (دایکی شەهید فرمێسکی خوێنین دەڕێژێت)،

وشەی (شەهید) ناوە، دیارخەری ناوی (دایك)ە، چونکە واتای وشەی دایکی تەواوکردووە کە (بکەر)ە، پەیڤی (فرمێسك) ناوە تەواوکەری کاری (دەڕێژێت)ە واتە بەرکارە، چونکە واتای کارەکەی تەواو کردووەو کاریگەری کارەکەشی کەوتۆتە سەر. وشەی (خوێنین) هاوەڵناوە دیارخەری ناوی (فرمێسك)ە، چونکە واتای وشەی فرمێسکی تەواو کردووە.

٢– لە ڕستەی (برادەری ئازاد بە یەکەم دەرچوو)،

وشەی (ئازاد) ناوە دیارخەری ناوی برادەرە، چونکە واتای وشەی (برادەر)ی تەواوکردووە کە (بکەر)ە. وشەی (بەیەکەم) هاوەڵکارە تەواوکەری کاری (دەرچوو)ە، چونکە واتای کارەکەی زیاتر ڕوون کردۆتەوە.

٣– لە ڕستەی (هەڤاڵێ من بلەز هات)،

وشەی (من) جێناوە، دیارخەری ناوی (هەڤاڵ)ە چونکە واتای وشەی (هەڤاڵ)ی تەواوکردووە کە (بکەر)ە، وشەی (بلەز) هاوەڵکارە تەواوکەری کاری (هات)ە چونکە واتای کارەکەی زیاتر ڕوون کردۆتەوە.

٤– لە ڕستەی (قوتابیی زیرەك هۆنراوەکانی لەبەردەکات)،

پەیڤی (زیرەك) هاوەڵناوە، دیارخەری ناوی قوتابییە، چونکە واتای وشەی قوتابی تەواو کردووە کە (بکەر)ە وشەی هۆنراوەکان ناوە تەواوکەری کاری (لەبەر دەکات)ە، واتە بەرکارە، چونکە واتای کاری (لەبەردەکات)ی تەواو کردووەو کاریگەرییەتی کارەکەشی کەوتۆتە سەر.

٥– لە ڕستەی (مرۆڤێت باش ل تەنگاڤیادا دەردکەڤن)،

وشەی باش هاوەڵناوە دیارخەری ناوی (مرۆڤ)ە، چونکە واتای وشەی (مرۆڤ)ی تەواوکردووە کە (بکەر)ە. وشەی (ل تەنگاڤیادا) هاوەڵکارە تەواوکەری کاری (دەردکەڤن)ە، چونکە واتای کارەکەی تەواوکردووە.

٦- له ڕسته‌ی (مامۆستای ئێوه کتێبه‌کان دابه‌ش ده‌کات)،

وشه‌ی ئێوه جێناوه دیارخه‌ری ناوی مامۆستایه، چونکه واتای وشه‌ی (مامۆستا)ی ته‌واوکردووه که (بکه‌ر)ه. وشه‌ی (کتێبه‌کان) ناوه، ته‌واوکه‌ری کاری (دابه‌شده‌کات)ه. واته به‌رکاره، چونکه واتای کاره‌که‌ی ته‌واوکردووه‌و کاریگه‌ری کاره‌که‌شی که‌وتۆته سه‌ر.

٧- له ڕسته‌ی (وڵاته‌که‌مان به زانست پێش ده‌که‌وێت)،

وشه‌ی (مان) جێناوه، دیارخه‌ری ناوی (وڵات)ه چونکه واتای وشه‌ی (وڵات)ی ته‌واوکردووه که (بکه‌ر)ه. وشه‌ی (زانست) ناوه ته‌واوکه‌ری به یاریده‌ی کاری (پێشده‌که‌وێت)ه، چونکه واتای کاره‌که‌ی به یارمه‌تی ئامرازی په‌یوه‌ندی (به) زیاتر ڕوون کردووه‌ته‌وه.

٨- له ڕسته‌ی (برایێ ته چیرۆك نڤیسییه)،

وشه‌ی (ته) جێناوه، دیارخه‌ری ناوی (برا)یه، چونکه واتای وشه‌ی (برا)ی ته‌واوکردووه، که (بکه‌ر)ه. وشه‌ی (چیرۆك) ناوه، ته‌واوکه‌ری نڤیسییه، واته به‌رکاره چونکه واتای کاره‌که‌ی ته‌واوکردووه‌و کاریگه‌ریی کاره‌که‌شی که‌وتۆته سه‌ر.

٩- له ڕسته‌ی (مه کتێب ژ وی وه‌رگرت)،

وشه‌ی کتێب ناوه ته‌واوکه‌ری کاری (وه‌رگرت)ه، واته به‌رکاره چونکه واتای کاره‌که‌ی ته‌واوکردووه‌و کاریگه‌ری کاره‌که‌شی که‌وتۆته سه‌ر، وشه‌ی (وی) جێناوه ته‌واوکه‌ری به یاریده‌ی کاری (وه‌رگرت)ه، چونکه

واتـــای کارەکـــەی بـــە یارمـــەتی ئـــامرازی پەیوەنـــدی (ژ) زیـــاتر ڕوونکردووەتەوە.

١٠- لە ڕستەی (دەشتا هەڤلێرێ بەپیتە)،

وشـەی هـەڤلێرێ نـاوە، دیارخـەری نـاوی (دەشـت)ە، چـونکە واتـای وشـەی (دەشت)ی تەواوکردووە کـە نیهـادە، وشـەی (بـەپیت) هاوەڵنـاوە تەواوکـەری کاری ناتەواوی (ە)یە.

دەستور:

تەواوکەر: ئەو وشەیەیە یان ئەو وشانەیە کە لەڕستەدا دەبینرێن بێجگە لە بنچینەکانی ڕستە (بکەرێکار).

تەواوکەر دوو جۆرە:

ئـ- دیارخەری ناو: بریتییە لە (ناو، جێناو، هاوەڵناو)

ب- تەواوکـەری کـار: بریتییـە لـە (بـەرکار، تەواوکـەری بەیاریـدە) هـەروەها هاوەڵکاریش دەگرێتەوە.



ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەی خوارەوەدا دیارخەری ناو و تەواوکەری کار دەربهێنە:

١. مرۆڤی زانا پێشدەکەوێت.

٢. چیاکانی کوردستان بەرزن.

٣. بارام گۆڤارەکەی هێناوە.

٤. پار چووین بۆ سەیران.

٥. بازنێ زێڕ ب نرخە.

٦. دارا کتێبەکەی لە کتێبخانە کڕی.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم وشانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە بە مەرجێك جارێك ببنە دیارخەری ناو، جارێك ببنە تەواوکەری کار:

(ڕەز، گوڵ، چێشت، بەپەلە، زانست، کارگە، ڕووبار)

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. برای ئاری کتێب دەفرۆشێت.

٢. دارڤان داران دبڕێت.

٣. دیار گۆڤاری لە کتێبخانە وەرگرت.

- نــاو -

ئەم پارچە پەخشانە بخوێنەوە:

(سەرەتای بەهار بوو، تازە گوڵ و لالەی ئەو دەشت و دەرە سەریان دەرهێنابوو، بەدەم شنەبای فێنك پێدەكـەنین. نێرگـزو بـەیبون و مێلاقـەو شـلێر ئـەو ناوەیـان خەملاندبوو. بەرخ و كاریلە دەمیان لە گیای بەهار نابوو، قاسپەی كەو لە ترۆپـك و قەد پاڵەكاندا دەنگی دەدایەوە، هەتاوی نەورۆزیی لە لوتكەی چیا بڵندەكەی ئەو بەر گوندەكەمان هەڵات. تیشكی زیوینی بەسەر بەفری لاپاڵی شاخەكاندا، بەسەر لالەزارو گوڵزاری ئەو ناوەدا پەخشكرد. كوڕو كچ، لاو و پیری گونـدێ مـە تێكـڕا خۆیان بۆ سەیرانی نەورۆز ئامادەكردبوو، دەستەو كۆمەڵ پێكڤە بەرەو سەیرانگای ناوچەكە دەچوون. خەڵك لە گوندەكانی دەوروبەریش ڕوویان لـەو سـەیرانگایە كرد، لەوێ هەموو بەیەك دڵ گۆرانی و ستران و سرودیان بۆ ئەو جەژنە نەتەوەییـە دەچڕاند، من و كاوەی برادەریشم ڕوومـان لـەوێكرد، شـایی و گۆڤەنـد دەسـتی پێكرد، سێپێی و شێخانی و سوسكەیی، سەماوەر لـە هـەموو لایـەك جۆشـدراو چـا خورایـەوە، دیسـان كـوڕو كچـێت گونـدیان دەسـتیان تێككـرتن و زەماوەنـدو هەڵپەڕكێ دەستی پێكردەوە، ئێڤارێ، هەموو بە دڵێكی پڕ لە خۆشی و شادی، بـە ئازادی و تەناهی بەرەڤ گوندێن خۆ گەڕانەوە، پاش ئـەوەی چـاویان بـە جـوانی بەهار گەشایەوە).

خستنەڕوو:

ئەگەر سەرنج بدەینە ئەڤ پارچە پەخشانە دەبینین پەیڤی وای تێدایە کە:

١. هەندێکیان ناوی گیاندارێك دیار دەکەن (ئاژەڵ بێ یان ڕووەك) وەك: (بەرخ، کاریلە، نێرگز، مێلاقە، شلێر).

٢. یان وشەی وا لەناو پەخشانەکەدا هەیە، کە ناون بۆ شتی بێ گیان وەك: (نان، سەماوەر، چا).

٣. هەندێ پەیڤی تێدایە کە ناون بۆ دیاریکردنی جێگاو شوێن وەك: (گوند، سەیرانگا).

٤. دیسان پارچە پەخشانەکە پەیڤی وای تێدایە کە ناوی کەسێکی دیارو تایبەتی پیشان دەدا وەك: (کاوە).

٥. هەر لەو پەخشانەدا جۆرە وشەی وا بەرچاو دەکەوێت کە بیرێك یان هەستێك پیشان دەدەن وەك: (خۆشی، شادی، ئازادی، تەناهی، جوانی).

بەم جۆرە هەر وشەیەك لەوانەی کە دەرمان خستن‌و پیشانمان دان بۆ دەربڕینی مەبەستێك بەکارمان هێناون، پێیان دەگوترێت (ناو).

دەستور:

ناو وشەیەکە بۆ ناونان و دیاریکردن و پیشاندانی گیاندارێك (مرۆڤ بێ، ئاژەڵ، یان ڕووەك) یان بێ گیانێك (شت بێ یان شوێن) یان بۆ بیرو مەبەستێك بەکاردێت.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستەو هۆنراوانەدا ناوەکان دەست نیشان بکە:

١. ڤی خورتی سەرێ مە بلندکر.

٢. من جوتیارم، من جوتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم
من بە ئارەق و ئەو بەتین
دامان ڕشتووە بناخەی ژین

٣. ئاگر نیشانەی جەژنی نەورۆزە.

٤. ئەو ئەرخەوانە جوانە — کە لە گردی سەیوانە
بەڕیزە ئەو کچانە — وەك قومری[1] دەوریان داوە.

٥. دلبەرێ ئیرۆ سەحەر ئاڤێتە جەرگێ من دوو دۆخ
یەك لسینە یەك لدل دا لەو ژ من تێن ئاخ و ئۆخ

---

(١) قومری: جۆرە کۆترێکی شینە.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم بۆشاییانە بە ناوێك پڕ بکەوە:

١. هەولێر .... هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عیراقە.

٢. هەنگ شیلەی ....دەمژێتو .... دروست دەکات.

٣. شانۆ .... ی گەلە.

٤. .... ئەندامێ دیتنێیە.

٥. ئاڤا .... ژ بەفرو بارانێ پەیدا دبیت.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ناوانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

(ڕاستی، هەنار، ڕەزڤان، برادۆست، هەڵەبجە)

ڕاهێنانی (٤)

١. شلۆڤەکردن:

بارام نووست.

بارام: ناوە، بکەرە

نووست: کارە، ڕابردووە، تێنەپەڕە

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. شیلان هات. ٢. شێروانی هەرمی خار.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
مێلاقە	جۆرە گوڵێکی چیاییە
ترۆپك	لوتکە، سەریێ چیای
قەدپاڵەکان	لاپاڵی چیای
پەخشکرد	بەلاڤکر ، بڵاوی کردەوە
خورت	لاو، گەنج، تۆلاز

(وانەی چواردەهەم)

جۆرەکانی ناو

ئـ- ناو لەڕووی ناوەڕۆکەوە

ناوی تایبەتی- گشتی- کۆمەڵ

لەوانەی پەروەردەی نیشتمانیدا مامۆستا گوتی:

(هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عیراق، ئانکو باشورا کوردستانێ، لەدوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ز گۆڕانێکی زۆری بە خۆوە دیت، ئەڤ هەرێمە لە پێنج پارێزگا پێك دێت، هەولێرو سلێمانیو کەرکوك و دهۆك و هەڵەبجە، چەند قەزایێکی دیکەش هەن کە بەشێکن لەو هەرێمە وەکو: خانەقین و شەنگارو بەدرە. لە ماوەی ئەو چەند ساڵەی ڕێڤەبەریا کوردی، گەلێك پرۆژەی ئاوەدانکردنەوە هاتنە جێ بەجێکردن. سەدان باژێرو گوندو دێ نۆژەن کرانەوەو سەر لەنوو هاتن ئاڤاکرن، سەدان کیلۆمەتر ڕێ و بان دروستکران. ژمارەیەکی زۆری کارگەو کارخانە کەوتنەوە گەڕ، بایەخدرا بە کاروباری چاندن و کنشوکاڵ بە ڤەژیاندنا سامانی ئاژەڵ و بەخێوکردنی مەڕو بزن و پەزو گاو چێڵ و مریشك. پەرلەمانی کوردستان و حکومەتی هەرێم ژی هاتن دامەزراندن. گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دەسەڵاتی گرتە دەست.

چەندین زانکۆی تازە لە هەولێرو سلێمانیو دهۆك و دەیان قوتابخانەو خاندنگە کرانەوە. نازدارا کچا من و سەربەستێ برایێ وێ لەم زانکۆیانە دەخوێنن. کۆمەڵی کوردەواری لە گەلێك لایەنەوە پێشکەفت. لەبەر هەندێ پێویستە بە دڵ و گیان ئەزموونی دیموکراتی گەلی خۆمان بپارێزین و هەموو ببین بە سەرباز بۆ پاراستنا ڤان دەستکەفتان).

خستنەڕوو:

ئەگەر بە وردی پەیڤەکانی مامۆستای پەروەردەی نیشتمانی بخوێنینەوە، دەبینین چەند ڕستەیەکی تێدایە وەکو:

١. ئەڤ هەرێمە لەپێنج پارێزگا پێکدێت هەولێرو سلێمانیو کەرکوکو دهۆك و هەڵەبجە.

٢. سەدان باژێرو گوند نۆژەنکرانەوەو سەر لەنوو هاتنە ئاڤاکرن.

٣. بایەخدرا بە کاروباری چاندنو کشتوکاڵو بە ڤەژیاندنا سامانی ئاژەڵو بەخێوکردنی مەڕو بزنو پەزو گاو چێڵو مریشك.

٤. نازدارا کچا منو سەربەستێ برایێ وێ لەم دوو زانکۆیە دخوینن.

٥. گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا دەسەڵاتی گرتە دەست.

دیسان ئەگەر بە وردی بەرێ خۆ بدەینە ڕستەکان دبینین:

لە ڕستەی یەکەمدا ناوی چەند شارێك هاتووە کە دەکەونە هەرێمی کوردستان وەك (هەولێر، سلێمانی، کەرکوك، دهۆك، هەڵەبجە) کە هەر یەك ژ وان، ناوە بۆ **شارێکی دیاریکراو و ناوەکە دەبێتە ناوی (تایبەتی).**

لە ڕستەی دووەمدا وشەی (باژێر، گوند، دێ) هەر یەکەیان ناوەو بەسەر هەموو گوندو دێو باژێرێکدا دابڕاوە، چونکە لە یەك ڕەگەزن، بۆیە ئەو جۆرە ناوانە پێیان دەگوترێت ناوی (گشتی).

لە ڕستەی سێیەمیشدا دیسان بێژەکانی (مەڕ، بزن، پەز، گا، چێڵ، مریشك)، کە جانەوەرو گیاندارن، ناوی گشتین، چونکە بۆ ڕەگەزی ئەو گیاندارانەو بۆ تاکە تاکەیان بەکار دێت.

لە ڕستەی چوارەمدا وشەکانی (نازدار، سەربەست) دوو ناون، کە بۆ دوو کەسی دیاری دەستنیشانکراو بەکارهاتوونو پێیان دەگوترێت ناوی (تایبەتی).

لە ڕستەی پێنجەمیشدا وشەی (گەل) لە ڕواڵەتدا تاکە، بەڵام لە ناوەرۆكو واتادا (کۆ)یە، چونکە بێژەکە تێکڕا ئەو هەموو کەسانە دەگرێتەوە کە پێکڤە پێیان دەگوترێت (گەل)، ئەو جۆرە ناوەش پێیدەگوترێت ناوی (کۆمەڵ).

دەستور:

ناو لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەکرێت بە سێ جۆر:

١. ناوی تایبەتی: ئەو ناوەیە کە بەتایبەتی بەکاردێت بۆ ناونانی کەسێك یان شتێك یان شوێنێکی دیاریکراو و تایبەت وەك:

(ئەڤین- شێرکۆ- نازدار- هەندرێن- مەتین- دهۆك- کەرکوك)

ناوی تایبەتیش بۆی هەیە:

ئـ- ناوی کەسان بێت، وەك: دارا، لاڤە، لەوەند، خوناڤ

ب- ناوی ڕوبارو چیاو شارو گوند بێت، وەك: سیروان، سەفین، کەرکوك، سۆربەش[١]

پ- ناوی وڵاتو میللەت بێت، وەك: کوردستان، ئازەری

---

[١] – سۆربەش: گوندێکە سەر بە پارێزگای هەولێرە

٢. ناوی گشتی: ئەو ناوەیە کە بۆ هەموو ئەو گیاندارو بێ گیانانە بەکاردێت کە خودانی یەك ڕەگەزن‌و ناوەکە بەسەر تێکڕاو بەسەر تاکە تاکەی ئەو ڕەگەزانە دابڕاوە. ئەو جۆرە ناوەش بۆی هەیە:

ئا- بۆ کەس بەکاربێت وەك: مامۆستا، کچ، کوڕ، دایك.

ب- بۆ ئاژەڵ‌و باڵندەو ڕووەك‌و میوە بەکاربێت وەك: شێر، گورگ، مـاین، هـرچ، پەز، کەو، کۆتر، مراوی، گەنم، جۆ، سێو، هەنجیر.

پ- بۆ شتان بەکاربێت (بێ گیان) وەك: بەرد، دار، چیا، ڕوبار، خانوو.

٣.ناوی کۆمەڵ: ناوێکە بە ڕواڵەت تاك پیشاندەدات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا واتای کۆ دەبەخشێت، ئەم جۆرە ناوەش بۆی هەیە:

ئـ- بۆ کۆمەڵە کەسێك بەکاربێت وەك: لەشکر، گـەل، میللـەت، هـۆز، دەسـتە، چین، تیرە.

ب -بۆ ژمارەیەك گیاندارو ڕووەك بەکاربێت، وەك: گاڕان، مێگەل، ڕەوە، گەلە، ڕان، گاگەل، ڕەڤد (ڕەڤدا گورگان)، ڕەز، چەپك، دەسك، قامك.

ڕاهێنانی (١)

جۆری ئەم ناوانە دیاربکە:

(پیاو، ژۆژک، قوتابی، جەژن، نێرگز، ئەحمەدی خانی، مێگەل، میللەت، زەردەشت)

ڕاهێنانی (٢)

لەم پارچە هۆنراوەیەدا ناوەکان دەست نیشان بکەو جۆرەکانیشیان دیاربخە.

بۆ ڕۆژی نەورۆز سێ چەپک — لە نێرگزو گوڵی ناسک
ئەکەم بە دیارییەکی جوان — بۆ گەلی کوردی قارەمان
گوڵاڵە سوورەی پارچەی دڵ — هی دڵێك کە کەوتە ژێر گڵ
دڵی ئەو لاوەی بۆ میللەت — جەڕانیان[1] لە گەردنیا پەت
چرای گیانیان کوژانەوە — شەماڵ جەستەی شەکانەوە
ئەم چەپکە گوڵەی من پێشکەش — بەوەی گڕ ئەگرێتە باوەش
بەو لاوانەی کە بۆ وەتەن — لە خەباتا پشوو نادەن
بۆ ژینی کورد بوون بە پێشەنگ — بوون بە مەشخەڵی شەوە زەنگ

---

(١) جەڕانیان لە گەردنیا پەت: پەتك ل گەردەنێ وی ئالاند.

ڕاهێنانی (٣)

ئه‌م بۆشاییانه‌ به‌ ناوێکی گشتی پڕ بکه‌وه‌:

١. باخه‌که‌مان .... ی جوانی تێدایه‌.

٢. چه‌م بێ .... نابێ.

٣. پێویسته‌ .... هه‌موو ساڵێك له‌وانه‌کانی ده‌رچێت.

٤. .... نه‌خۆشی بڵاو ده‌کاته‌وه‌.

ڕاهێنانی (٤)

وشه‌ هێڵ به‌ژێر داهاتووه‌کان له‌م ڕستانه‌دا شلۆڤه‌بکه‌:

١. ڕه‌زڤانی ڕه‌زێ خۆ ئاڤ دا.

٢. له‌شکر سنووره‌کانی وڵات ده‌پارێزێت.

٣. سێڤێن به‌رواری بناڤ و ده‌نگن.

٤. گوڵێکم بۆ مامۆستا برد.

٥. سلێمانی شاری هه‌ڵمه‌تو قوربانییه‌.

(وانەی چواردەهەم)

جۆرەکانی ناو

ب- ناو لەڕووی هەبوونەوە

ناوی بەرجەستەو ناوی واتایی

جوتیارێك گێڕایەوەو گوتی:

(ڕۆژەکە زۆر سارد بوو، هەوری ڕەش سەرتاپا ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیبوو، زەوی گەلەك تینوو بوو، ئارەزووی بارانی دەکرد، لە ناکاو کردی بە هەورە تریشقەو لێزمەی باران، جوتیارو شڤان و گاوان، کەوتنە خۆشی و شادی، چونکە کاتێك بەفرو باران زۆر بوو، کانیاو دەردەبن، ئاوی چەم و ڕووبار زۆر دەبێت، لە بەهاردا جوانی هەموو لایەکی سروشت دەگرێتەوە، خەم و پەژارە لە دڵ نامێنێت، هێزو وزە دەکەوێتە گیانی زیندەوەرو جانەواران. لەم وەرزەدا بەرهەمی ئاژەڵان زۆر دەبێت، وەك: ماست، پەنیر، فرۆ، لۆر، سەرتوو و نڤیشك).

خستنەڕوو:

لە خوێندنەوەی ئەم پارچە نووسینەدا چەند ڕستەیەک دێنە بەرچاو، وەک:

١. ڕۆژەکە سارد بوو، هەوری ڕەش سەرتاپا ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیبوو.

٢. لەم وەرزەدا بەرهەمی ئاژەڵان زۆر دەبێت، وەک: ماست، پەنیر، فرۆ، لۆر، سەرتوو و نڤیشك.

٣. لە ناکاو کردی بە هەورە تریشقەو لێزمەی باران، جوتیارو شڤانو گاوان کەوتنە خۆشیو شادی.

٤. لە بەهاردا جوانی هەموو لایەکی سروشت دەگرێتەوە، خەمو پەژارە لە دڵ نامێنێت.

ڕستەی یەکەم هەندێك ناوی تێدایە کە ئێمە لێرەدا مەبەستمانن ناوەکانیش بریتین لە (هەور، ئاسمان)، کە لەو ناوانەن بەر یەکێك لە هەستەکانی مرۆڤ[١] دەکەون ئەویش هەستی بینینە، لەبەر هەندێ پێیان دەگوترێت ناوی (بەرجەستە).

لە ڕستەی دووەمیشدا کۆمەڵە ناوێك هەن، کە هەر یەکەیان بەر هەستێك یا پتر لە هەستێکی مرۆڤ دەکەونو پێیان دەگوترێت ناوی بەرجەستە، وەک: ماست، پەنیر، فرۆ، لۆر، سەرتوو و نڤیشك.

ئەگەر لە ڕستەی سێیەم ڕامینێین، دەبینین ڕستەکە ژمارەیەك ناوی تێدایە، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە هەردوو ناوی (خۆشیو شادی)یە، کە لە خۆیاندا بوونی سەربەخۆیان نییە، ناکەونە بەر یەکێك لە پێنج هەستەکەی

[١] – پێنج هەستەکەی مرۆڤ ئەمانەن: (بینین، بیستن، گرتن، تامکردن، بۆنکردن)

مرۆڤ، بەڵکو تەنیا لە بیرو خەیاڵو هزردا بوونیان هەیە، ناوەکانی ئەم چەشنەش پێیان دەگوترێت ناوی (واتایی).

دیسان لە ڕستەی چوارەمدا ناوەکانی (جوانی، خەم، پەژارە) بەر ئەو جۆرە ناوانە دەکەون کە لەهزرو خەیاڵدا پەیدادەبنو بەر هیچ یەك لەو پێنج هەستەی کە مرۆڤ هەیەتی ناکەون، بۆیە بەوان ژی دەگوترێت ناوی (واتایی).

ناوی واتاییش دوو جۆری هەیە:

ئـ– ناوی واتایی بنجی، کە هەر لە بنەڕەتدا بۆ ئەم مەبەستانە بەکاردێن، وەك: خەم، هێز، وزە، هۆش، باوەڕ، ترس، مەرگ...هتد.

ب–ناوی واتایی دروستکراو، کە لە وشەیەك و بەیاریدەی پاشگرێك دروست دەکرێت، وەك: مێرانی، کوردینی، دۆستایەتی، پیاوەتی، ڕەشایی، مەزناتی، جوانی...هتد.

دەستور:

لە ڕووی هەبوونەوە ناو دوو جۆرە:

١. **ناوی بەرجەستە:** ئەو ناوەیە، کە بەر یەك لە پێنج هەستەکانی مرۆڤ دەکەوێت و بوونی مادی هەیە.

٢. **ناوی واتایی**[١]**:** ناوێکە لە خۆیدا بوونی مادی نییە، بەر هیچ یەك لە هەستەکانی مرۆڤ ناکەوێت، تەنیا لە بیرو خەیاڵدا پەیدا دەبێت، ئەویش دوو جۆرە:

ئـ- بنجی ب- دروستکراو.

---

[١] – لە زمانی کوردی هەموو چاوگێك ناوی واتاییە.

ڕاهێنانی (١)

ئەم ناوە واتاییانە لە ڕستەدا بەکاربێنە.

(مرۆڤینی، زیرەکی، برایەتی، جەنگ، ئاشتی)

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستانەدا ناوە واتاییەکان دەربهێنەو جۆرەکەیان پیشان بدە:

١. هەستی نەتەوایەتی پیرۆزە.

٢. کۆتری ئاشتی زۆر جوانە.

٣. هەمیشە تروسکەی هیوا ناکوژێتەوە.

٤. دووربینی پەشیمانی لەدوا نییە.

٥. خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە.

٦. خەو بۆ مرۆڤ پێویستە.

٧. تا مرۆڤایەتی مابێت، ژیان ناوەستێت.

ڕاهێنانی (٣)

لەم ڕستانەدا تەنها ناوە بەرجەستەکان دەربهێنە:

١. تریفە بەیانیان هێلکەو نڤیشك دەخوات.

٢. گەنمو جۆ دوو بەرهەمی زستانن.

٣. ل بەهاریێ خوناڤ [١] دکەفیتە سەر پەلکێت داران

٤. مەتینی دەستێ خۆ ب تەڤشوی [٢] بڕی.

٥. جوتیاری زەڤی کێلا.

---

(١) خوناڤ: خوناو، ئاونگ، شەونم.

(٢) ب تەڤشوی: بە تەشویێ.

ڕاهێنانی (٤)

١. شلۆڤەکردن:

کەوەکەی خەسرەو فڕی.

کەوەکە: ناوە، گشتییە، بەرجەستەیە، دیارخراوە، ناسراوە، بکەرە.

ی: ئامرازی دانەپاڵە.

خەسرەو: ناوە، تایبەتییە، دیارخەری ناوی (کەو)ە.

فڕی: کاری ڕابردووی نزیکە.

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. ترس مرۆڤ دەتۆقێنێت.

٢. خوێندەواری چرای ژیانە.

(وانەی پانزەهەم)

ئەرکی ناو لەڕستەدا

ڕستەکان:

١. پیرۆت نانی خوارد.

پیرۆتی نان خار.

٢. کوڕەکەی پیرۆت ئەندازیارە.

کوڕێ پیرۆتی ئەندازیارە.

٣. پیرۆتم لە شاری هەولێر دیت.

من پیرۆت ل باژێرێ هەولێرێ دیت.

٤. کتێبەکەم لە پیرۆت وەرگرت.

من کتێب ژ پیرۆتی وەرگرت.

٥. ئەمە پیرۆتە.

ئەڤە پیرۆتە.

کتێبەکە بۆ پیرۆت بوو.

٦. پیرۆت زیرەکە.

پیرۆت زیرەکە.

٧. پیرۆت خەڵات کرا.

پیرۆت هاتە خەلاتکرن.

خستنەڕوو:

ئەگەر سەیری ئەو کۆمەڵە ڕستەیە بکەین، ژمارەیەك ناومان دێتە بەرچاو وەك: (پیرۆت، نان، کوڕ، ئەندازیار، شار، باژێر).

ئەڤ ناوانە دەچنەوە سەر جۆرێك لەو جۆرانەی ناو، کە لەمەوپێش باسمان کردن. بەڵام لە ڕووی ئەو ئەرکەی کە بەو ناوانەمان سپاردووە، هەر یەکەیان ئەرك‌و کارێکی جودای هەیە، بۆ نمونە:

ناوی (پیرۆت) لە ڕستەی یەکەمدا کاری نان خواردنەکەی دراوەتە پاڵ، واتە کردەوەی خواردنی نانەکە لەلایەن پیرۆتەوە جێبەجێکراوە، لەبەر هەندێ ناوی پیرۆت بووە بە (بکەر). هەر ئەو ناوەی (پیرۆت) لە ڕستەی ژمارە دوودا ئەرکەکەی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە ئەگەر هەر ناوی (کوڕەکە)مان هێنابا، لەوانەبوو بپرسی کە کوڕەکە هی کێیە؟ بۆیە پیرۆت بووە بە دیارخەری ناوی (کوڕەکە) واتە بووە بە دیارخەری ناوێك کە نیهادە.

لە ڕستەی سێیەمیشدا دیسان ئەرکی (پیرۆت) گۆڕاوە، لڤێرێدا (پیرۆت) کەوتووتە بەر کاریگەری کاری تێپەڕی (دیت)و بووە بە (بەرکار) چونکە ئەگەر ناوی (پیرۆت)مان نەهێنابا، نەمان دەزانی کێ بینراوە.

لە ڕستەی ژمارە چواردا ناوی پیرۆت بە هۆی ئامرازی پەیوەندی (لە، ژ) بووە بە (تەواوکەری بەیاریدە).

ناوی (پیرۆت) لە ڕستەی پێنجەمدا بووە بە تەواوکەر بۆ کارێکی ناتەواو، کە ئەویش کاری ناتەواوی (ە)ی کاتی ئێستایە، بۆیە (پیرۆت) بووە بە (تەواوکەری کاری ناتەواو).

هەر ناوی (پیرۆت) لە ڕستەی ژمارە پێنجدا، بووە بە تەواوکەری کاری ناتەواو، کارە ناتەواوەکەش بۆ کاتی ڕابردوو (بوو)ە ، بۆیە (پیرۆت) بووە بە تەواوکەری کاری ناتەواو.

ناوی (پیرۆت) لە ڕستەی ژمارە شەشدا سیفەتێکی دراوەتە پاڵ، کە ئەویش زیرەکییە. کاری ڕستەکەش ناتەواوە، لەبەر ئەوە ناوی (پیرۆت) لێرەدا دەبێتە (نیهاد).

ناوی (پیرۆت) لە ڕستەی ژمارە حەوتدا، بووە بە جێگری بکەر، لەبەر ئەوەی بکەری ڕستەکە دیار نییە، کاری (خەڵاتکرا) دەبێتە بکەر نادیار و ناوی (پیرۆت) شوێنی بکەرەکە دەگرێتەوە.

کەواتە ناوی (پیرۆت) وەکو ناوێکی تایبەتی لەم ڕستانەدا حەوت ئەرکمان پێ سپاردووە، هەر وەك لە ڕستەکاندا ئاشکرا دیارن.

دەستور:

ئەركی ناو لە ڕستەدا بەپێی ئەو كارەی كە پێی دەسپێرێت لە گۆڕان دایە، بە گشتی ناو لە ڕستەدا دەبێتە:

١. **بكەر،** ئەگەر كارەكە لەلایەن ناوەكەوە جێبەجێبكرێت.
٢. **بەركار،** ئەگەر كاریگەری كارەكە یەكسەر بكەوێتە سەر ناوەكە، بە مەرجێك كاری ڕستەكە تێپەڕ بێت.
٣. **دیارخەری ناوێكی دیكە،** كە لەم بارەدا دبێژنێ (دیارخەری ناو).
٤. **تەواوكەر بەهۆی ئامرازێكی پەیوەندی، ئەو كاتە پێی دەگوترێت (تەواوكەری بە یاریدە)،** لەم بارەشدا پێتڤییە ئامرازێكی پەیوەندی بكەوێتە پێش ناوەكەو ناوەكە دەبێتە تەواوكەری بە یاریدە.
٥. **تەواوكەری كاری ناتەواو،** ئەگەر واتای كارە ناتەواوەكە تەواوبكات.
٦. **نیهاد،** ئەگەر هەواڵێك یان سیفەتێكی درایە پاڵ و كاری ڕستەكەش ناتەواو بوو.
٧. **جێگری بكەر،** ئەگەر كاری ڕستەكە كارێكی بكەرنادیار بوو.

ڕاهێنانی (١)

لەم ڕستانەدا ئەركی ئەو ناوانە پیشان بدە كە هێڵیان بەژێردا كێشراوە.

١. هاوین گەرمە.
٢. برام چوو بۆ دهۆك.
٣. شۆڕشڤانان دوژمن شكاندن.
٤. دەبێت شووشەی دەرمان پاك بێت.
٥. سەرداری وانە نڤیسی.
٦. كوڕێ سەرداری پزیشكە.

ڕاهێنانی (٢)

وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە:

١. پەپوولەکان ڕەنگاوڕەنگن. (نیهاد، بکەر، بەرکار)

٢. هێمنم لە کتێبخانە بینی. (بەرکار، تەواوکەری بەیاریدە، دیارخەری ناو)

٣. لوتکەی هەلگورد بەرزە. (نیهاد، بەرکارە، دیارخەری ناو)

٤. چیرۆکەکەی خوێندەوە. (بکەر، نیهاد، بەرکار)

ڕاهێنانی (٣)

بە ڕستە نمونە بۆ ئەم مەبەستانەی خوارەوە بهێنەوە:

١. ناوێکی تایبەتی ببێتە نیهاد.

٢. ناوێکی گشتی ببێتە تەواوکەری بەیاریدە.

٣. ناوێکی گشتی وەکو بەرکار بەکار هاتبێت.

٤. ناوێکی تایبەتی ببێتە تەواوکەری کاری ناتەواوی ئێستا.

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. کچا لەزگینی مامۆستایە.

٢. هەڤاڵم لە هەڵەبجە دیت.

(جێـناو)

ئ. جێناوی کەسی سەربەخۆ

(نیشتمان ئێمەی لە باوەشی خـۆی گرتـووەو لـەژێر سـێبەریدا مـن و تـۆ، بـە خۆشیو شادییەوە دەژین. کوردسـتان وڵاتـی دێرینـی کـوردە، بـاو و بـاپیرانی هـەموومان زادەی ئـەم خاکـە پـیرۆزەن، ئـەوان هـەر لەبەرەبـەیانی مێـژووی مرۆڤایەتییـەوە، لەسـەر خـاکی پـیرۆزی کوردسـتاندا دێو گونـدیان ئـاوەدان کردەوەو بە چاندنو کشتوکاڵەوە خۆیان خەریککردووە، لە مێژووی کوردسـتاندا پیاوی مەزنو پاڵەوان زۆرن. کـاوەی ئاسـنگەر نمونـەی تێکۆشـەری چەوسـاوەی میللەتەکەمانە. ئەو بە بازووی پۆڵایینو بە باوەڕی پڕ هێزی، شیا تـەختو بـەختی زوحاکی دکتاتۆر سەرنگون بکات. ئێـوە پێویسـتە شـارەزای پاڵـەوانانی مێـژووی گەلی خۆتان بنو ئەوان بکەن بە نمونەو بە پێشڕەو بۆ خۆتان).

خستنەڕوو:

لە خوێندنەوەی ئەم نووسینەدا هەندێ وشەی وامان بەرچاو دەکەوێت، کە شوێنو جێگای کەسێك یان چەند کەسانێکیان گرتووە، لە هەمان کاتیشدا واتای کەسەکە یان کەسەکانیان پیشانداوەو پەیوەندییان بە کەسانی دیکەوە ڕاگەیاندووە. بۆ نمونە لەم نووسیندا وشەی (من) بەرچاو دەکەوێت، کە لەجیاتی تاکە کەسێك بەکارهاتووە، کە ئاخێوەرەکەیە، واتە قسەکەرەو دەبێتە (کەسی یەکەمی تاك).

وشەی (ئێمە)ش بەرچاو دەکەوێت، کە ئەویش لە جێی ئەو کەسانە بەکارهاتووە، کە ئاخێوەرنو پێیاندەگوترێت (کەسی یەکەمی کۆ).

دیسان لە نووسینەکەدا وشەی (تۆ) دێتە بەرچاو، ئەویش لە جێی ئەو کەسە بەکارمان هێناوە، کە ڕووی قسەی تێدەکەینو لەگەڵیدا دئاخفین. ئەو ژی (کەسی دووەمی تاکە)، کە گوێگر ئانکۆ گۆهدارە.

هەر بەم جۆرە ئەگەر لە خوێندنەوەی نووسینەکە بەردەوام بین، وشەی (ئێوە) دەبینین، کە ئەویش جێناوی سەربەخۆی (کەسی دووەمی کۆ)یەو جێی ئەو کەسانە دەگرێتەوە، کە گفتوگۆیان لەگەڵدا دەکەینو دەبنە گوێگر یان گۆهدار.

وشەی (ئەو) کە هەر لە نووسینەکەدا دهێتە دیتن. بۆ ئەو کەسەمان بەکارهێناوە کە بزرەو بە کەسی سێیەمی تاك دهێتە ناسین، واتە جێناوی (ئەو) شوێنی کەسێك دەگرێتەوە، کە لەبەر چاو نییەو لێمانەوە دیار نییە،

کەچی دەبینین وشەی (ئەوان) بۆ چەند کەسێك بەکاردێت، کە لێمانەوە دیارنین‌و بزرن، ئەو کەسانەش بە (کەسی سێیەمی کۆ) ناو دەبرێن.

دەستور:

جێناوی کەسیی سەربەخۆ، ئەو وشانەن، کە سەربەخۆ دهێنە گۆتن ونووسین واتای کەسەکە یان کەسەکان پیشاندەدەن‌و پەیوەندییان بە کەسانی دیکەوە ڕوون دەکەنەوە. واتاکانیشیان ئاشکرایەو لە ئاخافتن‌و نووسیندا شوێنی کەسی یەکەم‌و دووەم‌و سێیەم بە تاك‌و کۆیانەوە دەگرنەوە. لە شێوازی کرمانجی خوارووودا ئەم جێناوانە ئەمانەن:

١. **من:** بۆ کەسی یەکەمی تاك.
٢. **ئێمە:** بۆ کەسی یەکەمی کۆ.
٣. **تۆ:** بۆ کەسی دووەمی تاك.
٤. **ئێوە:** بۆ کەسی دووەمی کۆ.
٥. **ئەو:** بۆ کەسی سێیەمی تاك.
٦. **ئەوان:** بۆ کەسی سێیەمی کۆ.

ڕاهێنانی (١)

جێناوێکی کەسیی سەربەخۆ لە سەرەتای هەر ڕستەیەك لەم ڕستانە دابنێ:

١. پێم وایە ئەمساڵ هەمووتان دەردەچن.

٢. کارەکان بە پوختی جێبەجێدەکەین.

٣. هەموو ڕۆژێك بەیانیان زۆر زوو لە خەو ڕادەبیت.

٤. خۆمان دەزانین کاروباری وڵاتەکەمان بەڕێوەببەین.

٥. کەی بە ئاواتی دێرینی خۆتان دەگەن؟

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستەیەدا، جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە تاکەوە بگۆڕە بۆ کۆ:

(من لە هەموو کەس زیاتر سودی تۆم دەوێت).

ڕاهێنانی (٣)

لەم ڕستانەدا، جێناوی کەسیی سەربەخۆی ڕاست هەڵبژێرە:

١. (من– ئەو) ئارەزووی گەشتیاری دەکات.

٢. (ئەوان– ئێمە) بە فڕۆکە دەچین بۆ پاریس.

٣. (تۆ– ئێوە) بخوێنن تا بە ئاوات دەگەن.

٤. (من– ئەوان) چاویان بە ئێوە کەوت.

٥. (ئەو– تۆ) پیاوی دوارۆژە.

ڕاهێنانی (٤)

جێناوە سەربەخۆکان دەربهێنە، ئەرکیان دیاربکە:

١. ئێمە نەوەی دوا ڕۆژین.

٢. کتێبەکەم لە ئەو وەرگرت.

٣. وڵاتی من خۆشەویستە.

٤. ئەوان ڕۆیشتبوون.

٥. مامۆستا ئێمەی خەڵاتکرد.

ب- جێناوی کەسی سەربەخۆ

١. **من سێڤەك خار.**

٢. **مە ئاگرێ نەورۆزێ لسەرێ چیایا هەلکر.**

٣. **تە نامە بۆ هەڤالێ خۆ نڤیسی.**

٤. **وە خەبات ژ بۆ ئازادییێ و سەرفرازییێ کر.**

٥. **وی بارەك ترێ برە دهۆکێ.**

٦. **وێ گەلەك چیرۆکێن کوردی بۆ مە گۆتن.**

٧. **وان ڕێزمانا کوردی خاند.**

خستنەڕوو:

ئەگەر لە ڕستەکان وردبینەوە دەبنین لە هەر ڕستەیەکدا وشەیەك هەیە، کە لەجێی ناوی ئەو کەسە یان ئەو کەسانە بەکارهاتووە کە کارەکەیان کردووە یان کارەکەیان دراوەتە پاڵ، وشەکان بە تەواوی جێی ناوەکانیان گرتووە. بۆیە پێیان دەڵێین (جێناوی کەسی سەربەخۆ).

١. لە ڕستەی یەکەمدا (من) لە جیاتی کەسی یەکەمی تاك بەکارهاتووە کە قسەکەرە.

٢. لە ڕستەی دووەمدا (مە) لە جێی کەسی یەکەمی کۆ بەکارهاتووە، کە قسەکەرە.

٣. لە ڕستەی سێیەمدا (تە) بۆ کەسی دووەمی تاك بەکارهاتووە کە گوێگر یان گۆهدارە.

٤. لە ڕستەی چوارەمدا (وە) بۆ کەسی دووەمی کۆ بەکارهاتووە، کە گوێگرە.

٥. لە هەردوو ڕستەی ژمارە پێنج‌و شەشدا، هەردوو وشەی (وی) و (وێ) بۆ کەسی سێیەمی تاك بەکاردێن، (وی) بۆ تاکی نێرو (وێ) بۆ تاکی مێ.

٦. لە ڕستەی حەوتەمدا وشەی (وان) بۆ کەسی سێیەمی کۆ بەکارهاتووە.

دەستور:

لـە کۆمەڵـە جێنـاوی (ب)دا کـە سـەر بـە شـێوەزاری کرمـانجی ژووروووە جێناوەکانی (من، مە، تە، وە، وی- وێ، وان) لە جێی نـاوی ئـەو کەسـە یـان ئـەو کەسانە بەکاردێن کە کارەکە دەکەن یان کارەکـەیان دەدرێتـە پاڵ. ئـەم کۆمەڵـە جێناوە لە هەردوو باری ئەرێنیو نەرێنیدا بەم جۆرە بەکاردێت:

١. لەگەڵ کاری هەبوون لە ڕابردوو و ڕانەبردوودا.

ئـ- من گۆڤار هەیە. — من گۆڤار نییە.(من نینە)

تە گۆڤار هەیە. — تە گۆڤار نییە. (تە نینە)

وی (وێ) گۆڤار هەیە. — وی (وێ) گۆڤار نییە. (وی نینە)

ب- من گۆڤار هەبوو. — من گۆڤار نەبوو.

تە گۆڤار هەبوو. — تە گۆڤار نەبوو.

وی (وێ) گۆڤار هەبوو. — وی (وێ) گۆڤار نەبوو.

٢. لەگەڵ کاری چاوگی(ڤیان)[1] لە هەموو دەمەکاندا (بە ئەرێنیو نەرێنی).

ڕابردوو:

من گۆڤار ڤیا. — من گۆڤار نەڤیا.

تە گۆڤار ڤیا. — تە گۆڤار نەڤیا.

ڕانەبردووی ئێستا (نهۆ):

من گۆڤار دڤێت. — من گۆڤار نەڤێت.

تە گۆڤار دڤێت. — تە گۆڤار نەڤێت.

---

[1] ڤیان: ویستن

٣. لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ بە هەموو جۆرەکانییەوە (بە ئەرێنیو نەرێنی):

من گۆڤار کڕی.	**من گۆڤار نەکڕی.**
تە گۆڤار کڕییە.	**تە گۆڤار نەکڕییە.**
وی (وێ) گۆڤار کڕیبوو.	**وی (وێ) گۆڤار نەکڕیبوو.**
مە گۆڤار دکڕی.	**مە گۆڤار نەدکڕی.**

ڕاهێنانی (١)

ئەڤ ڕستەیا ژێری دگەل هەمی جێناڤێن کەسی سەربەخۆ بەکاربینە:

من هندەك پارە ژ برایێ خۆییێ مەزن ستاند.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ڕستانە لە تاکەوە بکە بە کۆ:

١. تە ئەرکێ خۆ ب جهـ ئینا.

٢. من دگەل وی دەرس خاند.

٣. وێ دوهی ئازاد دیت.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. وی کۆترەك گرت.

٢. وان پەز چەراند.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتا
ئاخێوەر	قسەکەر، ئەو کەسێ کو دئاخڤی
کات	تاف
شیا	توانی
هەڤاڵ	هاوڕێ، برادەر، دۆست
سەرفراز	سەربڵند، سەربەرز

پ. جێناوی کەسیی سەربەخۆ

ئازادی گۆت (ئەز کوردمو ئەز وەلات پارێزم، تۆ ژی کـوردی، ژ بـەر هنـدێ پێدڤییە ئەم هەمی ب ئێك دل خزمـەتا نیشـتمانـێ خـۆ بکـەین، ئـەزو تـو، ئـەمو هوین، پێویستە بخوینین، چونکە وەلات تنێ ب زانستو زانیاریێ پـێش دکـەڤیت، برایـێ مـن ئەڤـە دوو سـالە ل دەرڤـەی کوردسـتانێیە، ئـەو خوانـدنا پزیشـکی لزانکۆیەکا بناڤ و دەنگ دخوینیت، قوتابییێت هەڤالێن وی زیـرەکن، ئـەو هـەمی زاناو شارەزانە).

خستنەڕوو:

گەلی کورد تێنووی زانستو زانیارییە، وڵاتیش هەر بەزانست پێشـدەکەوێت، لەبەر ئەوە پێویستە هەموو هەوڵو تێکۆشانمان بۆ فێربوونی زانسـتو زانیـاری تەرخان بکەین.

لـەم نووسـینەدا ژمارەیـەك جێناومـان بەرچـاو دەکـەوێت، کـە هەریەکـەیان جیٚو شوێنی کەسێکی یان چەند کەسێکی گرتووە.

جێناوی (ئەز) بۆ کەسی یەکەمی تاك بەکارهاتووە، کە ئەویش ئـاخێوەر یـا قسەکەرە.

جێناوی (تو) بۆ کەسی دووەمی تاك بەکارهاتووە، کە گوێگرە.

جێناوی (ئەو) لە دەقەکەدا بەدوو شێوە بەکارهاتووە، جارێکیان بۆ کەسـی تاکی نادیار یان بزر وەك لە ڕستەی ئەو (خویندنا پزیشکی ل زانکۆیەکی بناڤ و دەنگ ب دوماهی ئینایە) کە کەسی سێیەمی تاکە، جارێکیشـیان بـۆ کەسـانی نادیار، کە (کەسـی سـێیەمی کۆ)یـە وەك لـە ڕسـتەی (قوتابییێـت هـەڤالێن وی زیرەکن، ئەو زاناو شارەزانە).

دەستور:

لە کۆمەڵە جێناوی کەسیی سەربەخۆی (پ)دا کە ئەویش سەر بەشێوە زاری کرمانجی ژووروووە، جێناوەکان لە جیاتی کەسێك یان ژمارە کەسێك بەکارهاتوون، کە پێشتر ڕوونمان کردۆتەوە.

جێناوەکانی ئەم کۆمەڵە ئەمانەن:

١. ئەز کە جێی من دەگرێتەوە.
٢. ئەم واتە ئێمە
٣. تو واتە تۆ
٤. هوین واتە ئێوە
٥. ئەو کە بۆ (ئەو)ی تاكو (ئەوان)ی کۆ بەکاردێت.

کۆمەڵە جێناوی (پ) بەم جۆرە بەکاردێت:

١. لەگەڵ کاری تێنەپەڕ لە کاتی (ڕابردوو، ڕانەبردوو) لە هەردوو باری (ئەرێنیو نەرێنی)یەوە، وەك:

ئەز هاتم.	ئەز نەهاتم.
ئەز دهێم.	ئەز ناهێم.
ئەز دێ هێم.	ئەز ناهێم.

٢. لەگەڵ کاری چاوگی بوون { ڕابردوو، ڕانەبردوو: (ئێستاو داهاتوو) }بە ئەرێو نەرێ، وەك:

ئەز بووم.	ئەز نەبووم.
ئەزم.	ئەز نیمە.
ئەز دبم.	ئەز نابم.
ئەز دێ بم.	ئەز نابم.

٣. لەگـەڵ کـاری ڕانـەبردووی تێپـەڕ (ئێسـتاو داهـاتوو) لـە هـەردوو بـاری (ئەرێ‌و نەرێ)دا، وەك:

ئەز نان دخۆم. ئەز سێڤ ناخۆم.

ئەز نان دێ خۆم. ئەز سێڤ ناخۆم.

ڕاهێنانی (١)

جێناوێکی کەسیی سەربەخۆ لەم بۆشاییانە دابنێ:

١. دوهی .... دگەل هەڤالێ خۆ چووم بۆ فێرگەهێ.

٢. .... ئەڤ پێنوسە بۆ برایێ خۆ کڕییە.

٣. .... کچەکا زیرەك‌و جوانە.

٤. .... دێ نانی خۆین.

٥. .... دۆست‌و هەڤالێن خۆ لتەنگاڤیا بناسن.

ڕاهێنانی (٢)

ئەم جێناوانە لە ڕستەدا بەکاربهێنە:

(وێ، مە، ئەز، تە، هوین)

ڕاهێنانی (٣)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. خوشکا من زیرەکە. ٢. بابێ وی هات.

چـــاوگ

(٣)		(٢)	(١)
کاری ڕابردووی نزیك	=	**قەدی چاوگ**	**چاوگ**
خوێند		خوێند	خوێندن
بڕی		بڕی	بڕین
کەوت		کەوت	کەوتن
برژا		برژا	برژان
بوو		بوو	بوون

خستنەڕوو:

ئەگـەر سـەیری کۆمەڵـە پـەیڤی (خوێنـدن، بـڕین، کـەوتن، بـرژان، بـوون) بکەین، دەبینین هەموویان کۆتاییان بە پیتی (ن) دێت، بـەڵام پیتـەکانی پـێش (ن)ەکە جیاوازن و بریتین لە (د، ی، ت، ا، وو)، ئەگەر هەر یەکە لەو پەیڤانە لە ڕستەدا بەکاربهێنین دەبینین کردەوەیەك پیشاندەدەن بێ ئـەوەی هـیچ کاتێـك دەست نیشانبکەن، بۆ نمونە، کە دەڵێین:

خوێندن چاوی مرۆڤ دەکاتەوە.

لەم ڕستەیەدا پەیڤی (خوێندن) کردەوەیەك دەردەخات بەڵام بێ ئەوەی کاتی ئەم کردەوەیە پیشان بدات، جگە لەمە پەیڤەکە کۆتایی دێت بە پیتی

(ن) بۆیە ئەم جۆرە پەیڤانە لەزمانی کوردیدا بە (چاوگ) ناو دەبرێن‌و سەرچاوەن بۆ دروستکردنی هەموو کارەکان.

لە زمانی کوردیدا پێنج جۆرە چاوگ هەن، کە بە پیتی پێش (ن)ەکە دەناسرێنەوە، کە ئەمانەن:

١. چاوگی دالی: خوێندن، بردن، کردن.
٢. چاوگی یائی: نووسین، بڕین، دڕین، سڕین.
٣. چاوگی تائی: بەستن، فرۆشتن، هاتن.
٤. چاوگی ئەلفی: سووتان، دڕان، برژان.
٥. چاوگی واوی: چوون، بوون، دروون.

لە هەر چاوگێکدا ئەگەر (ن)ی چاوگەکە لابدەین ئەوەی دەمێنێتەوە پێیدەگوترێت (قەدی چاوگ)، کە لە هەمان کاتیشدا دەبێتە کاری ڕابردووی نزیك، دەتوانین لێرەدا ئەوە ڕوون بکەینەوە، کە لە کاردا کردەوەیەك هەیەو کاتێکی دیاریکراویش هەیە، کە ئەم کردەوەیەی تیادا ڕوویداوە، بەڵام لە چاوگدا بوونی ئەم کاتە هەستی پێناکرێت.

دەستور:

چاوگ: وشەیەکە کردەوەیەك پیشاندەدات، بەڵام نادرێتە پاڵ کەسێك یان شتێك، کاتیشی تێدانییە. چاوگ سەرچاوەی دروستکردنی هەموو جۆرەکانی کارە.

لە زمانی کوردیدا چاوگ بە پیتی (ن) کۆتایی دێت.

(چاوگ – ن - قەد - کاری ڕابردووی نزیك)

ڕاهێنانی (١)

چەند جۆرە چاوگمان هەیە؟ بۆ هەر جۆرێکیان دوو نمونە بنووسە.

ڕاهێنانی (٢)

لەم وشانەی خوارەوەدا چاوگەکان، دەربهێنە:

(هەورامان، کێشان، بڕژان، جیهان، سەربان، کردن، نووستن، نازەنین، بڕین، دروون، چوون، پەخشان)

ڕاهێنانی (٣)

ئەمانەی خوارەوە ئەگەر ڕاستن، بەرامبەریان بنووسە ڕاستە، ئەگەر هەڵەن، ڕاستییەکەی بە تەواوی بنووسەوە.

١. چاوگ کردەوەیەکە، تافێکی دیاریکراوی نییە.
٢. چاوگو کار هیچ جیاوازییەکیان نییە.
٣. هەر وشەیەك کۆتایی بە پیتی (ن) هاتبوو، ئەوە چاوگە.
٤. بە لابردنی (ن)ی چاوگ، چاوگ وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

(وانەی هەژدەهەم)

کار لە ڕووی دەم و کاتەوە

ئـ. کاری ڕابردوو

مـام (هـێمن)ی شـاعیر لـە پێشـەکی دیـوانی (تـاریـك و ڕوون)دا نووسـیویەتـی و دەڵێت:

(من بۆ خۆم لە ئەزموونی پیاوێکی دنیا دیـدەو کۆنسـاڵ کـەڵکم وەرگـرت و توانیم بەشێکـی زۆر لە دەغڵ و دانی خۆمان لەڕزین و زایەبوون ڕزگاربکەم.

بەهار درەنگ بوو، هەوا گەرم ببوو، بەڵام بەفر ئارەقیشـی نـەدەکرد، ڕۆژێـك چوومە مزگەوت، تەماشام کرد پیرە پیاوێك بـە تـەنێ لـە تەنیشـت سـۆبە ساردو سرەکە هـەڵکوڕماوە، هـەرمنی دیـت گـوتی: منـداڵی ئـەو زەمانـە ئێمـەی پـێ خەرفاوە، گوتم مامە گیان چ قەوماوە؟ گوتی: بەسەری تۆ ئـەوە چـەند ڕۆژە بـەو کوڕانەی خۆم دەڵێم بچن بەفری سەر ڕەپستەکەمان کـون کـون بکـەن گوێشـم نادەنێ. گوتم: جا، بۆ کونکونی بکەن؟ گوتی: بۆ تۆش نـازانی؟ گـوتم نـاوەڵلا. گوتی، کە ساڵ درەنگ بوو هەرد گەرم دادێ و هەڵمێ دەکـا. بـەفریش نایـەڵێ هەڵمەکە بێتە دەرەوە لە ناوخۆیدا دەگەڕێتەوەو دەغڵەکە دەسـوتێ، ئەگـەر کـون بکرێ هەڵمەکەی دێتە دەرەوە ناسووتێ، قسەی مامە پـیرەم بـە دڵیـەوە نووسـا، بەڵام کارەکە زۆر گرانبوو، بەفرەکە ئەوەندە ڕەق بوو بە لۆسـە کـون نـە دەکـرا، بەڵام پاشان تێگەیشتم پەنـدی پێشـینان چـەند ڕاسـتە، کـە گووتویانـە "دەسـتی ماندوو لەسەر زگی تێرە").

خستنەڕوو:

ئەگەر بە وردی لەو نووسینە وردبینەوە دەبینین کۆمەڵێك کاری ڕابردووی تێدایە، کە دەتوانین هەندێکیان دەست نیشان بکەین، وەك: (کەڵکم وەرگرت، توانیم، گەرم ببوو، ئارەقیشی نەدەکرد، چوومە، هەڵکوڕماوە، دیت، نووسا، خۆش بوو.... هتد). دیارە هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین، کە کاری ڕابردوو کارێکە ڕوودانی ئیشێك پیشاندەدات، کە بەر لەکاتی ئاخافتن ڕوویدابێت، واتا مرۆڤ لە کارێك دەدوێت، کە ڕوویداوەو کاتەکەی بەسەرچووە. بەڵام سەرەڕای ئەوەش، کارە ڕابردووەکان، هەر چەندە لە ڕابردوودا ڕوویانداوە جیاوازییێك لەکاتی ڕوودانیان هەیە، بۆ نمونە لە ڕستەی (من بەخۆم لە ئەزموونی پیاوێکی دنیا دیدەو کۆنساڵ کەڵکم وەرگرتو توانیم بەشێکی زۆر لە دەغڵو دانی خۆمان لە ڕزینو زایەبوون ڕزگاربکەم).

هەردووکاری (کەڵکم وەرگرت، توانیم) ڕوودانی کارێك پیشاندەدەن کە بەتەواوی لە دەمی ڕابردوودا ڕووی داوەو کۆتایی هاتووە، ئەم جۆرەش ناو دەنێین (ڕابردووی نزیك).

لە ڕستەی (بەهار درەنگ بوو، هەوا گەرم ببوو ، بەڵام بەفر ئارەقیشی نەدەکرد) کارەکانی (گەرم ببوو، ئارەقیشی نەدەکرد) دووکاری ڕابردوون، بەڵام لە ڕووی دەمی ڕوودانیان لە ڕابردوو جیاوازییان هەیە، کاری (گەرم ببوو- گەرم بوو بوو) کارێکە ئیشێك پیشاندەدات، کە دەمی ڕوودانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی درێژی بەر لەکاتی ئاخافتن، بۆیە ناوی دەنێین (ڕابردووی دوور)، بەڵام کاری (ئارەقیشی نەدەکرد)، هەر چەندە ڕوونەدانی

کارێك لە ڕابـردوودا پیشـان دەدات، بـەڵام ڕوودانەکـە یـان (ڕوونەدانەکـە) هـەر بەردەوامە کاتێکی دیارکراو نییە، کە کۆتایی بە ڕوودانەکە بهێنی، بە واتـاییێکی دیکە ئیشەکە (لە ڕوودانو لە ڕوونەدان)دا هەر بەردەوامە ئـەو جـۆرە کـارە بـە کاری (ڕابردووی بەردەوام) ناو دەبرێ.

لە ڕستەی (ڕۆژێك چوومە مزگەوت تەماشام کـرد پیرەپیاوێـك بـە تـەنێ لـە تەنیشت سۆبە ساردو سڕەکە هەڵکورماوە). چەند کارێکی ڕابردوو هەیە، بـەڵام ئەوەی ئێمە مەبەستمان بێت کاری (هەڵکورماوە)یە، ئەو کارە ڕوودانی ئیشـێك لـە ڕابـردوودا دەخاتـە ڕوو، کـە شـوێنەوارو ئەنجامەکـەی هـەتا دەمێکـی نزیـك لەکاتی ئاخافتن هەر دەمێنێت، ئـەم جـۆرە کـارەش پێیـدەگوترێت (ڕابـردووی تەواو).

دەستور:

کاری ڕابردوو: کارێك یان ئیشێك ڕادەگـەیێنێت لـەکاتی ڕابـردوو، واتـە بـەر لەکاتی ئاخافتن. کاری ڕابردوو چوار دەمی هەیە:

١. ڕابردووی نزیك

٢. ڕابردووی دوور

٣. ڕابردووی بەردەوام

٤. ڕابردووی تەواو

ز	دەمەکان	نیشانە	کار	نیشانە
١	رابردووی نزیك	-	هات	-
٢	رابردووی دوور	-	هات	بوو
٣	رابردووی بەردەوام	دە	هات	-
٤	رابردووی تەواو	-	هات هێنا	ووە وە

راهێنانی (١)

١. ئەز چووم.	من چووم.
توو	تۆ ....
ئەو	ئەو ....
ئەم	ئێمە ....
هوین	ئێوە ....
ئەو	ئەوان ....
٢. من گرت.	من گرتم.
تە...........	تۆ ....
وی	ئەو ....
وێ	
مە	ئێمە ....
وە	ئێوە ....
وان	ئەوان ....

٣. ئەز هاتیمە.	من هاتووم.
تو	تۆ ....
ئەو	ئەو ....
ئەم	ئێمە ....
هوین	ئێوە ....
ئەو	ئەوان ....
٤. من گرتییە.	من گرتوومە.
تە	تۆ ....
وی	ئەو ....
ویَ	
مە	ئێمە ....
وە	ئێوە ....
وان	ئەوان ....

ڕاهێنانی (٢)

لەم ڕستانەدا کارە ڕابردووەکان دەربهێنەو دەمەکانیان دیاربکە:

١. کە چووم باوکم نووستبوو.

٢. هەتا نهۆ هەڤالێ من نەهاتییە.

٣. ئازادم دیت لە پەرتوکخانەدا دەیخوێند.

٤. وێ بازنێ زێڕ کڕی.

٥. کە هاتم، ئەو نانی دەخوارد.

ڕاهێنانی (٣)

٥. ئەز هاتبووم.	من هاتبووم.
تو	تۆ ....
ئەو	ئەو ....
ئەم	ئێمە ....
هوین	ئێوە ....
ئەو	ئەوان ....
٦. من گرتبوو.	من گرتبووم.
تە	تۆ ....
وی	ئەو ....
وێ	
مە	ئێمە ....

وه	ئێوه ....
وان	ئەوان ....
٧. ئەز دهاتم.	من دەهاتم.
تۆ	تو ....
ئەو	ئەو ....
ئەم	ئێمە ....
هوین	ئێوه ....
ئەو	ئەوان ....
٨. من دگرت.	من دەمگرت.
ته	تۆ ....
وی	ئەو ....
وێ	
مه	ئێمە ....
وه	ئێوه ....
وان	ئەوان ....

ڕاهێنانی (٤)

ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

١. سیروانی نامە نڤیسییە.

٢. نازدارێ وانە خاند.

٣. باوان نووستبوو.

ب. کاری ڕانەبردوو

کاتی ئێستا — کاتی داهاتوو

مامۆستای زانست لە باسی (ئاو)دا گوتی:

(ئاو ژێدەرو سەرچاوەی ژیانە، مرۆڤ و جانەوەرو ڕووەك بەهۆی ئاوەوە دەژین، سێ بەشی گۆی زەمین بە ئاو داپۆشراوە، ئێستا گرفتی کەمی ئاو وڵاتان نیگەران دەکات، لەبەر ئەوە دەسەڵاتدارانی وڵاتان بیر لەوە دەکەنەوە، کە ئەو گرفتە چارەبکەن، لە پاشەڕۆژدا ئاڤ دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی لە نێوان میللەتانی جیهان، ئاو سەرچاوەی بەدەستخستنی وزەی کارەبایە، پشکا هەرە زۆری وزەی کارەبای هەرێمی کوردستان لە هەردوو بەنداوی دوکان و دەربەندیخان دهێتە بەرهەمهێنان، پاش چەند ساڵێکی دیکە لە بەرهەمهێنانی وزەدا، ئاو جێی نەوت دەگرێت، لێ مخابن ئاوی کوردستان بە فیڕۆ دەچێت، ئەگەر کوردستان ژی خودانا بڕیارێ خۆ بووبا، ئەو سامانە گرنگە سوودی بۆ گەلی کورد دەبوو).

خستنەڕوو:

ئەگەر بە سەرنجەوە ئەو باسە بخوێنینەوە، دەبینین ژمارەیەك كاری تێدایە، كە ڕوودانی كردەوەیەك نیشاندەدەن، كە لەكاتی ئاخافتن یان لە پاش كاتی ئاخافتن ڕوودەدات، دیارە ئەو كارەی ئیشێك دەردەخات، كە لەگەڵ ئاخافتندا ڕوودەدات پێی دەگوترێت كاری ڕانەبردوو بۆ كاتی (ئێستا)، ئەوەی كە ئیشێك دەردەخات لە دوای كاتی ئاخاوتن ڕوودەدات، ئەوەیان پێی دەگوترێت كاری ڕانەبردوو بۆ كاتی (داهاتوو).

بۆ نمونە:

لە ڕستەی (ئاو ژێدەرو سەرچاوەی ژیانە، مرۆڤ و جانەوەرو ڕووەك بەهۆی ئاوەوە دەژین).

دەبینین كاری (دەژین) كردەوەیەك پیشاندەدات، كە لەكاتی ئێستادا ڕوو دەداتو ئەو جۆرە پێی دەگوترێت كاری ڕانەبردوو.

بە هەمان شێوە ڕستەی (ئێستا گرفتی كەمی ئاو وڵاتان نیگەران دەكات) ئیشێك پیشاندەدات، كە لەكاتی ئاخافتندا ڕوودەدات بۆیە پێیدەگوترێ كاری ڕانەبردووی ئێستا.

بەڵام ئەگەر لە ڕستەی (ئاڤ دێ بیتە هۆكارێكی بەهێز بۆ ڕێكخستنی پەیوەندی لەنێوان میللەتانی جیهان) وردبینەوە، دەبینین كاری (دێ بیتە) كردەوەیەك پیشاندەدات، كە تا كاتی ئاخافتن ڕووینەداوە، بەڵكو ڕوونەدانەكەی دەكەوێتە پاش كاتی قسەكردنەكە، بۆیە پێیدەگوترێ كاری ڕانەبردووی داهاتوو.

هەروەها لە ڕستەی (پاش چەند ساڵێکی دی لە بەرهەمهێنانی وزەدا، ئاو جێی نەوت دەگرێت).

کاری (دەگرێت) لە شێوەدا وەکو کارێکی ڕانەبردووی کاتی ئێستایە، بەڵام لە واتادا بەهۆی هاوەڵکاری (پاش چەند ساڵێکی دیکە)وە، ڕوودانی ئیشێك پیشاندەدات، کە دەکەوێتە پاش کاتی ئاخافتنەوە، هەر بۆیە بەم جۆرەیان دەگوترێ کاری ڕانەبردووی داهاتوو.

دەستور:

کاری ڕانەبردوو کردەوەیەك پیشاندەدات یان لە کاتی ئاخاوتندا ڕوو دەداتو ئەو کاتە پێیدەڵێن: (ڕانەبردووی کاتی ئێستا)، یان لەدوای ئاخافتن ڕوودەدات، ئەو کاتە پێی دەڵێن:(ڕانەبردووی کاتی داهاتوو)، کە لە شێوەدا هەردووکیان لە کرمانجی خواروو لەیەك دەچن، تەنیا هاوەڵکاری کاتی جودایان دەکاتەوە، وەك:

دەچم بۆ لادێ.

ئێستا دەچم بۆ لادێ.

سبەینێ دەچم بۆ لادێ.

بەڵام لە شێوە زاری کرمانجی ژووروودا نیشانەی (دێ) دەخرێتە پێش کارە ڕانەبردووەکە، بۆ ئەوەی ببێتە ڕانەبردووی کاتی داهاتوو، وەك:

ئەز نهۆ دچم بۆ دهۆکێ. (ئیستا)

ئەز سبەهی دێچم بۆ دهۆکێ. (داهاتوو)

ڕاهێنانی (١)

ئەم نووسینە بخوێنەوەو ئینجا هەرچی کاری ڕابردوو هەیە بیانکە بە ڕانەبردوو:

((هاوین بوو، هەوا ئەوەندە گەرم ببوو کەس نەیدەتوانی تا ئێوارەیەکی درەنگ دەربکەوێت، میوەی هاوینە پێگەیشتبوو، بەڵام گەرما بەشێکی زۆری درەختی میوەی زەرەرمەند کردبوو، ڕۆژێکیان برادەران بڕیاریاندا بچین بۆ هاڤینگەها سوارەتووکەی، بە ئوتومبێل چووین، ئاوو هەواکەی فێنك بوو، تا ئێوارە ماینەوە. مە ڕۆژەکا زۆر خۆش دوور لە گەرما ب ڕێکر، ئاوی ساردی ئەو هاڤینگەهە دەروونی هەموومانی فێنك کردەوە)).

ڕاهێنانی (٢)

ئەم کارە ڕانەبردووانە لە ڕستە بەکاربێنە:

(دەخوێنم، دنڤیسین، دخوینم، دێچن، دەکێڵێت، دروستدەکەن)

ڕاهێنانی (٣)

١.شلۆڤەکردن:

کۆتری سپی جوانە.

کۆتر: ناوە، گشتییە، دیارخراوە، نیهادە.

ی: ئامرازی دانەپاڵە.

سپی: هاوەڵناوە، دیارخەری ناوی (کۆتر)ە.

جوان: هاوەڵناوی چۆنیەتییە، تەواوکەری کاری (ە)ی ناتەواوە.

ە: کاری ناتەواوە ڕانەبردووە بۆ کاتی (ئێستا).

٢. ئەم ڕستانە شلۆڤەبکە:

ئـ- ڕزگار وانێ دخوێنێت.

ب- بەیانی دەچین بۆ پیشانگەکە.

پ- منداڵەکە ئێستا دەخەوێت.

پ. کاری داخوازی

لەوانەی زانستدا، مامۆستاکەمان گوتی:

(قوتابینە، بۆ ئەوەی لەشتان دروست بێت، پتەو و بەهێزبن هەموو شەوێك زوو بنوون، بەیانیان ژی زوو لە خەو ڕابن، دەم‌و چاوتان بە ئاوو سابوون بشۆن، ئینجا نانی بەیانی بخۆن، جلك‌و بەرگتان لەبەر بکەن‌و بڕۆن بۆ قوتابخانە.

ئەی قوتابی، لە کاتی دیاری کراودا، لە پۆلەکەت ئامادەبە، گوێ لە مامۆستا بگرە، دگەل هەڤالێن خۆ نە ئاخڤە، تەماشای ئەملاو ئەولا مەکە، کە تـەواو بـووی یەکسەر هەڕە مال، پشتی پشوودان‌و حەسانەوە وانەکانت بخوێنە، ئـەرکی ماڵـەوە بنڤیسە، کات بەفیڕۆ مەدە، هەڤالینێ دگەل مرۆڤێن خراپ نەکە).

خستنەڕوو:

دیارە قوتابیو خوێندکاری ژیرو هۆشمەند دەبێت ئامۆژگاری مامۆستایان لەگوێ بگرن، بۆیە مامۆستای زانست ڕووی لە قوتابییانی کردو هەندێك ئامۆژگاری کردن، بۆ ئەوەی سوودی لێوەربگرن.

مامۆستای زانست جارێك ڕوو لە هەموو قوتابییان دەکات و پێیاندەڵێت:

١. هەموو شەوێك زوو بنوون، بەیانییان ژی زوو لە خەو ڕابن. جارێکیش ڕوو لە تاکە تاکەیان دەکات و پێیان دەڵێت:

٢. ئەی قوتابی، لەکاتی دیاریکراو لە پۆلەکەت ئامادەبە، گوێ لە مامۆستا بگرە.

لە ڕستەی یەکەمدا مامۆستا داوا لە قوتابییان دەکات کارێك لە دوای ئاخافتن ئەنجام بدەنو کارەکەی خستۆتە شێوەی داواکردن یان داخوازی یان فەرمان پێکردن، دیارە قوتابیانیش، کە (کەسی دووەمی کۆ)ن داخوازییەکەی مامۆستایان جێبەجێدەکەن.

لە ڕستەی دووەمیش بە هەمان شێوە ڕوو لە قوتابییەك دەکات، کە (کەسی دووەمی تاکە)و داوای لێدەکات، کە لەکاتی دیاریکراودا لە پۆل ئامادەبێتو گوێ لە مامۆستا بگرێت، دیارە ئەنجامدانی ئەو کارەش لەلایەن قوتابییەکە دەکەوێتە پاش ئاخافتنەکەی مامۆستاو هەر لەبەر ئەوەش ئەم جۆرە کارە پێیدەگوترێت کاری داخوازی.

دیسان لە هەردوو ڕستەی (دگەل هەڤالێن خۆ نەئاخڤە)و (تەماشای ئەملاو ئەولا مەکە)، مامۆستا داوا لە قوتابی دەکات، کە کارەکە ئەنجامنەدات، چونکە ئەنجامدانی ئەو جۆرە کارانە بە خراپ دەشکێنەوە سەر قوتابی، ئەو جۆرە کارانە ژی هەر کارێت داخوازین، بەڵام لە دۆخی نەرێدان، کە بە ئامرازی (مە) لە شێوەزاری کرمانجی خواروو، (نە) لە شێوەزاری کرمانجی ژووروو دروستدەکرێن.

دەستور:

کاری داخوازی، کەسی یەکەم داوا لە کەسی دووەمی تاك‌و کۆ دەکات بۆ ئەنجامدانی یان ئەنجام نەدانی کارێك کە لەدوای ئاخاوتن ئەنجام دەدرێ.

١. کاری داخوازی بەنیشانەی (ب) دەست پێ دەکات‌و بە جێناوی لکاوی (ە) بۆ کەسی دووەمی تاك وجێناوی لکاوی (ن) بۆ کەسی دووەمی کۆ کۆتایی دێت. وەك:

بنووسە ⟵ دووەمی تاك

بنووسن ⟵ دووەمی کۆ

٢. بەڵام لە هەندێك کاردا کە ڕەگەکانیان کۆتاییان بە بزوێنی وەکو (ۆ- وو- ێ- ی- ە) دێ.

لە کەسی دووەمی تاکدا بزوێنی (ە) دەرناکەوێت، وەك: (بخۆ، بڕۆ، بشۆ، بنوو، بدروو، بڵێ، دابنێ، بژی، بگری، دابخە)

ڕاهێنانی (١)

کاری ئەم ڕستانە لە دۆخی (ئەرێ)وە بگۆڕە بە (نەرێ):

١. درەنگ بخەوە.

٢. بچن بۆ مەلەکردن.

٣. یارمەتی ئەم پیاوە بدە.

٤. نان زۆر بخۆن.

٥. لاقین بنقە.

٦. زەڤی بکێڵن.

ڕاهێنانی (٢)

لەم دێرە هۆنراوانە هەرچی کاری داخوازی هەیە دەستنیشانی بکەو بینووسەوە:

١. لە خەو هەستن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەزڵو هونەرتانـــــــە.(ئەحمەد موختار جاف)

٢. ئەی باڵندەی هەستم بە گوڕ
بفڕە بۆ ناو بڵێسەو گــــــڕ. (گۆران)

٣. ئەی کچێ ڕابە بخوێنە داتو سەربەست هەر بژی
زوو ژ خەو تو سەر هلینە، بەس بمینە بێ مــــــژی. (جگەرخوێن)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ	واتا
سەر هلینە	سەر بەرز بکەوە
بێ مژی	بێ مێشك

بەشی ڕێنووس

نووسینی کوردی بە پیتی لاتینی

پێشەکییەکی مێژوویی: ((کوردەکان بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام خاوەنی ئەلفبێیەکی تایبەتی خۆیان بوون‌و بە قسەی زانای بەناوبانگی کورد مامۆستا (بلەچ شێرکۆ) کورد پێش هاتنی ئیسلام لە چەپەوە بۆ ڕاست‌و بە ئەلفبێیەکی سەربەخۆی خۆیان زمانەکەی خۆیانیان دەنووسی، بەلام لە دوای ئەوەی ئایینی ئیسلام لەناو کورد بلاوبۆوە، کورد وازی لەو ئەلفبێیە تایبەتییەی خۆیان هێناو کەوتنە سەر نووسین بە پیتی عەرەبی، زۆر لە مێژوو نووسان لەو باوەڕەدان، کە کوردەکان بە ٢٨٠٠ ساڵ پێش زایین خاوەنی ئەلفبێی تایبەتی خۆیان بوون، بەلام دوای موسڵمان بوونیان وازیان لە نووسین بە زمانەکەی خۆیان هێناو پەنایان بردە بەر زمانەکانی: عەرەبی‌و فارسی‌و تورکییەوە، بەتایبەتی زمانی عەرەبی، کە زمانی قورئانی پیرۆزو دوو زمانەکەی تریش زمانی دەسەلات بوون، بەلام لەگەڵ ئەمەشدا لەولاو لەملادا کورد جاروبار نووسینی ئەدەبی‌و ئایینی و تەنانەت زمانەوانیشیان بە کوردی بەلام بە ئەلفبێی عەرەبی نووسیوە، باشترین نمونەش هۆنراوەکانی بابەتایەری هەمەدانی‌و عەلی حەریری‌و فەقێی تەیران‌و بێسارانی‌و ئەوانی تر بوون.

زۆر لە ڕۆژهەلاتناسەکان لەبارەی زمان‌و نووسینی کوردییەوە شتیان نووسیوە، قەشە (گارزۆنی) ئیتاڵیایی لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەوە دێت، ئەو قەشەیە لە ساڵی (١٧٨٧)ز کتێبێکی لەبارەی ئەلفبێی کوردییەوە لە چاپ دا، لەپاش ئەویش چەند ڕۆژهەلاتناسێکی تر کاری لەم جۆرەیان کردووە، وەکو (ئۆگست ژاپا) کە فەرهەنگێکی کوردی– فەرەنسی بە خەتی فارسی لە ساڵی(١٨٧٩)ز چاپکرد.

گـرنگترین کـاری ئـەم بـوارە کتێبەکـەی (یوسـف زیائـەدین) بـوو کـە لـە (١٨٩٢)ز نووسـراوە، پـێش ئـەویش مـەلا مـەحمودی بایەزیـدی لـە سـاڵانی (١٨٥٨- ١٨٥٩) ئەلفبێیەکی بـە پیتـی عـەرەبی بـۆ نووسـینی زمـانی کـوردی دانا، لەو نووسراوەدا مەلا مەحموود هەوڵیداوە شـێوەی هەنـدێك پیـت دروسـت بکات کە لە عەرەبیدا نین، وەك:(پ، چ، گ، ڤ، ژ... هتد).

یەکەم پەرتوکی ئەلفبێ لە ساڵی (١٩٠٩)ز لە ئەستانبۆڵ دەرچـووە بـەناوی (ئەلفبای کرمانجی). هەر لەم بوارەدا کۆمەڵەی (هێڤی) کە لەساڵی (١٩١٢)ز لـە ئەستانبۆڵ دامەزرا، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە پێشخستنی ئەلفبێی کـوردی بـە پیتی عەرەبی، ئەو کۆمەڵـە دوو گۆڤـاری بـەناوەکانی (ڕۆژی کـورد)و (هـەتاوی کورد) دەرچوواند، هەر لەسەر لاپەڕەکانی ئـەم دوو گۆڤـارەدا بانگەشـەکرا کـە ئەلفبێی کوردی لە پیتی عەرەبی بگۆڕدرێت بۆ پیتی لاتینی.

لـە کوردسـتاندا، سـەرەتا ڕۆشـنبیرە کوردەکـان ئەوەنـدەی گرنگییـان بـە کێشــە سیاســییەکان دەدا، ئەوەنــدە بــەلای پرســی ئــەلفبێی کوردییــەوە نەدەچـوون، بـەڵام ئینگلیزەکـان لـە سـاڵانی بیسـتی سـەدەی بیسـت هـانی ڕۆشنبیرانیان دا، تـا ئاوڕێـك لـە پرسـی ڕۆشـنبیری کـوردی بدەنـەوە، لەسـاڵی (١٩١٨)ز مێجەرسۆن ڕۆژنامـەی (تێگەیشـتنی ڕاسـتی) لـە بەغـدا دەرکـرد، کـە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو لە پێشخستنی زمانو نووسـینی کـوردی، دوای سـاڵی (١٩٢٥)ز چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك دەرچوون، کە گرنگیـان بـە ئـەلفبێی کـوردی دەداو ڕونـاکبیری وەك تۆفیـق وەهبـیو ئیسـماعیل حـەقی شـاوێس، تیایانـدا دەنووسی.

هەر لەم بوارەدا، بیرۆکەی گۆڕینی پیتە عەرەبییەکان بە پیتـە لاتینییـەکان لەناو کورد پەیدابوو، کۆمەڵەی هێڤی هەر لە ساڵی(١٩١٣)دا ڕۆڵێکـی سـەرەکی لەم مەسەلەیەدا دەگێڕا، هەروەها مێجەرسۆنی ئینگلیزیش هەر لەو ساڵەدا واتە لـە(١٩١٣) دا نامیلکەیـەکی لـەبارەی ئـەلفبێی کـوردیو هەنـدێ مەسـەلەی ڕێزمانی دانا.

دواجـار هەوڵـەکانی مـیر جـەلادەت بـەدرخان سـەریان گـرتو ئـەو زانایـە ئەلفبێیەکی لاتینی دانا کـە لەگـەڵ دەنگـەکانی زمـانی کوردیـدا بگونجێـتو لـە ساڵی ١٩٣٢دا بڵاوی کردەوەو پاشان ژمارەکانی گۆڤاری (هاوار)ی لە دیمەشـق پێ چاپکرد. میر جەلادەت تا مرد هەر لەم بوارەدا کاریدەکرد.

ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی:

پیتەکانی ئەلفبێی کوردی بە پیتی لاتینی دەکرێن بە دوو کۆمەڵ:

ئـ- کۆمەڵەی یەکەم پیتە بزوێنەکانن، کە ژمارەیان (٨) هەشت پیتە.

ز	پیتە لاتینییەکان	پیتی عەرەبی	ناوی پیتەکە	نموونە
١	a- A	ا	ئا	Aw, - mar- Agir
٢	e- E	ـە (ە)	ئە	Pel- Ew- Derman
٣	u- U	و	ئویی کورت	Kurd- Gul
٤	û- Û	وو	ئویی درێژ	Dûr- Sûr
٥	o- O	ۆ	ئۆ	Do- Zor
٦	î- Î	ی	ئیی کورت	Yarî- Sîr
٧	ê- Ê	ێ	ئێ	Hêlke – Ême
٨	i- I	بزرۆکە	بزرۆکە	Dil- Bizin

ب- کۆمەڵەی دووەم پیتە نەبزوێنەکانن کە ژمارەیان (٢٨) پیتە:

ز	پیتە لاتینییەکان	پیتی عەرەبی	ناوی پیتەکە	نموونە
١	b- B	ب	بێ	Baran- Kebab
٢	p- P	پ	پێ	Par- Pepule
٣	t- T	ت	تێ	To- Pertuk
٤	c- C	ج	جێ	Tac- Cacim
٥	ç- Ç	چ	چێ	Çaw- Çêí

Ĥewt- Ĥelwa	حێ	ح	ĥ- Ĥ	٦
Xew- Xurma	خێ	خ	x- X	٧
Dar- dest	دێ	د	d- D	٨
Beraz- Ker	رێ	ر	r- R	٩
Ŕûbar- Ŕeng	ڕێی قەڵەو	ڕ	ŕ- Ŕ	١٠
Zê- Zeng	زێ	ز	z- Z	١١
Jin- Jeng	ژێ	ژ	j- J	١٢
Sêw- Mast	سێ	س	s- S	١٣
Şêr- Şew	شێ	ش	ş- Ş	١٤
E'lî, A' dil, u'mer, le'lî, ni'met	دەخرێتە سەر نەبزوێنەکە ع عەین			١٥
X̂ardan- X̂em	غێ	غ	x̂ – X̂	١٦
Kef- Fênik	فێ	ف	f- F	١٧
Mirov- Çav	ڤێ	ڤ	v- V	١٨
Qaz- Boq	قێ	ق	q- Q	١٩
Kew- Pak	کێ	ك	k- K	٢٠
Gurg- Deng	گێ	گ	g- G	٢١
Mil- mel	لێ	ل	l- L	٢٢
Maĺ- Diĺ	ڵێ	ڵ	ĺ- Ĺ	٢٣
Dem- Masî	مێ	م	m- M	٢٤
Nok- min	نێ	ن	n- N	٢٥
Hewir- Hîwa	هێ	هـ	h- H	٢٦
Wane- Aw	ئوی نەبزوێن	و	w- W	٢٧
Yarî- heyv	ئی نەبزوێن	ئی	y- Y	٢٨

ڕاهێنانی (١)

ئەم پەیڤانە بە پیتی لاتینی بنووسە:

(چیا، کوردستان، چەم، جوانی، ڕۆژگار، ئازادی، گۆران، هەندرێن، دهۆك، زاخۆ، سەردان، دیاری، وێنە، یانە، سەرکەوت)

ڕاهێنانی (٢)

ئەم ڕستانە بە پیتی لاتینی بنووسەوە.

١. زستانی کوردستان زۆر ساردە.

٢. ئازادی کوڕێ وی ل زانکۆیا دهۆکی دخوینیت.

٣. مەلایێ جزیری هۆزانڤانەکێ بناڤ و دەنگە.

٤. سلێمانی پایتەختی ڕۆشنبیری کوردستانە.

٥. کەرکوك بەشێکە لە هەرێمی کوردستان.

ڕاهێنانی (٣)

ئەم پارچە نووسینە لە ئەلفبێی عەرەبی بگۆڕە بۆ سەر ئەلفبێی لاتینی:

(لە پاش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ هەرێمی کوردستان گۆڕانێکی زۆری بەخۆوە دیتووە، ئەڤ هەرێمە لە پێنج پارێزگا پێکدێت، هەولێرو سلێمانیو کەرکوکو دهۆك و هەڵەبجە، چەند قەزاییێکی دیکەش هەن کە بەشێکن لەم هەرێمە وەك خانەقینو شەنگارو بەدرە، کۆمەڵی کوردەواری لە گەلێك لایەنەوە پێشکەوتووە، لەبەر ئەوە پێویستە ئەزموونی دیموکراتی کوردستان بپارێزین).

ڕاهێنانی (٤)

ئەم هۆنراوەیە لە ئەلفبێی لاتینییەوە بگۆڕە بۆ سەر ئەلفبێی عەرەبی:

Pêşmerge

ŕeng û dengê azadiyê
Xeml û Xweşîya çelingiyê
Bazê çiya û zinaran
Kulîlka deşt û zozanan
Ŕonîya berbangan
Sorîya asoyan
Pêşmerge me
Çavkanî û lehîya azadîme
Dadikevim ji Çiya û geliyan
Digeŕim li deşt û newalan
Gund û bajar warên minin
Azadî û serxwebûn armanca minin

(Serdar Ŕoşan)

تێبینی: مامۆستا دەتوانێت نمونەی زیاتر لەم بارەیەوە بە قوتابییان بدات.

﴿بەشی ئەدەب﴾

١. قانیع
٢. جگەرخوێن
٣. بەختیار زێوەر
٤. سەلام
٥. ئەحمەد موختار جاف
٦. هێمن
٧. ئەحمەدیٚ نالبەند
٨. مەلا ئەنوریٚ مایی
٩. عەبدولواحید نوری
١٠. ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)

قانیع

(١٨٩٨-١٩٦٥)ز



قــانیع نــاوی موحەمــەدە کــوڕی شــێخ عەبدولقادری شێخ سەعیدی دۆڵاشی مەریوانە. لە پازدەی ئەیلولی ساڵی (١٨٩٨)ز لە گوندی ڕیشێن لە دایك بووە، قانیع لـە تەمـەنی چل ڕۆژی دابوو باوکی کۆچی دواییکردووە، لە تەمەنی دوو ساڵان دایکیشـی کۆچـی دوایـی کـردووە، قـانیع هـەر لـە منداڵییەوە تووشـی دەربـەدەری بـووە، هـەر لـەو کاتــەوە تێکــەڵ بــە ئــێش‌و ئـازارو برسـییەتی نەتەوەکـەی بـووە. بـەهۆی خزمێکییەوە دەچێتە حوجرەی مزگـەوت‌و دەست بـە خوێنـدن دەکـا. بـەناو دێهاتەکانی مەریواندا بۆ خوێندن گەڕاوە، پاشـان کەوتـە گـەڕان بـە شـارەکانی کوردسـتان بـۆ خوێنـدن وەك: (سـەقزو بانـەو سـابلاغ‌و بۆکـان‌و شـنۆو کۆیـەو هـەولێرو کـەرکوك‌و سـولەیمانی‌و هەڵەبجـەو پێنجـوێن‌و سـنەو بیـارە)و چـەند جێگایەکی تر گەڕاوە.

ناسـراوییەکی تـەواوی لەگـەڵ بنەماڵـە ئایینییـەکانی کوردسـتاندا هـەبووە. بەتایبەتی لەگەڵ (شێخ مەحمودی نەمر). هەروەها لە خزمەت مـەلای گـەورەدا لە کۆیە خوێندوویەتی. بەهەر جۆرێك بێت خوێنـدنی مەلایـەتی تـەواو کـردووە. لە کۆماری مەهاباد کاریەدەستی پەروەردەکردن بووە. تا خۆی لـە ژیانـدا بـوو دیوانـەکانی (گوڵاڵـەی مـەریوان، باخچـەی کوردسـتان، چـوار بـاخی پێنجـوێن،

شاخی هـەورامان، دەشتی گـەرمیان)ی بڵاوکراوەتـەوە. لـە ١٩٦٥/٥/٧ز دا لـە گوندی (لەنگەدێ) لە ناوچەی شلێر کۆچی دواییکـردووەو هـەر لـەوێ نێـژراوە. پاش مردنیشی لە ساڵی (١٩٧٠)ز (پاش مەرگەی قانیع) بڵاوکراوەتەوە.

لە ساڵی (١٩٧٤)ز بە شێك لـە شـیعرەکانی بڵاوکراوەتـەوە بـەناوی (نامـەی قانیع). هەروەها لە ساڵی (١٩٧٩) شیعرەکانی بڵاوکراوەتەوە بە ناوی (دیـوانی قانیع).

قانیع لە سەرەتای شاعیرییەتیدا بـە فارسـی هـۆنراوەی نووسـیوە، چـونکە زمـانی فارسـی لـەو سـەردەمەدا بـاوبووە، لـە پـاش هەسـتکردنی بـە بـیری کوردایەتی پیرۆز دەستیکردووە بە هۆنراوە گوتن بەزمانی پاکی کوردی، قـانیع بـە شـاعیری وریـایی لادێـی کـورد بەناوبانگـە، شـیعرەکانی خۆمـاڵیو ڕەوانـن، لەسەرەتای هەڵگیرسـاندنی شـەڕی دووەمـی جیهـان قـانیع تێکـەڵ بـە ڕێبـازی ئەدەبیی شۆڕشگێڕانە بـووە. هۆنراوەکـانی لـە ڕووی مەبەسـتەوە سـێ بابـەتی گرتووەتـەوە (دڵـداری، کۆمەڵایـەتی، نیشـتمانپەروەری). قـانیع لـە سـەرەتای سـاڵی (١٩٦٣)ز بـەهۆی بـاری ئـاڵۆزی ناوچـەکەوە لەگـەڵ دانیشـتوانی چـەند دێیەکدا کۆچدەکەنو دەچنە ئەو بەری سنوورەوە. هـەر ئـەو شـەوە دەیگـرنو دەیبـەن بـۆ بەندیخانـەی (قەجـەر) لـە تـارانو ماوەیـەك لـە بەندیخانـەدا دەیهێڵنـەوە، لـە کـاتی ئـەو بەندییـەدا نەخۆشـییەکەی زۆری بـۆ دێنـێو هیـوا بڕاوی ژیان دەبێتو بەم جۆرە باسی بەندیخانەکەی دەکات:

ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە
ئەم کەلەبچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە
زۆر دەمێکە چاوەڕوانی زرِزرِەی زنجیر ئەکەم
سەیری ئەم زنجیرە کەن وەك زێوەری شاهانەیە
بووکی ئازادیم ئەوێ، خوێنم خەنەس بۆ دەستو پێ
ئەڵقە ئەڵقەی پێوەنم وەك پلْپلەو لەرزانەیە
گەرچی دوژمن وا ئەزانێ من بەدیلی لاڵ ئەبم
باش بزانێ کونجی زیندانم قوتابی خانەیە
گرتنو لێدانو کوشتن عاملی ئازادییە
تۆپو شەستیرو کەلەبچە لام وەکو ئەفسانەیە
بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنە هیوای بە بەندیخانەیە
گەر بە ئازادی نەژیم مردن خەڵاتە بۆ لەشم
نۆکەریو سەردانەواندن کاری نامەردانەیە
چاوەڕوانی شۆڕشێکم عالەمێ ڕزگار بکا
میللەتم بۆ ئەو مەبەستە کردەوەی شێرانەیە
چەکی شۆڕشگێڕی من نووسینو بیرو باوەڕە
ڕاپەڕینە، هەڵمەتە پڕ نەعرەتەی کوردانەیە
"قانیع"م ئەمرۆ لە زیندانا بە ئازادی ئەژیم
سەد هەزار لەحنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە

(سێ دێر لە سەرەتاوە بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

کونجی بەندیخانەیە	:	سوچێکی تاریك لە بەندیخانە
زێوەری شاهانەیە	:	ئارایش‌و ڕازاندنەوەی مەلیکانەیە.
خەنەس	:	خەنەیە
پێوەنم	:	پێوەندم، کۆت‌و زنجیرێکە دەخرێتە پێی مرۆڤ
پڵپڵە	:	پارچە زێڕ یا زیوی بچووك کە بەخشڵێکەوە بەندکرابێ.
لەرزانە	:	جۆرە خشڵ‌و زێڕێکە بۆ سەری ژن.
سابڵاخ	:	مەهاباد

جگەرخوێن

(١٩٠٣-١٩٨٤)ز



ناڤێ وی (شێخ موس کوڕێ حەسەنی کوڕێ محەمەد)ە. لە ساڵی(١٩٠٣) لە گوندی (حەسار) کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای بازێری (حەسەنکێف) لە کوردستانی باکوور لەدایکبووە.

جگەرخوین خۆی دبێژیت:

سالا هەزارو نەهسەدو سێ ئەز هاتم دنیایێ
بناڤێ سوڵتان شێخ مووس ئەز چێ بوومە ژ دایێ
هەتا بووم سێزدە ساڵی لگوندێ مەی هەسارێ
ژینا خوە من بۆراند پاشی ژوێ مەدا رێ

جگەر خوین هێشتا بچووک بوو بابی دەمرێ، لەگەڵ دایك‌و خوشك‌و برایێن خۆ بەرەو شاری (ئامووده) چوون، لەوێ دایکیشی دەمرێت. لە ساڵی(١٩١٧) دەچێتە بەر خوێندن‌و لە ساڵی (١٩٣٢) تەواوی دەکات، ماوەییێك مەلایەتی کردەوە. دگەل کۆمەلەکا جوتیارێن کورد دچیتە پارچا دن یا جزیرێ لە سوریاو دوو گوندان ئاڤادکەن.

جگەر خوین پشکداری لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران کرییە، تێکشکاندنی شۆڕشەکە بە ئاواو شێوەیەکی دڕندانە کارێکی مەزنی کردە سەر هەستی نەتەوایەتی شێخ موس‌و برینێکی گەورەی لە دڵی ویدا پەیدا کرد،

لەوڕا ناسناڤێ خۆ کردە (جگەرخوین). پاش ئەم کارەساتە هەموو شیعری خۆی بۆ کوردستان تەرخانکرد.

خامەی خۆی کردبووە خەنجەر بۆ سینگێ دوژمنو زەنگ بۆ هوشیارکردنەوەی میللەت:

بەسە میللەت لتە شەرمە　　هەتا کەنگی دخەو دابی؟

دبن دستێن نەیاران دە　　هەزارو دیلو کۆلابی

پاش شۆڕشی ١٤ی تەموز ١٩٥٨ دهێتە عێراقو ماوەییێك لە ئێزگەی کوردی کار دەکات، ماوەیەکیش لە زانکۆی بەغدا لە کۆلێژی ئاداب– بەشی کوردی– دەبێتە وانەبێژ.

زۆربەی هەڵبەستێن وی دەربارەی خەباتی نەتەوایەتیو خەباتی جوتیاری کوردە. هەر لەم ڕێگایە گەلێك گرتنو بەندییو ئازارو ئەشکەنجەی دیوە. لە ١٩٨٤/١٠/٢٢ لە (ستۆکهۆلم)ی پایتەختی سوید دلێ مەزنی ژ لێدانێ دەوەستیتو لە بازێری (قامشلۆ) لە کوردستانی سوریا دهێتە ڤەشارتن.

بەرهەمەکانی:

١. هەڵبەست: أ- بریسك‌و پێتی ب- سەورا ئازادی ج- کیمە ئەز

د- ڕۆناك هـ- زەند ئاڤێستا و- شەفەق ز- هێڤی

٢. چیرۆك: أ- جیم‌و گول پەری ب- ڕەشۆیێ داری ج- سالارو میدیا

٣. زمان‌و ڕێزمان:

ئـ- گۆتنێن پێشیان ب- ئاواو دەستورا زمانێ کوردی

پ- فەرهەنگا کوردی بەرگێ (١- ٢)

٤. چەندین بەرهەمی تری نووسیبوو، پاش مردنی چاپکران وەك:

ئـ- ئاشتی (هەلبەست) ب- تاریخا کوردستان بەرگێ (١- ٢)

ت- فۆلکلۆری کوردی پ- ژینە نیگەریا من

د - نڤیسارەك لەسەر دیباجا ئەحمەدێ خانی

نمونەیێک لە هۆنراوەکانی:

شام شەکرە، وەلات شیرنترە

(جگەرخوین)

وەڵاتێ من تویی بووکا جیهانی
هەمی باغو بەهەشتو مێرگو کانی
شەپالو شەنگو شۆخو نازو گەوری
گەلەك شیرینو ڕندو پڕ جوانی
سەرێ تاجا سەلاحەدینێ کوردی
ئەنی ڕۆژە دبرجا ئاسمانی
دوو بورهێن تە کڤانێ ڕۆستەمێ زال
دوو زولفێن تە ژتیرێن قەهرەمانی
ڕوویێ تە ئاگرێ زەردەشتو مەزدەك
ژتە هێستر شەرابا کامیرانی
دوو چاڤێن تە وەکی دەریایێ هورمز
کەپوو ئەلماسە کارێ مووشو وانی
دوو لێڤێن تە کتێبا حاجی قادر
زمانێ تە ژ بەندا شێخێ خانی
سەرو پا زەندو بازن تەڤ حەنینە
هەمی سۆرن ژ ڕەنگێ ئەرخەوانی
جگەر خوینە کورێ تە هەر دنالی
ژبەر ژانا نەزانیو خەزانی.

★★ ★★ ★★

لەسەرەتاوە سێ دێڕی بۆ ئەزبەرکردنە

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

ژینا خوە من بۆراند	:	ژیانم بەسەر برد
ئەز چێ بوومە ژدایێ	:	لەدایك بووم
پارچا دن یا جزیرێ	:	پارچە یا بەشەکەی تری جزیرە
لەوڕا	:	لەبەر ئەوە، بۆیە، لەبەرهەندێ
ناسناڤ	:	نازناو.
ڤەشارتن	:	ناشتن
تەموز	:	تیرمەهـ
شەپال	:	جوان، ڕند
بووکا جیهانی	:	بووکی جیهانی
پڕ جوانی	:	زۆر جوانی
ئەنی	:	هەنیە، نێو چاوان
دوو بورهێن تە	:	دوو برۆی تۆ
کڤان	:	کەوان

بەختیار زێوەر

(١٩٠٨-١٩٥٢)ز

ناوی ڕاستەقینەی (فایەق)ە کوڕی شاعیری بەناوبانگی کورد زێوەرە، لە ساڵی (١٩٠٨)ز لە شاری سولەیمانی لەدایکبووە. سەرەتا وەکو هەموو منداڵانی ئەو سەردەمە لە حوجرەی مزگەوتدا خوێندوویەتی، پاشان چووەتە قوتابخانەو پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواوکردووەو بووەتە فەرمانبەر.

لە ساڵی(١٩٤٦)ز کاتێ قوتابخانەی ناوەندی شەوان لە سولەیمانی کرایەوە، شاعیر بێ گوێدانە تەمەنو ئەرکی ژیانو پلەی کۆمەڵایەتیو شاعیرانەی، بووە بە قوتابیو لە ساڵی (١٩٤٨)ز پۆلی سێیەمی تەواوکردووە. هەر لەو ساڵەدا بەهۆی کۆچی دوایی باوکییەوە تەواو بە دەست نەخۆشییەکەیەوە، کە زووتر سەرەتای دیار بوو، پەرێشانو سەرگەردانبووە، تا لە ١٩٥٢/١٢/٣١ز کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی گردی (جۆگا) لە سولەیمانی لە تەنیشت باوکییەوە نێژراوە.

لە گەرمەی کێشەی سەختی ژیاندا خۆی ناو دەنێت (سەرکەوتوو) لە کۆڕی نەخۆشیو زامداریو کلۆڵیدا بەر چاوی تاریک نابێتو هیوای نابڕێت، ئازار بەسەرچاوەی دروستبوونی ژیانی بەختیارو سەرکەوتن دەزانێ، پاشان ناوی خۆی دەنێت (بەختیار).

بەختیار زێوەر بە تەواوی پەیڕەوی زێوەری باوکی کردووە، بەڵکو قوتابییەکی ژیرو پێشکەوتووی ئەوە لەپەیڕەوی زانستپەروەریدا. لەژێر باڵی ڕەشیی دواکەوتوویی‌و نەزانی‌و چەپۆکی داگیرکەردا شاعیری زانستپەروەر خوێندن‌و فێربوون‌و زانست بە چەکی ڕزگاربوون دادەنێت.

هۆنراوەکانی زیاتر نیشتمانپەروەری‌و دڵدارین، لەگەڵ ئەوەشدا خاوەنی کۆمەڵێك سرودی جوان‌و بەناوبانگە، وەکو:

(چەند شیرینە لام، برایینە لەخەو هەستن، گۆیژە....)

گوڵی سەربەستی

گوڵێك شیرینتر لە خونچەی بەهار
نـازکتر، جوانتر، لە شەوبۆی نازدار
گەشتر لە دیدەی وەنەوشەی نزار
گـوڵێکە نـاوی گوڵی سـەربەسـتی
مـەردە ئەو گەلـەی بگاتە دەسـتی

★★ ★★

گوڵی سەربەستی ئەی هێزی گیانم
ڕۆشـن کەرەوەی ڕێگەی ژیانـــــم
تۆم نەبێ، من خۆم بە هیچ نازانم
تـۆم نەبێ هەرگیز ناحەسێمـــەوە
بـێ بۆنی خۆشت نابوژێمـــــەوە

★★ ★★

با تەنیا هەر تۆ شاگـوڵی مـن بـــی
سەرچاوەی سۆزی بـە کـوڵی من بی
تـۆ تاقە یــاری پڕ دڵــی من بــــــی
شیعرت پیا هەڵدەم بە زوبانی خۆم
بڵێم دەمێکە بە دڵ شەیدای تـــۆم

(کۆپلەی یەکەم بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

سەربەستی	:	ئازادی
شیرینتر	:	جوانتر
شەوبۆ	:	جۆرە گوڵێکە بە شەو بۆنی خۆشە
دیدە	:	چاو، چاڤ
وەنەوشە	:	جۆرە گوڵێکی دەشتییەو گوڵەکانی بچکۆڵەن
نزار	:	نسیّ
مەرد	:	پیاوە (ئازایە)
ناحەسێمەوە	:	ئۆقرە ناگرم، ئارام ناگرم، پشوو نادەم
تاقە	:	تاکە، ئێك
شەیدا	:	گێرۆدە
هۆز	:	خێڵ– عەشیرەت
نابوژێمەوە	:	ناگەشبم، ناگەشێمەوە
یار	:	دۆست، هەڤاڵ، هاوڕێ

سەلام

(١٨٩٢- ١٩٥٩)ز

سەلام کوڕی شێخ ئەحمەدی عازەبانییە، لە ساڵی(١٨٩٢)ز لە گوندی (عازەبان)ی ناوچەی وارماوەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە لەدایکبووە. زۆر ئارەزووی لە خوێندن هەبووە، لە تەمەنی چوار ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن، قورئانو زمانی فارسی خوێندووە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا باوکی کۆچی دواییکردووە. ئاگاداری ڕووداوەکانی یەکەم شۆڕشی (شێخ مەحمودی حەفید) لەساڵی(١٩١٩)ز بووە.

لە وەزیفەدا لە زۆر شوێن خزمەتیکردووە، وەك: وارماوە، هەڵەبجە، سلێمانیو تەنانەت بەسرەو بەغداو حیللەو هەندێ شوێنی تر. لە ساڵی(١٩٢٨)ز لەگەڵ چەند لاوێك (کۆمەڵەی زەردەشت) یان دامەزراند. لە ساڵی(١٩٣٠)ز دوای کارەساتی ڕۆژی ڕەشی (٦)ی ئەیلول لەگەڵ چەند کەسێك دەچنە گوندی (پیران) لای (شێخ مەحمود). هەروەها بەشداری ڕووداوەکانی ساڵی(١٩٣١)ز کردووە بە فەرماندەی (شێخ مەحمود). لە(١٩٥٤- ١٩٥٥)ز خۆی خانەنشین کردووە.

لە پێشەکی دیوانەکەیدا، کە لە ساڵی(١٩٥٨)ز لە بەغدا چاپکراوە، د. مارف خەزنەدار دەنووسێتو دەڵێت (سەلام زیاتر شاعیرێکی نیشتمانو

نەتەوەیە، چونکە کاتی گەنجی سەلام، نەتەوەی کورد بە دەورێکی تایبەت تێدەپەڕێت). لە بابەت شیعرە دەروونییەکانی دەڵێت (خەیاڵێکی ڕوونی تێدایەو شعورێکی ڕاست دەردەخا، وەکو وشەکانی لە ناخی دەروونیا بێنە دەرەوە وایە).

یەك لە شاکارەکانی شێخ سەلام چوارینەکانی (خەیام)ە، کە لە فارسییەوە بۆ کوردی وەریگێڕاوە، کە بەڕاستی گیانی خەیامی لە وەرگێڕانەکەدا بە تەواوی پاراستووەو بە یەکێك لە باشترین وەرگێڕانەکانی دادەنرێت، سەلام لە ساڵی(١٩٥٩)ز لە سلێمانی کۆچی دواییکردووەو لە گردی سەیوان نێژراوە.

ئەمەش نمونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

وەتەن چییە؟

هەستە لە خەو ئەی لاوی کورد
تێبکۆشە بە دەست و برد
هاوار ئەکا دایکی وەتەن
وا گیان ئەدا، پیادا بگەن
خاك و گوڵ و گەڵ و گیا
شاخ و چەم و چەڵ و چیا
ڕەنگاو ڕەنگی کەژی سیا
هاوار ئەکەن بە جیا جیا
وا مەزانە خاکی وەتەن

ئــــــاو و گڵــــــــه دارو دەوەن
ئــەم وەتەنە ئـــاو و گــڵــــــــــه
پشــــــتو ئـــــەژنۆ، جــــەرگو دڵــــه
ئەجـــــدادی تــــۆ شــــێرانی کـــــورد
لــــه ڕێــــی وەتــــەن بــــه مــــەردی مـــرد
مـــــردن، ڕزیــــن بــــوون بـــــەم خاکـــــه
وەتــەن دایــك، وەتــەن بــاوك، وەتــەن کاکــه.

(سێ دێڕ لە سەرەتاوە بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤان

بە دەستو برد	:	بە گورج و گۆڵی
پیادا بگەن	:	پێی ڕابگەن، بگەهنێ
کەژ	:	چیا، شاخ
سیا	:	ڕەش
ئەژنۆ	:	چۆك

ئەحمەد موختار جاف

(١٨٩٨-١٩٣٥)ز

ئەحمەد موختـار كـوڕی وەسمـان پاشـای گـەورەی عەشـيرەتی (جـاف)ە. لـە سـاڵی (١٨٩٨) لـە شـاری هەڵەبجـە لـە دايكبـووە، دايكيشـی (خـانمی وەسمـان پاشـا) يـەكێك بـووە لـە ژنـە نـاودارو هەڵكـەوتووەكانی كورد، لە تەمەنی حەفت ساڵيدا دەخرێتە بەر خوێندن، لە ساڵانی (١٩١٩- ١٩٢٤)ز قايمقـامی قـەزای هەڵەبجـە بووە، پاشان بووە ئەندامی پەرلەمانی عيراق.

ئەحمەد موختار دۆستو هەڤاڵی زۆربەی شاعيرو ڕۆشنبيرەكانی سـەردەمی خۆی بووە، وەك:(بێكەس، گۆران، سەلام، عەبدولواحيد نـوریو زۆری تـر)، لـە هۆنراوەكانيـدا ڕێچـكەی نيشـتمانپەروەریو ئـەڤينی گرتـووە. سـەرەڕای هۆنراوەش، چيرۆكێكی هەيە بەناوی (مەسەلەی ويژدان)، كە لەسـاڵی (١٩٧٠)ز لە بەغدا چاپو بڵاوكراوەتەوە، لە ڕۆژی (٦)ی مانگی شـوباتی سـاڵی (١٩٣٥)ز لەسەر ڕوباری سيروان شەهيدكراوەو چۆتە ڕيزی نەمرانەوە.

نمونەیێک لە هۆنراوەکانی:

لـە خـەو هەڵسـن درەنگـە میللـەتی کـورد خـەو زەرەرتانـە
هــەموو تــاریخی عالــەم شــاهیدی فــەزلو هونەرتانــە
دەسـا تێکۆشـن ئـەی قـەومی نـەجیبی بێکـەس و مـەزلووم
بــە گورچــی بیــبڕن ئــەو ڕێگــە دووره وا لــە بەرتانــە
بخـوێنن چـونکە خوێنـدن بـۆ دیفـاعی تیغـی دوژمنتــان
هەمـوو ئــانو زەمـانێ عــەینی قەلغانو سـوپەرتانە
بـە خـۆڕایی لـە دەسـتی بەرمـەدەن ئـەم خاکـە مەحبوبـە
کــە تــۆزی وەك جــەواهیر ســورمەو کــوحلی بەســەرتانە
بەســەر خاکــا ئەگــەر نــازیش بکــەن حەقتانــە کوردینــە
تەماشــای ســێبەری ئــەو شــاخو کێــوە وا لەســەرتانە
بــەبێ قــەدری بەســەریا ڕامــەبوورن حورمــەتی بگــرن
گوڵاڵــە ســوورەی ئــەم ســەحرایە خوێنــاوی جگەرتانــە
دەمێکــە ئــەم وڵاتــە وا ئەســیری پەنجــەیی جەهلــە
لــە ســایەی عیلمــەوە ئــەمڕۆ ئــیتر نۆبــەی زەفەرتانــە
زوبـانی حـاڵی (ئەحمـەد) هـەر ئـەڵێ وریـابن ئـەی میللـەت
بــزانن بــەردی ئەم شاخانــە ئەلمــاسو گەوهەرتــانــە

(سێ دێر بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان:

هەڵسن	:	هەستن، ڕابن
دەسا	:	دەی، زووکەن، خێراکەن
بە گورجی	:	بەخێرایی، بلەزی
تیغ	:	تیخ، کێرد، چەقوو
سورمەو کوحل	:	کل، جۆرە تۆزێکە چاوی پێ جوان دەکرێ
لە سایەی	:	لە سێبەری

هێمن

(١٩٢١ - ١٩٨٦)ز



هێمن ناوی (سەید موحەمەد ئەمین)ە کوڕی سەید حەسەنی شێخولئیسلامی موکرییە، لە ساڵی (١٩٢١)ز لە گوندی (لاچین)ی نزیك شاری مەهاباد لەدایکبووە. لە تەمەنی منداڵیدا چۆتە بەر خوێندن، سەرەتا ئەلفوبێی لای مامۆستا (سەعید ناکام) خوێندووە، پاشان باوکی ناردوویەتی بۆ شاری مەهاباد بۆ ئەوەی لە قوتابخانەی دەوڵەتی بخوێنێت. لەوێ تا پۆلی چوارەمی خوێندووە، ئینجا باوکی ناردوویەتی بۆ قوتابخانەی ئایینی، لە خانەقای شێخی بورهان ماوەیەك ماوەتەوە، بەڵام خوێندنەکەی ڕێکوپێك نەبووە، دواتر لەلای هەندێك مەلای تر خوێندوویەتی.

لە ساڵی (١٩٤٢)ز کە کۆمەڵەی (ژ. ك)[١] دامەزرا، هێمن ئەندامێکی هەرە چالاکی ئەو کۆمەڵە بووە، لەسەردەمی (کۆماری کوردستان) لە مەهاباد دەورێکی دیاری هەبووە، دەنگی دلێری شیعرو نووسەری باڵادەستی ئەو کۆمارە بووە. لە ١٩٨٦/٤/١٨ز کۆچی دواییکردووەو لە مەهاباد گیانی بە خاك سپێراوە.

١- (ژ.ك): کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد، کە دواتر بووە بە حیزبی دیموکراتی کوردستان

هـێمن یەکێکـە لـە شـاعیرە بـەرزەکانی کـورد لـە سـەدەی بیسـتەمدا. هۆنراوەکـانی هـێمن هـەر لەسـەرەتاوە لـە چـوار چـێوەی شـاعیرو نووسـەران دەرچـووەو لـەناو خـەڵکی کوردسـتان بڵاوبۆتـەوەو لـە دڵـی هـەموو کـوردێکی دڵسۆزو نیشتمانپەروەر جێی خۆی کردۆتەوە.

هـۆنراوەی شـاعیرە کلاسـیکییەکانی کـورد کاریـان تێکـردووە، بەتایبـەتی هۆنراوەی (نالی)، هەروەها هۆنراوەکانی گۆران کاریگەریان لەسەر هەبووە.

هەسـتی نیشـتمانپەروەریو جـوانی سروشـتی کوردسـتانو جـوانی ژن سەرچـاوەی ئیلـهامی شـاعیربوون. زمـانی ئـەدەبی لـە شـیعری هـێمن دا بـە کوردییـەکی ڕەوانو جـوانو پەتییـە، ئـەدیبو شـاعیران پێیـان خۆشـەو نەخوێندەواریش لێی تێدەگەن.

هێمن هەر شاعیر نەبووە، بەڵکو پەخشاننووسێکی هەڵکەوتوو بـووە وەکـو لە پێشەکییەکەی دیوانی (تاریکو ڕوون) دەردەکەوێت.

هێمن چیرۆکنووسێکی بەتوانا بووە. لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دا (تاریـکو ڕوون، ناڵەی جودایی، هەواری خاڵی، ڕێزی نان بگرن).

نمونەیەکە لەهۆنراوەکانی هێمن لە دیوانی تاریک و ڕوون:

تۆم هەر لەبیرە

لە شاییدا لە وەختی هەڵپەڕینا
لە خۆشیدا لەکاتی پێکەنینـــا
لە کۆڕی ماتەمو گریانو شینـا
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
بە شەو تاکو بە سەرما زاڵ دەبێ خەو
بەڕۆژ تاکو دووبارە دێتەوە شـــــەو
لە کاتێکدا کە دەدوێنم ئەمو ئـــەو
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
زەمانێکە کە دەچمە سەیری گوڵـزار
لەگەڵ پۆلی ڕەفیقانی وەفـــــــادار
تەنانەت وەختی دەسبازی لەگەڵ یار
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە
دەکەم تەرخان لە ڕێی تۆدا ژیانـــم
لە سەنگەردا بەرەو ڕووی دوژمنانم
بە خاکی تۆ دەمی ئاویلکەدانــــــم
ئەمن ئەی نیشتمان تۆم هەر لەبیرە

(دوو کۆپلەی سەرەتا بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

ماتەم	:	شین‌و شەپۆڕ، گریان
دەدوێنم	:	قسەی لەگەڵ دەکەم
پۆلێ	:	تاقمێك
وەفادار	:	ئەمەکدار
ئاویلکەدان	:	سەرەمەرگ، کاتی مردن

ئەحمەدێ نالبەند
(١٨٩١-١٩٦٣)ز



هۆزانڤانی دەڤەری بادینان ناوی (ئەحمەد ئەمین نالبەند)ە بە (ئەحمەد موخلیس) دهێتە ناسین، لە ساڵی ١٨٩١ز لە گوندی (بامەڕنێ)ی سەر بە قەزای ئامێدی لەدایکبووە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا دەستی بە قورئان خوێندن کردووە. بۆ خوێندن چووە بۆ:(ئامێدی، زاخۆ، دهۆك‌و گوندی بیدۆهێ لە دەڤەری بەرواری ژۆری)، ژیانێکی پڕ لە دەردە سەری‌و ناخۆشی‌و مشەختی بەسەر بردییە، پیاوێکی قسەخۆش‌و نوکتەبێژو زمانزان بووە.

زۆربەی شاعیرە کۆنەکان کارێکی زۆریان لە هزرو بیرو باوەڕی نالبەند کردووە بە تایبەتی (مەلایێ جزیری)، هەر لەبەر ئەوەش وەکو شاعیرە کلاسیکییەکان زمانێکی تێکەڵ لە عەرەبی‌و کوردی بەکارهێناوە.

نالبەندێ هۆزانڤان، هەڵبەستی بۆ ئەم مەبەستانە هۆنیوە، ئانکۆ ڤەهاندیە:

١. پێهەڵدان‌و پێهەڵگوتن‌و وەسفکردن، کە نالبەند دەستێکی باڵای لەو مەیدانەدا هەبووە.
٢. ئەڤینی‌و ئەڤینداری.
٣. سۆفیاتی‌و خوا پەرستی.

٤. هۆنراوەی کۆمەڵایەتی ئانکۆ جڤاکی، کە شێوەی گاڵتەو گەپ بەخۆوە دەگرێت.

٥. کرێتکردنو پیشاندانی بەرامبەرەکەی، دیارە لەو مەبەستە باڵادەست بووە.

٦. کوردینیو وەڵاتپارێزی.

نالبەندیٚ هۆزانڤان لە (٩)ی ئەیلولی ساڵی (١٩٦٣)ز کۆچی دوایی کردووە، لە گۆڕستانی گوندی (خشخاشا) لە دەڤەری بەرواری ژۆری نێژراوە (هاتیە ڤەشارتن).

نموونەیەکە لە هۆنراوەکانی:

دوهـــی ســـپێدێ ل ســـەربانی
م جانــەك دیــت ژ خــەو ڕابــوو
ژ مـــال دەرکـــەت دەرێ خـــانی
م تـــەخمین کـــر زولـــەیخا بـــوو
زولـــەیخابوو ســـفەت حـــۆری
وەکـــی تـــیرێ ژمـــە ڕابـــۆری
چـوو سـەر ئـافێ ل ڕەخـێ ژۆری
وەکـــی ڕۆژێ ل مـــە ئافـــا بـــوو
دەمـــا زفـــڕی ژ ســـەر ئـــافێ
م دیـــت لێـــدا شـــەقا تـــافێ
مقابـــل چـــوومە هنـــداڤێ
قـــەرە پۆشـــی گرێـــدا بـــوو
دەمـــا تـــافێ ل بـــەژنێ دا
م دیـــت شـــبهی گـــولا ســـپێدا
وەســـا گـــەش بـــوو دنـــاڤ ڕێـــدا
چـوو حـال بـۆ کـەس نـەهێلا بـوو
نـــەهێلابوو بـــۆ کـــەس حالـــەك
دەقیقـــەك ل مـــن ببـــوو ســـالەك
ل ئـــەنیا وێ هـــەبوو خالـــەك
خـــودێ حـــەق تـــازە کێشـــا بـــوو
(سێ دێری بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

دوهی سپێدێ	:	دوێنێ سبەینێ، دوێنی بەیانی.
م جانەك دیت	:	من جوانێکم دیت.
ژ خەو ڕابوو	:	لە خەو هەستابوو.
وەکی تیرێ	:	وەکو تیر
دەما زڤڕی	:	کە گەڕاوە
شەقا تاڤێ	:	تیشکی هەتاو
چوومە هنداڤێ	:	چوومە لای
وەسا گەش بوو	:	وەها گەش بوو
لە ئەنیاوێ	:	لە هەنیەی ئەو، لە نێو چەوانیدا.
دەرێ خانی	:	دەرەوەی ماڵ یان خانوو.
ژمە ڕابۆری	:	بە پێشماندا تێپەڕی.
تاڤ	:	هەتا، خۆر.
مشەخەتی	:	ئاوارە
کرێتکردن	:	ناشیرنکردن

مەلا ئەنوەرێ مایی
(١٩١٣-١٩٦٢)ز



مەلا ئەنوەرێ مایی، تۆرەڤانو مێژوونووسو هۆزانڤان بوو، نیشتمانپەروەرو کوردپەروەربوو، خەباتکارو جانفیدابوو. ناوی (ئەنوەر محەمەد تاهیر)ە لە ساڵی (١٩١٣)ز لە گوندی (مایێ) لە ناوچەی بەرواری ژۆری لەدایکبووە. تەمەنی دوو ساڵان بوو، کە باوکی کۆچی دوایکرد. تا تەمەنی دەبێتە شەش ساڵ هەر لە گوندی (مایێ) دەبێت، پاشان دایکا وی، ئەوی دنێرێتە گوندێ (بامەڕنێ) بۆ خوێندن، هەر لەو گوندە خوێندنی سەرەتایی بە دویماهی دینیت، بەڵام لەبەر دەستکورتی خوێندنی ناوەندی پێ تەواو نەکراوەو شانی داوەتە بەر خوێندنی ئایینیو بە فەقێیەتی لە زاخۆ و دهۆکو ئامێدیو شوێنانی دیکەی گەڕاوە.

لە ساڵی (١٩٣٦)ز ئیجازەی مەلایەتی پێدراوە. لە گوندەکانی (شێروان مەزن)و (بارزان)و لەناو (عەشیرەتی هەرکی) دەرسی داوە. گەلێك کاری میری کردووە. لەسەر هەڵویستی سیاسی گیراوە، لە ساڵی(١٩٤٦)ز دەستگیرکراوە بۆ ماوەی بیستو دوو مانگ دەخرێتە بەندیخانەوە، یەکێك بووە لە ڕەوشنبیرو ڕوناکبیرە کوردانەی کە پشتەڤانو هاریکاری شۆڕشی (١٤)ی تەموزی ساڵی(١٩٥٨)ز یان کردووە. ئەندامی یەکێتیی ئەدیبانی عیراق بووە. دەیان

گوتارو نووسینی لەسەر ئەدەبو مێژووی کورد بە هەردوو زمانی کوردیو عەرەبی نووسیوە. لە ساڵی(١٩٥٩)ز لەگەڵ وەفدێکی میللی بە سەردان چۆتە (چینی میللی)و لەوێ گوتارێکی بە نرخی لەسەر ڕۆشنبیریو مێژووی کوردان پێشکەشکردووە. گەلێك هۆزانو گوتاری لەسەر ئەدەبو نەتەوەی کورد بڵاوکردۆتەوە، لە ڕۆژی (٢٢)ی حوزەیرانی ساڵی(١٩٦٢)ز لە شۆڕشی بەڕەڤانی لە بوونی نەتەوەی کورد شەهید دەکرێو دەچێتە ڕیزی نەمرانەوە.

پرسا من ژ خودێ

خوداوەندێ پاكو سەخیو میهرەبان
دلۆڤانی، هەردەم ژ بۆمە هەمان
هەموو كار، بدەستێ تەنە بێ شكە
چ فەرمان بكەی دێ ببیت بێ ڤەمان
دزانم دگەل كەس تە نینە چو كین
دزانم ژ بۆ هەر كەسەك توی خودان
هەمی دنیا ئەڤرۆ تە كریە مرۆڤ
ژ بۆ هەر كەسێ تە كری یار، زەمان
ژ بۆ هەر كەسێ تە كری دۆست فەلەك
ژ بلی مە كوردان نەما بێ شڤان
نێ ئەم ژ سەپانو بەندێت تەنە
مە هشیار كە یا خودێ مەزن ژ خەوان
چ گونەهـ هەیە مە خودایێ بلند
چ سووچ مە هەیە ئەی خودا، دابزان
مەبینە ل سەر ڕێكەكا ڕاستو ڕوهن
ژ پشتامە باڤێ ڤی بارێ گران
تو ئازا بكە ڤی وەلاتی كمێد
بكێشە دەری وی، دەست تاسبان

(لەسەرەتاوە سێ دێڕ بۆ ئەزبەركردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

دلۆڤانی	تۆ بەرەحمی، بە بەزەیی
ژ بۆمە هەمان	بۆ هەمووەمان، بۆ مەهەمیا
بێ ڤەمان	بێ مانەوە، بێ وەستان
چوکین	هیچ کینەو بوغزێك
تەکریە	تۆ کردووتە بە.
مەهشیار کە	هوشیارمان کەوە
یاخودێ من	ئەی خودای گەورە
چ گوننەهـ هەیەمە	ئایا ئێمە هیچ گوناحێکمان هەیە
ڕوهن	ڕوون

ژ پشتامە باڤێ بارێ گران: ئەو بارە گرانەمان لە کۆڵ کەوە

بێ شکە	بێ گومانە
ژ بلی	بێجگە لە
شڤان	شوان
نێ ئەم	بەلاّم ئێمە
یا خودێ مەزن	ئەی خودای گەورە
مەبینە	بمانهێنە
ژ پشتامە باڤێ	لەسەرمان لاببە، لە کۆڵمان بکەوە.
تۆرەڤان	ئەدیب

عەبدولواحید نوری
(١٩٠٤-١٩٤٤)ز

نووسەر ناوی عەبدولواحید مەجیدە، لە ساڵی (١٩٠٤)ز لە چەمچەماڵ لەدایکبووە، هێشتا هەر منداڵ بووە باوکی کۆچی دواییکردووەو لە نازو خۆشەویستیی باوکی بێ بەش بووە، بەڵام خاڵی نەی هێشتووە بێ باوکیی پێوە دیار بێتو دەستی بەسەر داهێناوەو لەگەڵ منداڵەکانی خۆیدا جیای نەکردۆتەوە، خستوویەتییە بەر خوێندن تاکو بووە بە مامۆستا.

یەکەمجار لە هەڵەبجە دامەزرا، کە گوستراوەتەوە بۆ سولەیمانی پاش ماوەیەك بووە بە جێگری سەرۆکی شارەوانی سولەیمانی، لەدوا جاردا لە قوتابخانەی (فەیسەلییە)ی سەرەتایی دەبێتەوە مامۆستا، هەر لەوێ دەمێنێتەوە تاکو بە نەخۆشی لە ڕۆژی پێنجی تەمووزی ساڵی (١٩٤٤)ز کۆچی دوایی کردووە.

مامۆستا عەبدولواحید بەرامبەر بەو هەموو چاکەیەی کە خاڵی (نوری عەلی) لەگەڵیدا کردووە، هەموو نووسینەکانی بەناوی (ع. و. نوری) واتە (عەبدوالوحید نوری) نووسیوە. بۆیە هەر بەو ناوەشەوە ناوبانگی دەرکردووە. مامۆستا عەبدولواحید نوری مامۆستایەکی نمونەیی ڕاستەقینەبوو، دڵسۆز بوو بۆ قوتابییەکان، بۆ ژیان پەروەردەی دەکردن، بە

ماموٚستایی گەلێك كەسی بە بیری نیشتمانپەروەری‌و پێشكەوتنخواز پەروەردەكردووە. لە ڕیزی پێشەوەی ئەوانەیە، كە بیری پێشكەوتن خوازییان لەناو كورد بڵاو كردۆتەوە.

نووسەرێكی مەزن بوو، تێكۆشەرێكی كورد بوو، لەزۆر مەیداندا خزمەتی كوردی كردووە، لەو ماوە كورتەی ژیانیدا گەلێك كتێب‌و نامیلكەی پێشكەش بە نەتەوەكەی كردووە.

بۆ لاوان:

بەرزیی کوردی

ع. و. نووری
له گەلاوێژی ژماره (٦،٥) ساڵی (١)

لاوان!

چونکی ئێوه هەوێنی ژیانی دوا ڕۆژمانن هەموو هاوارێکم بۆ ئێوەیە: هەموو ئەبینن چۆن گەلاوێژ تەقەلا ئەدا که کوردی بەرز بکاتەوە، جوان ئەو نووسینانەتان خوێندۆتەوە!

براکانم!

وا بوو به بیست ساڵ خەریکی نووسینم، چاك خراپ هەندێ کتێب هێنرایه کایەوە! لەم چەرخەدا جوان تێگەیشتم کوردی له بنچینەدا لەڕو لاواز نەبووەو نییە، ئێمە خۆمان لەڕو لاوازین، لەخوێندنا کەم تەرخەمو له نووسیندا بێ باکین! ئێمه خۆمان... ڕەنگه دوژمنانی ئەم وتەیەم بڵێن فەرموو وەره کیمیایەکمان بۆ تەرجەمه بکە!

له پێش ئەوەدا پاسوختان بەمەوه پێتان ئەڵێم: زمانی زانست له گێتی دایه یەکه دوو نییە.

چۆن ناتوانین بە (Napolion) بڵێین (دارا) هەروەها ناتوانین بە (Hidrogin) بڵێین غازی سووك چونکی شیرازەی مەدەنێت تێك ئەچێو ئه ئاڵۆزێو سەر لێ شێوانی له دوایە. ئیمڕۆ ئەبێ چاك بزانین له ڕۆژ هەڵاتا تورکەکان بە هەموو هێزی خۆیانەوه هەوڵ ئەدەن خۆیان لە

ڕۆژهەڵاتێتی دوور خەنەوە بەڵام ناتوانن زمانەکەیان وەك ئەوروپایی لێ بکەن!

بە پێویستی زمان تیپی فرانسزی بەکار دێنن چۆن کوردانی قەفقاسیا لە نووسینا بێ چار فرانسزی بەکاردێنن!

کوردی.... وەك گوڵێکی ڕەگ زلی سیسی قەراغ ڕوبارێکی وشك وایە... وە ڕیشوی ڕەگی بە هەموو لایەکدا بڵاوبۆتەوە!

ئەبێ خۆتان بکەن بە ئاو ئەو ڕوبارە تەڕ بکەنەوە هەر یەکە لە عاستی خۆی ئەم گوڵە جوانە ئاو بدا، تا بگەشێتەوە، چ ئێوەو چ ناحەزی کورد ئەبێ وەك مانگی چواردە ببینن‌و بزانن کوردی ئەژی‌و نامرێ‌و لە مردن لە چەند لایەکەوە ڕزگار کرا.

ئێوە گەر بە جەوهەرن... بنووسن، ئێوە گەر بەهۆشن بخوێننەوە... ئێوە ئەگەر لاون! بنووسن‌و بخوێنن. بە خوتو خۆڕایی سەر زەنش مەکەن، ئەم خانووە کە ئێمە ئەمانەوێ بیکەین بۆ پاراستنی زمانی کوردی ئەبێ بە ڕوناکی چاوو خوێنی لەش قوڕی بۆ بگرینەوە.

ئیتر مەبن بە دڕك‌و داڵ لە ڕێی ژیان بۆ کاول کردنی زمانەکە مەڕۆن، بۆ ڕازاننەوەی بڕۆن، براکان! دەبێ ببن بە پرد تا کوردی بەسەر لاشەتانا بڕوا بۆ بەرزی!

(تەنها بۆ خوێندنەوەیە).

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

گەلاوێژ : گۆڤارێکی ئەدەبی زانستی کوردی بوو، دەساڵ بـــە ڕێکـــوپێکی دەرچـــوو (١٩٣٩-١٩٤٩) خزمـــەتێکی زۆری زمـــانو ئـــەدەبیاتی کـــوردی کردووە.

پاسوختان بدەمەوە : وەڵامتان بدەمەوە، بەرسڤێ وە بدەم

بە خوتو خۆڕایی : بە بەلاش، لە خۆڕا

کەمتەرخەم : بێ باك

گێتی : جیهان

سەرزەنش : لۆمەکردن

دڕك : دڕی، ستری

ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)
(١٩١٥-٢٠٠٠)ز

سـالّی (١٩١٥)ز لـە سـلێمانی لـەدایکبووە، سـالّی (١٩٣٧) لـە بەغـدا کۆلێژی مافی تەواو کردووەو دوایی بووەتە دادوەر. ئـەو سـالّەی کۆلێـژی مـافی تـەواو کرد، نامیلکەیەکی بەناوی (الاکراد والعرب) بلاّوکردەوە، کە بـاس لـە پـەیوەنـدی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـوردو عـەرەب وئاسۆی هاوکاریان دەکات.

لـەنێوان سـالاّنی(١٩٣٩- ١٩٤٩)ز بـە هاوکـاری خوالێخۆشـبوو عەلائـەدین سەجادی گۆڤاری (گەلاوێژ) یان دەرکردووە. ئەو گۆڤارە سـەردەمێکی زێرینـی لە ژیانی ئەدەبو رۆژنامەنووسی کوردیدا هێنایە پێشەوە.

ئیـبراهیم ئەحمـەد یەکێکـە لـە پەخشاننووسـە هـەرە دیارەکـانی کـوردو رووداوی نالەباری خۆمـالّی، چەوسـاوەو هـەژاران، نرکـەو راپـەڕینی جوتیـاران، رەوشی رامیاری، ژیانی پڕ لـە مەینـەتی ژنـانی کـوردو کـوڕی خـەبات، سیمای هەرە دیاری ناو چیرۆکو رۆمانو پەخشانەکانی ئەم کەڵە نووسەرەن.

لە شیعریشدا، شیعری جوانو پـڕ واتـای هەیـە، (یادگـارو هیـوا) لـە پارچـە شیعرە هەرە بەرزەکانی ئەم نووسـەرەن. ئیـبراهیم ئەحمـەد، بـەهۆی هەسـتی

نەتەوایەتیو چالاکی ڕامیارییەوە، لە ساڵی(١٩٤٩)ز ڕەوانەی بەندیخانەی ئەبوغرێب کراوە، بەهۆی ئەم گرتنەش چرای گۆڤاری گەلاوێژ کوژاوەتەوە.

ئیبراهیم ئەحمەد جگە لە چیرۆکو پەخشانو شیعرو وەرگێڕان، ڕۆژنامەنووسێکی بە توانابوو. ساڵی (١٩٥٨)خاوەنی ئیمتیازی ڕۆژنامەی (خەبات) بووە.

لە بەرهەمەکانی:

١- کۆمەڵە چیرۆکی (کوێرەوەری).

٢- ڕۆمانی (ژانی گەل) و (دڕکو گوڵ)ی بە چاپ گەیاندووە.

ماوەیەك سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە (٢٠٠٠/٤/٨) زاینیدا لە لەندەن کۆچی دوایی کردووە.

بەرەو ڕوناکی

لەناو جەرگەی تاریکییەوە
دەست بە کەلەپچەو تەوق لە ملو زنجیر لە پێ
لە کانگای نەزانییو هەژارییو دیلییەوە...
کەوتوومە ڕێ، هاتووم ئەڕۆم بەرەو ڕوناکی

**　　**　　**

ناو چاوانم تفی پیا دێتە خوارەوە
پێم شەلی دارکارییە
فرمێسك لە چاوما قەتیس ماوە

پێستم بەسەر ئێسکما وشك بۆتەوە
بەڵام بە دڵێکی وەك پۆڵاوە
ڕێم گرتۆتە بەر ئەڕۆم بەرەو ڕوناکی
ماندووم‌و ڕێگاکەم دوورە
برسیم، دوژمنەکانم تێرن، ڕووتم‌و ئەوان پۆشتەن
بێ هێزم‌و ئەوان بە دەسەڵاتن
من دەست‌و پێ بەستراوم‌و ئەوان بەڕەڵان
لەگەڵ ئەوەشا بە ویستێکی نەگۆڕەوە
بە گیانێکی نەبەزو زاتێکی مەردانەوە
ئەڕۆم بەرەو ڕوناکی
نا... نا من هەر خۆم نیم
بە تەنیا نەکەوتوومە ڕێ
هەزاران هەزاران هەزارین
بەرەو ڕوناکی ئەڕۆین‌و
بێ گومان بە کوێرایی چاوی هەموو دوژمنان
سەرەڕای هەموو
سەختی‌و تووشی‌و مەترسی‌و تاریکی ڕێوبان
گەیوین‌و ئەیگەینێ

** ** **

(کۆپلەی یەکەم بۆ ئەزبەرکردنە)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

نامیلکە : کتێبی بچووك

گەلاوێژ : ١. ئەستێرەی گەلاوێژ، ٢. مانگی سێیەمی هاوینە، ٣. ناوی ئەو گۆڤارەیە کە بەڕێزان (عەلائەدین سەجادیو ئیبراهیم ئەحمەد) لە سالآنی(١٩٣٩– ١٩٤٩)ز بەیەکەوە دەریانکردووەو زۆربەی شاعیرانو نووسەرانی کوردیش بەشدارییان تێدا کردووە.

ڕەوش	: بارودۆخ
مەینەتی	: ناخۆشی، کوڵو کۆڤان
کەڵەنووسەر	: نووسەرێکی بە توانا، نڤیسەرەکی مەزن
ڕۆمان	: چیرۆکی درێژ
قەتیس ماوە	: پەنگی خواردووەتەوە
سیما	: ڕوخسار، خاسیەت
بە ویستێکی نەگۆڕەوە	: بە ئیرادەیەکی بەهێزەوە
تووش	: ناخۆشی، سەختی، مشەختی

بەشی خوێندنەوە

١. ئەحمەد شەوقی
٢. گەشتیاری، وەرزش و ڕۆشنبیرییە
٣. چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی
٤. ئالأی کوردستان
٥. نەورۆز
٦. ژیان چییە؟
٧. هەنگ بەخێو کردن
٨. دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە
٩. دایك

ئەحمەد شەوقی[1].

ئەگەر سەیرێکی مێژووی ئەدەبیاتی کوردیو عەرەبیو زمانەکانی دراوسێی کورد بکەین، دەبینین گەلێ شاعیرو نووسەرو فەیلەسوفی هەڵکەوتوو هەن، جگە لە زمانی دایك، بە زمانی یەکێك لەو گەلە موسلمانانەی دراوسێی شیعرو پەخشانی نووسیوە، یان بەیەکێك لەو زمانانە بەتایبەتی عەرەبی شیعرو پەخشانی نووسیوەو تۆمار کردووە، (ئەحمەد شەوقی) یەکێکە لەوانەی کە باسمان کردن.

شەوقی یەکێکە لە شاعیرە هەرە بەرزەکانی ئەدەبیاتی عەرەبو جێی شانازییانە، لە هەمان کاتدا بە یەکێك لە شاعیرە بەرزەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی دەژمێرێ، شەوقی لە قاهیرە پایتەختی میسر لەدایکبووەو لەوێ پێگەیشتووەو خوێندنی سەرەتاییو ناوەندی لە میسر تەواوکردووە، لە فەرەنسا حقوقی خوێندووە، بەڵام بەهۆی جەنگی یەکەمو دوورخستنەوەی بۆ (ئەندەلوس)و زرنگیو هەستی ناسکیو ڕەوشتی جوانی وای لێکردووە، کە هەست بەئێشو ئازارو ناخۆشی باری وڵاتەکەی بکاتو وەکو شاعیرێکی نیشتمانپەروەر هەستی خۆی دەربڕێت، چ بە شیعرو چ بە پەخشان، لەبەر ئەوە دەبینین شەوقی هەروەکو (فیکتۆر هۆگۆ)ی شاعیری فەرەنسی کە لە ئاوارەیی گەڕایەوە، هەستو ئارەزووی گەلی میسری (ژێر دەستی ئیستعمار) لەناو دووتوێی وشە ڕەنگینەکانی شیعرو پەخشانەکانیدا دەردەبڕێتو داوای

---

(١) شەوقی لە پێشەکی بەشی یەکەمی دیوانەکەی خۆیدا کە ناوی (الشوقیات)ەو خۆی دەری کردووە، دەڵێت: "باوکم خوای لێ خۆش بێت، بنەچەو ڕەگەزمانی دەبردە سەر کوردەکان..."

ڕزگاریی گەل‌و وڵاتی دەکرد، لە دەستی زۆرداری، شەوقی بە قەسیدەو پارچە شیعرە نیشتمانییەکانی دەریخست، کە دەست کەلای کۆشکی پاشاکان نییەو شاعیری گەلە. شەوقی هەروەکو گەلێ شاعیرو نووسەری تر شاعیری بەرزی ئینگلیز (شێکسپیر) کاری تێکردووە، ئەمەش لە داستانی (مصرع کلیوباترا)–لەناوبردنی کلیوباترا–دا بە تەواوی دەردەکەوێت. لە بەرهەمە هونەرییەکانی شەوقیدا گەلێ مەبەستی بەرزو باڵا دەربارەی ژیان‌و مرۆڤایەتی‌و سروشت‌و هەستی نەتەواویەتی بەدیدەکرێت. دیوانە گەورەکەی شەوقی پڕە لە پارچە شیعری وا، کە پۆپەی شیعری وریابوونەوەی سەدەی بیستەمە. جگە لەمانە شەوقی بە پێشەنگی کاروانی بوژاندنەوەی شیعر دەژمێررێ، سەرەڕای ئەوەی کە لە نووسینی شانۆنامەدا دەستێکی باڵای هەبووە، بەرهەمە بەنرخەکانی شەوقی ئەمانەن: (الشوقیات، مجنون لیلی، قمبیز، مصرع کلیوباترا، اسواق الذهب).

ئەمە نمونەیەکە لە شیعرەکانی ئەحمەد شەوقی کە کراوە بە کوردی:
(ئەو بولبولانەی کوندە پە پوو پەروەردەی کردن).

ئەڵێن (سلەیمان)[1] زمانی هەموو، مەلی ئەزانی
ئەکەوتە گفتوگۆ لە گەلیاندا، زۆر بە ئاسانی
کوندە پەپوو زۆر ڕیزی بوو لەلای، پێی وت سلەیمان،
ئەم بولبولانەم بۆ پەروەردە کە بەدڵو بە گیان
ڕۆژێك حەزی کرد بێن بۆ خزمەتی، بۆ چاوپێکەوتن
هاتنە بەردەمی، بەڕێز کە وەستان تێر سەیری کردن
کزۆڵە دیاربوون، بێ تواناو تاقەت، بێ هێـــــزو لاواز
هەرچەندە هەوڵیان دا، لەگەڵ سلەیمان نەکەوتنە ڕاز
سلەیمان وتی ئەم بولبولانە، من ئاوام دەوێـــــــــن
هەرچی چۆنێك بێت، سەربڕینیشی بێ، هەر تیمار بکرێن
پەپوو سلەیمانکە[2] هاتە پێشەوە، ئازاو دەستو برد
عەرزی گەورەی خۆی- زۆر بەڕێزەوە- ئا بەم جۆرە کرد:
ئەم بولبولانەی کە دەیان بینی، کەڕو لاڵ نەبوون،
پەروەردەکەریان کوندە پەپوو بوو، بۆیە وا دەرچوون!!

---

(١) مەبەست سلەیمان پێغەمبەرە.

(٢) پەپووسلەیمانکە: باڵندەیەکی پەیامهێنەری حەزرەتی سلەیمان پێغەمبەرە بوو.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
هەڵکەوتوو	:	لێهاتوو
شانازی	:	فەخر
دامودەستگا	:	دامەزراوەکانی میری
ئاوارەیی	:	دوورکەوتنەوە لە وڵات
دووتوێی	:	لەنێوان، بەین
پێشەنگ	:	ڕابەر، ڕێبەر
پۆپە	:	لوتکە

گفتوگۆ:

١. شەوقی شاعیری گەلە ئایا، ڕاستە یان نا؟ بۆچی؟

٢. شەوقی لە پێشەکی دیوانی (الشوقیات)دا دەربارەی ڕەگەزی خۆی چی دەڵێت؟

٣. شەوقی لەژێر کاریگەری کام شاعیری ئینگلیزدا بووە؟

٤. ئایا شەوقی جگە لە شیعر، پەخشانو شانۆنامەی هەیە؟

٥. ناوی چەند شاعیرو نووسەری تر بنووسە، کە کورد بوون، بەڵام بە زمانی کوردی بەرهەمیان نەنووسیوە.

٦. مەبەستی شاعیر لەم شیعرە چییە؟

گەشتیاری، وەرزش و ڕۆشنبیرییە

جـاران هاتوچـۆ زۆر نـاخۆش و نالـەبار بـوو، مـرۆڤ زۆر ئـازاری دەچێشـت و گەلێك ماندوو دەبوو. تا ئێستا هاتوچۆ لە هەندێك وڵاتـی دواکـەوتووی دوور لـە شارسـتانییەوە، نـەك هـەر مایـەی هیلاکـی و کەنەفتییـە، بـەڵکو مەترسیشـی تێدایە و مرۆڤ تووشی گەلێك گێچەڵ و کارەسات دەبێت.

بـەڵام هاتوچـۆی ئـەمڕۆ وەك جـاران نییـە، بـەڵکو گەشـتیاری و خـۆش ڕابواردنە. مرۆڤ بۆ ماوەیەك لە ئەرك و سـەرقاڵی ڕۆژانـە دوور دەکەوێتـەوە، بـۆ ئەوەی بایەکی باڵی خۆی بدات و بحەسێتەوە. ئینجا لەو سـەرەوە بـە گیـانێکی نوێ و ئارەزوویەکی تـەواوەوە، دێتـەوە سـەر کـارو کاسبی خـۆی. هـەر لەبـەر ئەمەیـە، کـە دەبیـنین ئـەمڕۆ دەسـتکورت و کەمدەرامەتـەکانی ئـارەزووی گەشتیاری دەکەن.

ئەمڕۆ هەر کەسێك ئارەزووی گەشتیاری کـرد، مـەرج نییـە دەوڵەمەنـدبێت، ئـەوەتا دەسـتەیەك لاوی تازەپێگەیشـتوو، پەیـدابوون، گەشـتەکەیان هـەر ئەوەندەی تێدەچێت، کە لەماڵی خۆیاندا دەیخۆن و لایـان وایـە کـە گەشـتیاری هونەرێکی جوانە، سەیر دەکەیت لە وڵاتێکی وەکو نەمسا یان ئەڵمانیا، قوتـابی بەپێ یان بە سواری پایسکل، وڵاتان دەگەڕێت، مەگەر کاتێك سـواری فـارگۆنی ژمارە سێ، یان چواری شەمەندەفەر ببێت، کـە پارەیـەکی مـۆڵی پـێ بێـت لـە هەر شـوێنێك شـەوی لێـداهات، دەسـت دەبـات جانتاکـەی دەکاتـەوە و چـادرە بچـکۆلە قەدکراوەکـەی دەردەهێنێـت و هەڵیـدەدات و لەژێریـدا دەخـەوێت، خـۆ

ئەگەر وای نەکرد، لە خانێکی بچووك یان لە کادانی ماڵە جوتیارێکدا ڕۆژ دەکاتەوە.

ئێستا باشم لەبیرە، کە یەکەم جاری خەوتنی ناو کادانم لە گەشتیاری، ئەو جارە بوو، کە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەگەڵ دەستەیەك قوتابییانو دەرچووانی زانکۆکانی ئینگلترا چووین بۆ وڵاتانی ئەسکەندەنافیا، کادانێکی گەورەیان لە ناوەڕاستی کێڵگەیەکدا پیشان داین، کادانەکە لە تەختە دروستکرابوو کارەباشی تێدابوو، کە چووینە ناوەوە هەریەکەمان دەستمانکرد بە کاکۆکردنەوەو جێگا خۆشکردن، جێگای خەوتنێکمان دروستکرد گەرموگوڕو خۆش، ئیتر بۆ خۆمان تا بەیانی لێی خەوتین، خەوێکی قووڵ. بەیانی کە لەخەوهەستاین لەخەو بۆمان دەرکەوت، کە هەمووومان خرپ خەومان لێ کەوتبوو کەسمان خەبەرمان نەبوو بوۆوە، ئینجا کە لە کادانەکە هاتینە دەرەوە، دانیشتوانی ئەو شوێنە قسەی خۆشیان لەگەڵدا کردینو ڕێزیان لێنان.

وەنەبێت لەو وڵاتانەدا، هەر کادان دەست کەوێتو ئیتر هیچی تر، بەڵکو گەلێك شوێنی تر بۆ حەسانەوەو خەوتن بە دەست دەکەوێت، وەك شوێنی ئەو قوتابییانەی کە هاوینان دەگەڕێنەوە ناو کەسوکاری خۆیان، یان وەك شوێنی کەشتیوانەکان، کە بە کەشتی دەڕۆنو شوێنەکانیان بەجێدەهێڵنو بە بەتاڵی دەمێننەوە. ئەمە جگە لەوەی لە دێهاتو شارە بچکۆلەکانیشدا شوێنی خەوتن چنگدەکەوێت.

ئەگەر گەشتیارێك ڕێی بكەوێتە یەكێك لەو شوێنانە، ژوورێكی خاڵی لە ماڵێكدا دەدۆزێتەوەو بە پارەیەكی كەم بەكرێ دەیگرێت.

گەشتیاری هەلێكە دەبێت لەكیس نەدرێتو هەر دەرفەتێكمان دەستكەوت، دەبێت بچین بۆ گەڕانو جیهان ببینین. بەهۆی گەشتیاری فێری زۆر شت دەبین، كاتێك گەشتیار سوود لە گەشتو گەڕانو هاتوچۆ وەردەگرێت، كە ڕۆشنبیرو وریا بێت، نەك وابزانێت، كە بە پارەی زۆرەوە دەتوانێت سوود وەربگرێتو فێرببێت.

ڕاڤەی پەیڤەكان

پەیڤ		واتاكەی
كەنەفت	:	ماندوو
گێچەڵ	:	گرفت
كارەسات	:	ڕووداوی ناخۆش
سەرقاڵ	:	پڕئیش
دەرفەت	:	دەلیڤە، فرسەت، بوار
گەشتیار	:	گەڕۆك
مۆڵ	:	زۆر
خان	:	شوێنی حەوانەوەی ئاژەڵ
خاڵی	:	بەتاڵ

گفتوگۆ:

١. بۆچی جاران هاتوچۆ ناخۆش بوو؟

٢. ئێستا بەهۆی چییەوە دەتوانین بە ئاسانی هاتوچۆ بکەین؟

٣. بۆ ئەوەی بتوانین هاتوچۆ بکەینو بچین بۆ گەشتیاری، ئایا مەرجە دەوڵەمەند بین؟

٤. چۆن لاوی تازەپێگەیشتوو، لە ئەوروپا دەتوانن بە پارەیەکی کەم بە ئارەزووی خۆیان بگەڕێن؟

٥. ئایا لەم وڵاتەی خۆتدا گەڕاویت؟ ئەگەر گەڕاویت لە گەڕانەکەتدا هەر خۆت بەتەنها بوویت یان لەگەڵ خەڵکی تردا بوویت؟

٦. ئایا دەتوانیت لەگەڵ هاوڕێکانتا بۆ چەند ڕۆژێک بە پارەیەکی کەم بۆ گەشتو گەڕان بۆ شوێنێکی نزیک بچیت؟

٧. ئەگەر تا ئێستا نەچوویت، ئایا دەتوانیت بەم نزیکانە بچیت؟

چیرۆکێکی فۆلکلۆری کوردی

له (شانۆی ناومالْ) به دەستکارییەوە[1].

پیاوێکی دەوڵەمەندو بە سامان نابووت بوو، هیچی نەما بەندەیەك نەبێت، ڕۆژێك بە بەندەکەی گوت: کوڕم ئێمە لەم شارە هیچمان بۆ ناکرێت، من دەناسن، ڕووم نایەت دەست لە کەس پان بکەمەوەو هەندێك ئیشیشم بۆ ناکرێت، هەتا ئەمڕۆ مەزنو ناسراو بووم. زەمین گەلێك فراوانە. با بچین بۆ وڵاتێکی دی بەڵکو خودا چارەسەرێکمان بکات.

ڕۆیشتن، لە وڵاتی خۆیان دوور کەوتنەوەو گەیشتنە شارێك، تەماشایان کرد، خەڵکی ئەو شارە کۆببوونەوە، تومەز پادشایان مردووە، پادشا بۆ خۆیان دادەنێن. ئادەتی ئەو گاڤەش ئۆسابوو، بازیان هەڵداوە، بەسەری هەر کەسەوە نیشتبێتەوە ئەویان کردووە بە پادشا. بەندە ڕووی کردە خودانیو گوتی: ئەی گەورەی من، ئەگەر خودا کردی، ئەم بازە بەسەری تۆوە نیشتەوە، تۆ لەگەڵ خەڵکی ئەم شارە چی دەکەیت؟ وتی:

- کوڕم، ئەوە دوورە لەمن کە خودا بە دەردو مەینەتی دووچاری کردووم.

بەندە گووتی:

---

(١) (شانۆی ناومالْ) کتێبێکی خوا لێ خۆشبوو مەلا مستەفای حاجی مەلا ڕەسولە، کە ناوبانگی بە (سەفوەت) دەرکردبوو، ئەم کتێبە لە ساڵی(١٩٧١)ز لە بەغدا لە چاپ دراوە، هەروەها (گولستان)ی شێخی سەعدیی کردووە بە کوردیو دیوانێکی شیعرو گەلێك کتێبی تری چاپ کراوی هەیە، لە ساڵی (١٩٦٣)ز لە سلێمانی کۆچی دواییکردووە.

– قوربان، ئەمە ئیشە، بەڵکو خودا کردی!

گوتی:

– بەڕاستی خزمەتیان دەکەم. خودا چۆنی فەرمووە بەو جۆرە کردەوەیان لەگەڵ دەکەم. ئەی کۆیلە ئەگەر بەسەر تۆوە نیشتەوە چی دەکەیت؟

گوتی:

– من شەل‌و کوێرم ناپارێزم، تێیان دەکەوم، سزایان دەدەم، یەکێك پیاوێك بکوژێت، دەیکوژمەوە. ئەوی شکاتی کردووە ئەویش دەکوژم، ئەوی شایەتی دا ئەویش دەکوژم، پیاوێك دزی بکات دەیکوژم، ماڵ دزراویش دەکوژم. ئەوەی شایەتیدا ئەویش دەکوژم. ڕاستیی چی خودا فەرموویەتی من وەسا لەگەڵ وان ناکەم.

گەورە گوتی:

– جا ئەمە ئینسافە؟

کۆیلە گوتی:

– جا خودا دەکات زۆرم لەکێ کردووە؟ یا گوێی لەم وتانە نییە؟

ڕۆیشتن، لە سوچێکەوە نزیك ئەو خەڵکە وەستان. بازیان هەڵدا، هات، گەڕا، زۆر بەسەر خەڵکەکەدا سووڕایەوە. هەتا کۆیلەی دۆزییەوە، بە سەرییەوە نیشتەوە. کە سەیریان کرد کۆیلەیەکی ڕەش، لچ شۆڕی ناشیرینی، ئێسك قورسە.

گوتیان:

– باز خەڵەتی کردووە.

هەڵیان دایەوە، دووبارە بەسەرییەوە نیشتەوە، دیسان گووتیان:

- باز خەڵەتی کردووە، چۆن ئەمە بۆ پادشایی دەست دەدات، جاری سێیەم هەڵیان دایەوە هەر بەسەر ئەوەوە نیشتەوە! ئیتر چارەیان نەما، کردیان بە پادشا. هەرایان بۆ دروست کردو چووە سەر تەختی پادشایی.

دەستی کرد بە ئیش، بەڵام چۆن؟ هەرچی وتبووی بەزیادەوە تەپڵی تۆپێنی پێکردن. کەسێك کەسێکی دەکوشت دەیکوشتەوە. خاوەن کوژراوو کێ ئاگاداری بوو دەیکوشت. یەکێك دزیی بکردایە بە ماڵ دزراوو بە شایەتەوە دەیکوشتن. گەیاندییە ڕادەیەك هیچ کەس بۆ هیچ شت نەیدەتوانی داد داوا بکات، یا دەنگی لێوە بێت. بە ڕۆژ ئەمە ئیشی بوو، بە شەو کاتێك دیوان چۆڵ دەبوو، دەبووەوە بە بەندەی گەورەکەی‌و دەکەوتە خزمەت‌و حورمەتی.

پیاوە ماقووڵ‌و تێگەیشتوانی شار کۆبوونەوە، گوتیان: ئێمە ئەم بەندە ڕەشەمان کرد بە پادشای خۆمان، خۆ وا ئێمەی تەنگ کرد، چارمان چییەو چی بکەین؟ یەکێك لەوان گوتی: ئەمە پیاوێکی لە تەکدایە زۆری حورمەت دەگرێت. با بچین تکا لەو پیاوە بکەین، تکامان بۆ بکات، بەڵکو وازمان لێ بهێنێت بەم دەردەمان نەبات. چوونە لای گەورەو گوتیان:

- قوربان تۆ دەزانیت، ئێمە خۆمان ئەم ڕەشەمان کرد بە پادشا بۆ ئەوە بوو کە خزمەتی ئێمە بکات، بەڵام ئەمە نازانین تۆ ئاگاداریت یان نا؟ هیچی نەهێشت، وا پیاوێك پیاوێك دەکوژێت، ئەم دیکوژێتەوە باشە، بەڵام باوکی کوژراوەکە بۆچ دەکوژێت؟ یا شایەتەکان بۆچ؟ ئەوا دز دەکوژێت؟ ئەی ماڵ دزرا؟ یاخود شایەتەکانیش بۆچ دەکوژێت؟ تۆ لەلای ئەو

بەڕێزیت، تکای لێ بکە بە عەدلو داد لەگەڵمان بجووڵێتەوە. گەورە پەیمانی پێدان، کە پێی بێژێت. شەو بەسەرداهات، دوای چۆڵ بوونی دیوان، کابرای پادشا بووەوە بە کۆیلە بەرامبەربە گەورەی وەستا.

گەورە گوتی:

- ڕۆڵە تۆ بۆچ لە خودا شەرم ناکەیت. ئێمە لە برسێتیدا وڵاتی خۆمان چۆڵ کردو دەربەدەر بووین، ئێستا خودا کردووینی بە پادشا، بۆچی سوپاسی خودا ناکەیت؟ بۆچی وا لەم هۆزە دەکەیت کە لەپڕ پەلامارمان بدەنو بمانکوژن.

کۆیلە گوتی:

- گەورەم ڕۆژەکەت لەبیر نایەت لە قەراغ شار، من لەتۆم پرسی ئەگەر خودا تۆی کرد بە پادشا چی دەکەیت لەگەڵ ئەمانە، تۆ گوتت: خودا چی فەرمووە بەو جۆرە کردەوە لەگەڵ ئەوان دەکەم. من گوتم: خودا چی فەرمووە وایان لەگەڵ ناکەم، قەلاچۆیان تێدەخەم، خودا ئاگاداربوو، ئەگەر شایانی عەدلو دادبوونایە خودا تۆی دەکرد بە پادشایان. بەڵام شایانی ئەمەن کە من لەگەڵ ئەوانی دەکەم، ئێستاش من لەم کردارە پەشیمان نابمەوە، هەتا ئەوان تۆبەیەکی بەڕاستی دەکەن. ئەگەر تۆبەیان کرد، خودا دڵی منیان بۆ نەرم دەکات، کە بە عەدلو داد، لەگەڵیان بجووڵێمەوە. ئەوان تۆبەیان کردو ئەمیش باش بوو.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

ئێمە لەم شارە هیچمان پێ ناکرێت: مە ل ڤی باژێڕی نەشێن چ بکەین.

کۆم بوون	:	کۆبوونەوە، گردبوون، گردبوونەوە
یەکێك لەوان وتی	:	یەك ژوان گۆت
وازمان لێ بێنە	:	ژمە بگەڕێ، مەبەردە
پێی بێژێت	:	ببێژێتەوی، بەو بڵێت، پێی بڵێت
بمانکوژن	:	مەبکوژن
کردووینی	:	مەکری یە
لە تەکیدایە	:	لە گەڵیدایە
بەندە	:	کۆیلە، عەبد
گەورە	:	مەزن
فراوان	:	فرە
بڕۆین	:	بچین، بمەشنین
خودا	:	خوا، یەزدان، بینایی چاوان
شار	:	باژێر
من دەناسن	:	م ناس دکەن
لەگەڵ وان	:	لەگەڵ ئەواندا
نەختێ	:	کەمێك، پیچەك
چۆڵبوو	:	ڤالابوو، والابوو
خودان	:	خاوەن

دروستی کرد	:	چیٚکر
ئێمە خۆمان	:	مە بۆ خۆ.
ڕۆلەم	:	کوڕم، کوڕی من
گاڤ	:	کات، وەخت
ئۆسا	:	ئۆسان، هۆسان، هۆسا، ئاوا
قەراغ شار	:	کەنار شار، ڕەخی بازێر
هۆز	:	گەل، میللەت.

گفتوگـۆ:

١. بەم چیرۆکەدا چ پەندێکی کوردیت دێت بە بیردا؟ لە مامۆستایان، باوك یان برات بپرسە ئەم پەندەت تێبگەیەنن: (خودا کێو نەبینێت بەفری تێناکات). یا مانای ئەم ئایەتە پیرۆزەت بۆ ڕوون بکەنەوە: (لا یغیر الله ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم).

٢. بە کورتی باسی سوودی ئەم چیرۆکە بکە.

٣. مانای (فۆلکلۆر) لە مامۆستا بپرسە.

ئاڵای کوردستان

ئاڵا نیشانەی سەروەری و شکۆمەندی و شانازی هەر وڵات و دەوڵەتێکە. ئەرکی هەر هاووڵاتییەکە خزمەتی ئاڵای نیشتمانەکەی بکات، گەل و نەتەوەکان، هەمیشە لە هەوڵی بەرز ڕاگرتنیدان. ئاڵا بۆ نەتەوەیەکی بێ قەوارەی سیاسیی وەك کورد، ئامرازیکی کاریگەرە بۆ بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی.

ئاڵا، وەك هێمایەك یان نیشانەیەك دەوڵەت بەرزی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە دەوڵەتەکانی دیکەی جودا بکاتەوە، ڕەنگە بریقەدارەکانی و نەخشەکەی سەرنجڕاکێشە، کە هێمای خاکی نیشتمان، گەل و حکومەتە، لەگەڵ ئەو بەها و ڕوومەتانەی کە ڕۆڵەکانی نەتەوە بڕوایان پێ هەیە، ئاڵای نیشتمان هەستی کامەرانی خەڵك دەجووڵێنێت، یان گیانی ئازایەتییان تێدا دەوروژێنێت و بەرەو گیانفیداییان دەبات، خەڵکێکی زۆر لە پێناو ئاڵای نیشتمان مردن، بۆ ئەوەی دووچاری نوشستی و ڕیسوابوون نەبن.

به پێی سەرچاوەکان هەرچەندە یەکلانەکراوەتەوە. زەحمەتە بزاندرێت کەی بۆ یەکەم جار ئاڵا بەکار هاتووە، دەکرێت بلێین ئەوە بەندە بە تێگەیشتن لە چمکی ئاڵا و پێناسەکردنی، ڕەنگە میسرییە کۆنەکان سەرەتا ئاڵایان بەکار هێنابێت.

نەتەوەی کوردیش بە درێژایی میژوو لەو قەوارە و بزووتنەوە سەربازی و شۆرشگێڕیەکانی بەپیی تێگەیشتنی خۆی ئاڵای بەکارهێناوە.

لە سەدەی بیستەم بە سەرهەڵدانی ڕاپەڕین و شۆڕش و کۆمەڵ و ڕێکخراوو پارتەکان، کوردیش ئاڵای دروستکرد، کە هەر یەکە و بە پێی بۆچوون و تێڕوانینی خۆی ئاڵای داهێناوە، بەڵام بە پێی سەرچاوەکان بنەمای ئەم ئاڵایەی ئێستامان دەگەڕێتەوە بۆ(کۆمەڵەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی) کە سێ ڕەنگی کوردستانی داناوە لەسەرەوە تەختەیەکی سور لە ناوەراست تەختەیەکی سپی، ڕۆژێکی پڕشنگداری تێدایەو تەختەی خوارەوەشی سەوزە کە هەر ڕەنگە و مانای خۆی هەیە و بە زۆریش دەربڕی سروشتی کوردستانە.

لە سەردەمی کۆماری کوردستان هەمان ئەو ئاڵایەی (کۆمەڵەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی) بە کەمێك دەستکارییەوە هەڵدراویەوە.

لە دوای ڕاپەرینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ باسی ئاڵا کەوتە سەر زاران و لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا مشتومڕی لە سەر کرا، تاکو لە پەرلەمانی کوردستان بە پێی بڕیاری ژمارە(٢٦) ی ١١-١١-١٩٩٩ یاسای ژمارە(١٤) ساڵی ١٩٩٩، کە تایبەتە بە ئاڵای هەرێمی کوردستانی عیراق، دەرکردووە، تێیدا شێوازی ئاڵاکە و پێوانەکان و شێوازی هەڵدانی دیاریکراوە. لە دوایدا لە لایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان بە بڕیاری فەرمی پەسندکراوەو کۆمەڵەی جوگرافیاناسانی نێو دەوڵەتیش دانیپێداناوە.[١]

---

[١] – د.ئازاد عوبێد سالح:لە گۆڤاری ئەکادمیایی کوردی ژمارە(٢٣): مێژووی ئاڵای کوردستان : ساڵی (٢٠١٢) وەرگیراوە.

ڕاڤەی پەیڤەکان

پەیڤ	واتاکەی
ئالآ:	پەرچەم، پەیداخ
قەوارە:	دەوڵەت، کیان
ڕوومەت:	ڕەوشت
نووشستی:	شکست
مشتومڕ:	گفتوگۆ
فەرمی:	ڕەسمی

نـەورۆز

نەورۆز کۆنترین جەژنی هەموو مرۆڤایەتییە و تا ئێستا ساڵانە بەگەرمترین وجەماوەریترین شێوە لەهەموو جیهان یاددەکرێتەوە. (کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان) لە ساڵی (٢٠١٠)دا بەفەرمی کردی بەجەژنێکی جیهانی! بەڵام، پێش ئەوفەرمانەش نەورۆز لەزۆربەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا و زۆر وڵاتی تر وەك جەژن پیرۆز دەکرا.

ناوی نەورۆز

جەژنی نەورۆز لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا، بە زۆر شێوە ناوی هاتووە، لە سەرەتادا (سۆمەرییەکان) پێیان گوتووە: (زەگمەك) واتە ڕۆژی نویێ، رۆژی نوییێ ساڵیێ نویێ، لەهەر سەردەمێك و بەهەر زمانێك ناوی هاتبیێ، هەر ئەو مانایەی هەبووە. بۆ نمونە (ساسانییەکان) پێیان گوتووە: (نوك ڕۆژ) واتە ڕۆژی نویێ لەدوای هاتنی ئایینی ئیسلام ئەم جەژنە زیاتر بە (نەورۆز) کە ناوێکی (کوردی – فارسی)یە بڵاوبووەوە. ئێستاش لە هەموو دنیادا ئەم جەژنە هەربەم ناوە یاددەکرێتەوە.

ڕۆژی نەورۆز

ڕۆژی نەورۆز کە دەکاتە ڕۆژ یەکی/مانگی یەکەمی ساڵی نوێی سۆمەرییەکان، دەکەوێتە بەرامبەر ٣/٢١ ساڵی زایینی ئەم ساڵنامە و جەژنە، زۆر وڵات و نەتەوە هەر لە سۆمەرییەکانیان وەرگرتووە، بۆنمونە (گوتییەکان، میتانییەکان، حیسییەکان، ئیلامییەکان، میدییەکان و ساسانییەکان، کە ئەمانە هەموویان پێکەوەو هەندێ هۆزی تر پێکهاتەی نەتەوەیی کورد پێکدێنن، هەروەها (ئەکەدی و ئاشوری و بابیلییەکان)یش ئەم جەژن و ساڵنامەیان هەر لە سۆمەرییەکان وەرگرتووە، کە ئەمانە بە نەژاد سامیین. هەروەها فارسەکان وەك نەتەوەیەکی ڕۆژهەڵاتی لەکۆنەوە نەورۆز دەکەن. بەڵام، یەکەمین جار لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی هەخامەنشی ولەسەردەستی (کۆرش) بە فەرمی کرا بە جەژنی دەوڵەت. پێش ئەوان لە(٧٠٠)پێش زایین (دیاکۆ) پاشای ماد لە ڕۆژی نەورۆزدا دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتەکەی ڕاگەیاند و نەورۆزی بەفەرمی کرد بەجەژنی ئیمپراتۆریەتەکەی.

شوێن و سەردەمی سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز

شارەزایانی مێژووی کۆن و پسۆرانی شوێنەوارناس و سۆمەریناس ئەوەیان ساغکردووتەوە کە سۆمەرییەکان کونترین دانیشتوانی زنجیرە چیاکانی زاگرۆس و کوردستانن و جەژنی نەورۆزیش بەردەوامی جەژنی زەگمەکی سۆمەرییەکانە. ئەو سۆمەرییانەی پێش ئەوەی بەشێکیان لێ بچێتە خوارووی عیراق لە نێوان هەزارەی پێنجەم وچوارەمی پێش زایین، بەپێی باوەڕی (ئایینی و ئەفسانەیی و سروشتی وکشتوکال)یەوە داستانێکیان هەبوو بە ناوی (ئینەننا و دەمموزی) کە دواتر لەسەردەمی ئاشوری و بابیلییەکان بەداستانی (تەمموز و عەشتار) ناسرا، لەم داستانە دا خواوەندی دەمموز لەسەرەتای پایز و بۆماوەی شەش مانگ دەچووە بن دنیایی واتە (دەمرد)ولە سەرەتای بەهار و ڕۆژی نەورۆز (زیندوو) دەبووەوە، کە دەکاتە زیندووبوونەوەی سروشت و سۆمەرییەکان ئەم سەرەتای بەهار و زیندووبوونەوەی دەممووزییان دەکرد بە جەژن. شارەزایان لەزۆر ڕووەوە لێکۆڵینەویان لە پەیوەندییە جۆراوجۆرەکانی نێوان کورد و سۆمەرییەکان کردووە، بۆ نمونە : (هینری فرانکفۆرت) زانای شوێنەوارناسی ئەلمانی لە نەورۆزی ساڵی (١٩٣٠) زایینی کە لەکوردستان دەبێت وکرێکارە کوردەکانی بەردەستی خۆی دەبینێ لەشەوی نەورۆز داچ نواندنێك دەکەن، هەر ئەو ساڵە لێکۆڵینەوەیەکی گرنگ دەنووسێ بە ناوی (سروتەکانی دەمموزی لە کوردستان) لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەنووسێ:

(ئەوەی ئێستا کوردەکان لە نەورۆزدا دەیکەن، هەمان شتە کە سۆمەرییەکان لە جەژنی زەگمەك دا دەیانکرد) بەڵێ، سۆمەرییەکان ئەو میللەتەن کە لە کوردستان (لانکەی مرۆڤایەتی) سەریانهەڵداوە وئێستاش بەردەوام ساڵانە لەهەموو کوردستان پاشماوە وشوێنەواری ئەو سۆمەرییانە دەدۆزرێتەوە، هەتا پاشماوەی دوای چوونە خوارەوەشیان، کەواتە جەژنی نەورۆز کۆنترین جەژنی (سۆمەرییەکان —کوردەکان)ەو لەکوردستانیش سەریهەڵداوە و هەر لە کوردستانیش بەدنیادا بڵاو بووەتەوە، ئەوە هەرتەنیا میللەتی کوردیشە داگیر کەران ساڵانە نەورۆزی لێ قەدەغە دەکەن و هەرتەنیا کوردیشە لەپێناو بەئازادی ئاهەنگێڕان و خۆشی دەربڕینی نەورۆز خوێنی ڕژاوە و شەهیدی داوە و هەر کوردیشە مانگی یەکەمی ساڵی نویی خۆی بەناوی ڕۆژی نەورۆز کردووە نەورۆز بۆ کورد بۆتە سومبولی بەرخودان و تێکۆشان لەپێناو رزگاری و ئازادی خاك و خەڵکەکەی لەدەست داگیرکەران.

ئێستاش ئەم جەژنە کۆن ونەتەوەییەی کورد، نەتەوە یەکگرتووەکان بە فەرمی و بەناوی (نەورۆز . کلتوری ئاشتی) کردوویەتی بە جەژنێکی جیهانی.

دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

مامۆستا لە کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەدین

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
نەورۆز	:	نورۆژ، رۆژی نویَ
سومبول	:	هێما
فەرمان	:	بڕیار، ئەمر

گفتوگۆ:

١. ئاگر نیشانەی چییە لە نەورۆزدا؟ بۆچی بووە بە نیشانەی نەورۆز؟
٢. باسی نەورۆزی ئەمساڵ بکەو بەشداریکردنی خۆت بنووسە بە لاپەڕەیەك.
٣. پەیوەندی لە نێوان کورد و نەورۆز چییە؟

ژیان چییه؟

ڕۆژێ لە ڕۆژان پۆلێ مەل لەسەر لقو پۆپی درەختێك دەیانخوێند، لە ساتێکدا کە مەستی خۆش خوێنی بوون، یەکێکیان گوتی: ئەرێ ژیان چییە؟ هەموویان سەریان سوڕما لەم پرسیارە سەیرە، زۆر لێکیاندایەوە، تا یەکێکیان گوتی (ژیان گۆرانییە). مێروولەیەك، کە لەولاوە تەقەلای دەدا، خۆی لەژێر گڵێ دەربێنێ، کاتێك سەری دەرهانیو ڕۆشنایی بینی گوتی: (نەء، ژیان تێکۆشانە لە تاریکیدا) لەولاوە گوڵێکی تازە پشکووتوو زاری ڕاگرتبوو بۆ هەنگێك، کە ماچێکی خاوێنو گەرمی بکات، گوتی: (ژیان خۆ دەرخستنو شادییە). هەنگێکی تر بەلایدا ڕۆییو گوتی: (نەء. بڵێ ژیان ڕۆژێکی خۆشی هاوینە). مێروولەیەك لەولاوە لە تۆپەڵێکی لە خۆی گرانتر ئالابوو هەڵیبگریت، ماتەمینی و ماندوویەتی دایگرتبوو گوتی: (من لە تێکۆشینێکی سەختو ئەرکێکی گران زیاتری تێدا نابینم).

لەولاوە، باڵدارێکی تر پێکەنی، پێکەنینێکی وا، کە هەوری خەمی سەر ڕووی بڕەوێنێتەوە. وەختبوو کورەی تووڕەیی تاو بسێنێ کوڵو کۆی دابمرێنێتەوە ئەگەر شەستە باران نەبووایە، ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی: (ژیان فرمێسکە). بازێك بە مەلە ئاسمانی دەبڕی، دەیچریکاندو دەیگوت: (نەء، بە هەڵە چووی، ژیان هێزو ئازادییە).

لە پاش نەختێك تاریکی هەڵمەتی هێناو شەو باری خست. مێشو مەگەز بە ویزە ویزە لەسەر لقو پۆپی درەختەکان دەیانگوت: ژیان خەوە! شارو دێ

بێدەنگو کشومات بوو، بەیان نزیك بووەوە، قوتابییەك چرای ژوورەکەی خۆی کوژاندەوەو هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: (ژیان قوتابخانەیە).

هەرزەکارێکیش، کە بەدخوویی هەڵیتەکاندبوو، شەوانی لە باوەشی ڕابواردندا بە گەمەو دەسبازی بەسەر دەبرد، خەمو پەشیمانی لەدرزی دەروازەی دڵییەوە سەرەتاتکێیان دەکرد، دەیگوت: (ژیان ئارەزوویەکە تەخت نابێت، خەونێکە نایەتە دی). بەیانی بەشنەشن دەهاتو دەیگوت: (ژین گرێیەکە ناکرێتەوە، نهێنییەکە ئاشکرا نابێت).

خۆر دەرکەوت، دنیا ڕۆشن بووەوە، پۆپەی درەختانەکانی زەرد هەڵگەران، بەیانی ناوچەوانی هەردی ماچکرد، هەموو لایەك دەنگی دەدایەوەو دەیگوت: (ژیان دەست پێکردنو ئیشکردنە).

لە(یادگاری لاوان) ەوە وەرگێڕانی پارچە پەخشانێکی(ڤیکتۆر هۆگۆ)یە

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
گۆرانی	:	ستران، چریکە
مێرووله	:	مێلووره، مێروو
گەمە	:	یاری
هەرد	:	زەوی، گرد

گفتوگۆ:

١. بەلای هەنگەوە ژیان چی بوو؟
٢. بەلای مێروولەو بازەوە ژیان چی بوو؟ ئەی بەلای تۆوە چییە؟
٣. چی لەم نووسینە گەیشتیت؟

هەنگ بەخێوکردن[1]

زۆربەی گیانلەبەران لە دڕندەو مێروو، بە تەنهایی دەژینو هەر یەکە ڕێگایەکی لە ژیاندا گرتووە، دوور لە هاوڕەگەزیو، پشتی بەخۆی بەستووە بۆ گەڕان بەدوای خواردنو دەربازبوون لە تەنگوچەڵەمەو بەسەرهاتدا. تەنانەت ڕێکدەکەوێت. کە دوو دڕندە لەسەر نێچیر، یەکتر بکوژن، وەیا لەسەر مانەوە ئەگەرچی لەیەك ڕەگەزو ڕیشەن.

لەگەڵ ئەوەشدا لە جیهانی فراوانی جانەوەراندا گیانەوەرانی وا هەن، کە حەز بە تەنهایی ناکەنو بە کۆمەڵ بەیەکەوە دەژین، ژیانی بە کۆمەڵ لەناو ئەم جۆرانەدا لە گۆڕاندا بووە تا گەیشتۆتە ڕادەیەك کە باشترینو ڕێکوپێکترین ژیانی بە کۆمەڵ لەناو هێندێکیاندا هاتۆتە کایەوە، بەتایبەتی لەناو مێرووواندا، وەك لەناو شارە مێروو لەو کوورە هەنگدا دەبینرێت. هەنگ لە زۆر کۆنەوە ناسراوە، مرۆڤ بەخێوی کردووەو سوودی لێوەرگرتووە.

---

(١) خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (**واوحى ربك الى النحل ان اتخذي من الجبال بيوتاً ومن الشجر ومما يعرشون ثم كلي من كل الثمرات فاسلكي سبل ربك ذللا يخرج من بطونها شراب مختلف الوانه فيه شفاء للناس، ان في ذلك لاية لقوم يتفكرون**). لە سورەتی (النحل) ئایەتی:٦٨،٦٩.

له کوردستاندا، له زۆر کۆنەوە هەنگ[1] بەخێوکردنو سوود لە هەنگوینو مێوەکەی وەرگیراوە، چونکە جگە لەوەی کە هەنگوینی هەنگ وەك خواردنێك بەکاردەهێنرێ، وەکو دەرمانیش بۆ گەلێك نەخۆشیو کاروباری تر بەکارهێنراوە. هەنگ لە میسرو یۆنانو ڕۆمای کۆندا سەرچاوەی گەلێك ئەفسانەو چیرۆکی سەیر بووە.

بەخێوکردنی هەنگ لە کوردستاندا لەسەر شێوەی کۆنە– جگە لەو کێڵگەو شوێنانەی کە وەزارەتی کشتوکاڵ بەڕێوەیدەبات ئەویش بەم جۆرەیە:

پووره هەنگەکە لەناو دەفرێکی لوولەیی، کە لەقوڕ کە (کاگلی) پێدەڵێن یا لەداری کلۆر وەیا لە جۆرە سەبەتەیەك، کە بەقوڕ کونو کەلەبەری سواخ دراوە، دادەنرێتو لەسەرێکەوە کونێکی تێدەکرێت بۆ هاتوچۆیو دیوەکەی تری بە پارچەیەك قوڕ یا تەختە دەگیرێتو لە شوێنێکی سەرگیراودا بە تایبەتی لە زستاندا دادەنرێت، بەشێوەیەك، کە دەمەکەی بۆ دەرەوە بێتو بەرەو (ڕووگە) بۆ ئەوەی لە زستاندا بای ساردی تۆفو کرێوە نەیگرێتەوە، خۆ ئەگەر نزیك باخو گوڵزارو ئاوبێت ئەوا باشتر، چونکە هەنگ ژیانو بوونی لەناو گوڵو گوڵزارو ئاودایە، لە کەشی بەهاردا لەو کاتەی کە هەموو گیان لەبەران دەبووژێنەوەو دەکەونەوە گەڕ، کوورە هەنگیش دەستدەکات بە

---

(١) دەوری دەهەزار جۆر هەنگ هەیە، تەنانەت لە ئەوروپادا دوو هەزار جۆر هەیە جگە لە ئەمریکا، لەناو ئەم هەموو جۆرانەدا پێنج سەد جۆریان بەیەکەوە لە شێوەی کوورەدا دەژین، لەمانەشدا جۆرێکی تایبەتی هەیە کە هەنگی هەنگوینە (Apismell:fica) دەچێتەوە سەر ئەو جۆرە، کە لە هەموویان باشترو ڕێکوپێك ترەو بەکۆمەڵ دەژین.

ئیش‌و هاتنە دەرەوەو گەڕان بە شوێن گوڵ‌و نێرگزداو دەستدەكات بە شیلەی گوڵ‌و درەخت مژین‌و هەڵاڵە هێنان‌و شانە دروستكردن بۆ ئەوەی شاهەنگ گەرا دابنێت‌و ئەمانیش پێیان بگەیەنن‌و بەخێویان بكەن. لەم كاتەدا خاوەن كوورەكە، كە زانی هەنگەكان لە كاردان‌و ئیشی تەواو دەكەن‌و ژمارەیان زۆر بووەو جێگایان تەسكە لە پشتەوە نیوە دەفرێكی تر، كە (پاشەوانە)ی پێدەڵێن، دەلكێنێت بە پشتی كوورەكەوە بۆ ئەوەی لەمەشدا شانەو گەڕاو هەنگوین دروستبكەن. خۆ ئەگەر ساڵێك بەهارەكەی تەڕبێت‌و گوڵ‌و گوڵاڵەو ئاوی زۆر بێت‌و سون (سن)و كوللە نەبن، هەنگ زووترو زۆرتر پەرەدەستێنێت‌و دەستدەكات بە پوورەدان (بێچو دەركردنە دەرەوە) ئەم پوورەیەش، لەلایەن هەنگەوانەكەوە دەگیرێتەوەو دەخرێتە دەفرێكی ترەوەو دەبێت بە كورەیەكی تازە، ساڵی وا ڕێكدەكەوێت، كە یەك كوورە دایكە دوو سێ پوورەدەدات.

هەنگ مێروویەكی زۆر ناسكەو زوو لەناو دەچێت[١] لەبەر پركاری‌و[٢] خۆخەریك كردنی بە ئیش‌و كاری كوورەكەیەوە، هەروەها تووشی نەخۆشی‌و وێرانی دەبێت، لەبەر ئەمە هەنگەوان هەر ماوەیەك پشتی كوورەكە دەكاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ناو كوورەكە پاكە، شانەی نەكەوتووە، یا تووشی نەخۆشی نەبووە، بۆ ئەوەی پاكی بكاتەوە. لە كوردستاندا بە تایبەتی لە پێدەشتەكانیدا لەسەرەتای پایز، یا لەگەڵ گەلاوێژهەڵاتندا دەستدەكرێت بە

---

(١) پاراستنی هەنگ لە زەردەواڵەو مێرووڵە پێویستە.

(٢) تەنانەت ئەوەندە ئیش كەرە كە لە هاویندا لە شەوانی مانگەشەودا شەو كار دەكات كە پێی دەڵێن (شەو بە كێو).

بڕینی هەنگ بە واتا (هەنگوین دەرهێنان لە کوورە). بەشێوەیەکی تایبەتیو وەستایانە، بە مەرجێك بەشی کوورەکە لە هەنگوین بمێنێتەوە بۆ خواردنی زستانەی. کورد لە زۆر کۆنەوە هەنگی بەخێوکردووە، بۆ هەر شتێك، یا ناوی تایبەتی لێناوەو بەکاریهێناوە. لە هەر کوورەیەکدا سیٚ جۆر هەنگ هەیە، شا، کەرهەنگ (نێرە)، ئیشکەر. ئەوەی هەنگ دەیهێنێت لە گوڵو گوڵزار بۆ بەخێوکردنی بێچووەکانیو هەنگوین دروستکردن هەلاڵەو شیلەیە. ئەو بەشە هەنگەی کە لە دایکەکە(ماکی) جیادەبێتەوە، (پوورە)ی پێدەڵێن. هەنگ شانەکانی لەو مێوە دروستدەکات، کە لەگوڵو درەخت دەیگرێت، هەر خانەیەك لەو خانانەی شانەکە (کەلو)ی پێدەڵێن. ئەگەر شانەکان یەك لەدوای یەك پڕبەپڕی دەمی دەفرەکە هەنگوین دروستبکات پێیدەڵێن (پەپکەشان)، ئەگەر لاربێت پێیدەڵێن (لاشان)، ئەگەر ڕاست لە دەمی دەفرەکەو بۆ دوای دەفرەکە بێت، (تیرەشان)ی پێیدەڵێن. ئەو دەفرە بچووکەی دەدرێت لە پشتی کوورەکە (پاشەوان)ی پێدەڵێن، بەو مێوەی کە لە زستاندا کونو کەلەبەری کوورەکەی پێدەگیرێت (بەرە مێو)ی پێدەڵێن، ئەو نەخۆشیانەی تووشی هەنگ دەبێت (هاڕیٚ)و (مرە)و (ئەسپیٚ)یە.

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
بەخێوکردن	:	خودانکردن
تەنگو چەڵەمە	:	گیروگرفت، ئاستەنگ
ڕەگەز	:	بنەچە، ڕیشە
مێرووله	:	مورچە، موریچە
مێو	:	ئەو مادەیە کە هەنگ شانەی لێدروستدەکات
دەرمان	:	دارو
پوورە	:	شلخە
ڕووگە	:	قیبلە
کوورەهەنگ	:	شارەهەنگ.
دەفر	:	ئەو شتەیە کە هەنگیّ تیّ دەخرێتو دەبێت بە شوێنو لانە.
تۆفو کرێوە	:	سەرماو سۆڵەو بەفرو با
هەلاڵە	:	ئەو تۆزو گەردە ڕەنگاو ڕەنگی گوڵەیە کە هەنگ لە گوڵی دەکاتەوەو بە قاچەکانییەوە دەنوسێتو دەیهێنێت بۆ خواردنی بێچووەکانی.
کاگلی	:	ماڵی هەنگ
مادە	:	مژار

گفتوگۆ:

١. ئایا هەنگ بەتەنها یا بە کۆمەڵ دەژیت؟

٢. بۆچی لە کوردستاندا خەڵك هەنگ بەخێودەکەن؟

٣. کە کوورە دایکەکە پوورەی دا هەنگەوانەکە چی دەکات؟

٤. بۆ ئەوەی هەنگ باش بەخێو بکرێتو هەنگوین دروستدەکات چ بۆی باشە ؟

٥. پێویستە لە ڕێکوپێکیو کاروگوزاریدا چاو لەهەنگ بکرێت. لەسەر ئەمە وتارێك بنووسە.

دەستیماندوو لەسەر سکی تێرە

هـێمن لـە سـەرەتای دیـوانی (تاریـکو ڕوون)دا گـەلێك یاداشـتی دەربـارەی ژیانی خۆی و مێژووی چەند سـاڵەی خـەباتی کـوردانی ڕۆژهـەڵاتی کوردسـتانی تۆمارکردووە. با لەوەیان بگەڕێین، بزانین ئەو شاعیرە چی دەربارەی یەکێك لە ساڵە سەختەکانی کوردستان نووسیوە:

(هێمن) نووسیوییەتی و دەڵێت:

ساڵی ١٣٢٧[1] ساڵێکی یەکجار تـووش‌و شـووم بـوو. مـن بـە عـومری خـۆم زستانی وا سەختم لە وڵاتی خۆمان نەدیبوو. پازدە ڕۆژی پاییز مابوو بـەفرێکی ئەستوورو وشك باری. یەك نوا لە هەموو جێگایەك لە میترێك پـتر بـوو، وشـکە بەندو سەرماو سایبقەی بـەدوادا هـات‌و یەکسـەر بـوو بـەڕوو، بـەفری دیکەشـی بەسەردا بارین، ڕێ‌و بان گیران، قات‌و قڕی پەیدابوو، ئـاو وشـك بـوون‌و خـەڵك ناچار بوو بـەفر بتوێنێتـەوەو بیخواتـەوە. نـەوت‌و ئـاوردوو وەگـیر نەدەکـەوت، ئاژەڵ‌و ماڵات قڕانیکرد. ڕەپسـتە ڕزیـن‌و نەوەنـدە گنخـان‌و گرانییـەکی زۆر بـە سامی بەدوادا هات.

من بۆ خۆم لە ئەزموونی پیاوێکی دنیـا دیـدەو کۆنسـاڵ کـەڵکم وەرگـرت و توانیم بەشێکی زۆر لە دەغڵ‌و دانی خۆمان لە ڕزین وزایە بوون ڕزگار بکەم.

بەهار درەنگ بوو، هەوا گەرم ببوو. بەڵام بەفر ئارەقیشی نەدەکرد. ڕۆژێك چوومە مزگەوت تەماشام کرد پیرە پیاوێك بـە تـەنێ لەتەنیشـت سـۆبە سـاردو

---

(١) ساڵی ١٣٢٧ هیجری شەمسی دەکاتە دەورووبەری ساڵی ١٩٤٨ی زاینی.

سرەکە هەڵکورماوە. هەر منی دیت گوتی: منداڵی ئەو زەمانە ئێمەی پێ خەرفاوە. گوتم مامە گیان چ قەوماوە؟

گوتی: بەسەری تۆ ئەوە چەند رۆژە بەو هەتیوە گێژانەی خۆم دەڵێم بچن بەفری سەر رەپستەکەمان کون کون بکەن گوێشم نادەنێ.

گوتم: جا بۆ کون کوی بکەن؟ گوتی: بۆ تۆش نازانی؟ گوتم ناوەڵلا. گوتی بیلامانێ کە ساڵ درەنگ بوو هەرد گەرم دادێو هەڵمێ دەکا. بەفریش نایەڵێ هەڵمەکە بێتەدەرو لە ناوخۆیدا دەگەرێتەوەو دەغڵەکە دەسووتێ، ئەگەر کون بکرێ هەڵمەکەی دێتە دەرو ناسووتێ. قسەی مامە پیرەم بە دڵیەوە نووسا، چەند رۆژان پیاوم هەلگرتنو چوومە زگ بەفر کون کردن، بەلام کارەکە زۆر گران بوو. بەفرەکە ئەوەندە رەق بوو بە لۆسە کون نەدەکرا. پاشان تێگەیشتم پێشینان چەند راستە کە گوتوویانە (دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە). ئەمەی هێمنی شاعیر گێرایەوە، یادگاری کەسێكو خێزانێکە، بیرەوەری ئیشکردنو هەوڵدانێکە کە بووە بەهۆی ماڵو رەنج نەفەوتان، بەلام ئەگەر وردە وردە لە کەناری ئەم بیرەوەرییە دووربکەوینەوەو ئاسۆی بیرمان فراوانتر بکەینو تەماشای هەموو وڵات بکەین، یا تەماشای هەموو جیهان بکەین، ئەوا راستییەك دەبینین ئەویش ئەوەیە کە هەوڵدانو رەنج کێشان بەر دەگرێت، کە کەسی ئیشکەر دوا رۆژی روونە، تێرە، کەسی بلَحی تەمەڵو ئیش نەکەر دوا رۆژی تاریکەو دەست ناخاتە سکی تێر، چونکە ئەو دەستە ماندوونەبووە، لە زۆر وڵاتدا هێشتا چەوساندنەوە ماوە، هێشتا چینی دەسەڵاتدار بەری رەنجی زەحمەتکێشانو کارگەرو جوتیاران دەخواتو ئەو چەوساندنەوەیە برسێتیو

نەبوونیو نەخۆشیو ڕووتی لەناو هەژاراندا بڵاوکردۆتەوە. بەڵام لەو وڵاتانەدا کە تێکۆشانی کارگەرانو زەحمەتکێشان قەڵای ڕەنج خۆرانی ڕووخاندووەو زەحمەتکێش خۆی خاوەنی ڕەنگو ئیشو نانی خۆیەتی، ئەوا خەڵکی هەموو تێرو تەسەڵن، هەموو مەردانە ئیش دەکەنو ڕەنج دەدەنو خێرو بەرەکەت بەرهەم دێننو دەستی ماندووی ئەوان هەمیشە لەسەر سکی تێرە. ئەم پەندە کوردییە لە گەلێك زمانی جیهان هەیە، لە قورئانی پیرۆزیشدا ئەم ناوەرۆکە لە ئایەتێکدا دەفەرمووێت: (لیس للانسان الا ماسعی) واتە ئادەمیزاد ئەو شتەی دەست دەکەوێت کە ڕەنجی بۆ کێشاوە. ئێستا لە خاکی زەحمەتکێشاندا، لە وڵاتی ئیشتراکیدا ئەم مەبەسە بووە بە یەکێك لە یاساکانی ڕژێمی ئیشتراکیو دەڵێن هەموو کەس دەبێت ئیش بکات و نەوەستێت، ڕەنج بکێشێت. دیارە ڕەنجەکەشی بۆ خۆیەتی، چونکە دەرەبەگو سەرمایەدار نەماون، تا ڕەنجی بخۆن. ئەوانە نەماون، کە وەك زەروو، خوێنی بمژن. هەر لەبەر ئەوەشە کە هەموو کەسێکی چالاکی ئیشکەر ژیانی ڕوناکەو بەختیارەو خاوەنی ڕەنجو نانی خۆیەتیو هەموو کۆمەڵ، هەموو خەڵك دەستی ماندوویان لەسەر سکی تێرە.

لە ئەدەبی جیهانییەوە:

دایــــك

مەکسـیم گـۆرکی لـە ئەدەیبـە هـەرە گـەورەکانی وڵاتـی سـۆڤیەتی جـاران دەژمێررێ. ئاشکرایە، کە پایەیەکی بەرزی بۆ دایك داناوەو خۆشەویستی دایکـی لـە دڵدا چەسپیوە، سێ چیرۆکی خۆی کە هەر سـێکیان دەربـارەی دایـكو قارەمـانێتی دایکێتییە دوای خۆی بەجێ هێشتووە.

ئەم چیرۆکە بچووکە یەکێکە لەو سێ چیرۆکە. دووانەکەی تریـان یـەکێکیان لاسـایی نامەیەو ئەوەی دییان ڕۆمانی بەناوبانگی (دایك)ە، کە بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهـان وەرگێراوە.

ئەمەش چیرۆکەکەیە:

دایــــك

با زمان بە پیاهەڵدانی ئافرەتێك بکەینەوە، کە دایکە! دایك: سەرچاوەی ژیان!

ئەم چیرۆکە لە تەیمووری لەنگی دڵڕەقەوەیە: جیهـانگیری، شـەلی خۆشـبەخت، کە ویستی هەموو جیهان ژێرەو ژوور بکات.

ماوەی پەنجا ساڵ هەموو جێگەیەکی تێکەڵ بە خوێن کرد. شـارانو دەوڵـەتانی لەژێر چەکمەی ئاسنینی خۆیدا وێرانکرد، وەك فیلێـك پـێ بەسـەر شـارە مێرووڵـەدا بنێت، پێی دەنایە هەر شوێنێك، جۆگەی خـوێن بەدوایـدا دەکشـا، گـەلێك کۆشـکی بەرزکردەوە لە ئێسقانی (گەلـە) بەردەسـکراوەکان، لـە تۆڵـەی مـەرگی (جـانگیر)ی کوڕیدا، سێ سـاڵی تـەواو تـۆز قاڵێـك میهرەبـانیو بـەزەیی لـە سوچـی دڵیـدا جێـی نەدەبووەوە.

با زمان به پیاهەڵدانی دایك بكەینـەوە ! . دایـك: ئـەو هێزەیـە کـە مـەرگ سـەری زەبوونی بۆ دادەنوێنێت، چیرۆکی ڕاستەقینە لەدایك بگێڕینـەوە: دایـك کـە نۆکـەرو خزمەتکاری مەرگ، تەیمووری شەلی دڵرەق، لـە ئاسـتی ئـەودا سـەری ڕێـزو قـەدری دانەواند.

دەشتی سەوزو زەڕنگاری (کـانی گـوڵان)، کـە بـە گوڵاڵـەو بـەیبون داپۆشـرابوو شاعیرەکانی سەمەرقەند ناویان نابوو (دۆڵی گوڵ) لـەو جێگەیـەی کـە منـارە بـەرزو شـینەکانی شـار لـەدوورەوە دەبینـران، تـەیموور جـەژنێکی گـەورەی پێـنج هـەزار خێوەتی لە چەشنی بایەوان هەڵدابوو، کە لەبانی هەر یەکێکیانەوە بە سەدان ئـاڵای ئاوریشمین دەشەکایەوە.

لە ناوەڕاستی ئەم چادرانەدا، خێوەتی تەیموور وەك شاژنێك لـەناو کارەکەرانـدا وەستابیت، لەسەر دوازدە هەستوونی زێڕ، کەهەر یەکەیان بە قـەدەر درێـژی بـاڵای پیاوێك بوو، هەڵدرابوو، لە چـوار سووچـی خێوەتەکـەدا، (چـونکە چوارگۆشـە بـوو) چـوار هـەڵۆی زیوینیـان داچـەقاندبوو، لـە ناوەڕاسـتی ئەوانـدا هـەڵۆی پێنجـەمین: پادشای پادشاهان، تەیموری دەسەڵاتدار، لەسەر تەختی فەرمانڕەوایی دانیشـتبوو، ڕووکاری وەکو دەمی خەنجەرێکی پان بوو، کە بە خوێن سوور کرابێت: خـوێنێ کـە بە هەزاران جار لێیەوە لکابوو.

تـەختی خێوەتەکـە بـە جـوانترینو نایـابترین ڕایـەخ داپۆشـرابوو، سـێ سـەد بەرداخی زێڕینی پڕ لە شەرابیان دانابوو لەگەڵ هەر شتێکی نایابـدا، کـە بـۆ خـوانی پاشایەتی بە کەڵك بێت، بەزم گێرەکان لە پشتی سەری تەیموورەوە جێگای خۆیان گرت، لـە تـەنیشـتەوە هـیچ کـەس دانەدەنیشـت، نزیکـانیو فەرماندەرانیو گـەورە پیاوەکانی، هەموو لەبەر پێیدا دانیشتن.

نـزیکترو خۆشەویسـتتر لەهـەمووان (کرمـانی) شـاعیری سەرمەسـت بـوو، کـە تەیموور بواری دابوو لە هەڕەتی سەرخۆشیدا گاڵتە بە سەرداری گەورە بکـات، ئـەو پیاوە جەنگاوییە بە سامە بداتە بـەر تـوانج...دەبـا زمـان بـۆ پیاهەڵدانی شـاعیری بکەینەوە، کە لە خوای تاك و تەنیا بەولاوە هیچ ناناسێت و لـە قسـەی هەقـدا کـۆڵ نادات.

لە هەڕەتی جەژنو لە گەرمەی شانازیو گێڕانەوەی شـەڕانو سـەرکەوتنەکاندا، کە پیاوەکانی تـەیموور نـوقمی سـامی ئـەو بووبـوون، لـە ناکـاو هـاواری ژنێـك وەك قریشـکەی تـەوارێك، لـە چەشـنی بروسـکە کـە بـەناو هـەوردا تێپـەڕێت، گەیشـتە گوێچکەی (سوڵتان بایەزید).

ئەم دەنگەی بەلاوە ئاشنابوو، کاریشـی لـە دڵـە زامدارەکـەی کـرد، کـە مـەرگ هێلانەی تێدا کردبوو، فەرمانیدا بـزانن ئـەم هـاوارە دوور لـە شـادییە لـە کوێوەیـە؟ وەلامیان هێنا، لەژنێکی شێتی شپرزەوەیە، کراسێکی شـڕی لەبەردایـەو بـە زبـانی عەرەبی دەدوێتو دەیەوێت بڵێ:

دەیەوێت سەرداری گەورە ببینێت. فەرمانیدا، بیهێنین.

دوای پشوویەك، ژنەکە لە بەرامبەریدا وەستا، پێ خاوسو بەرگی شڕی لەبـەردا بوو، پرچە شۆڕەکانی، سنگە رووتەکەی داپۆشیبوو، ڕواڵەتی وەك برنجە زەرد بوو، لە چاوەکانیدا گرنگیو لەخۆڕادیوی دەبینرا، دەستە گەنم ڕەنگەکانی کە هەرگیز نە دەلەرزین بۆ لای سەرداری شەل درێژ کردو وتی:

"ئەرێ تۆی سوڵتان بایەزیدت شکاندووە؟ گوێ بگرە، تۆ هـەر چییەك بکـەیت، مرۆڤیـتو منـیش دایکـم! تـۆ مـەرگ دەچـێنیت، مـن ژیـان دەبەخشـم! گوناهـت دەربارەی من کردووە، من هاتووم کە لای من گوناهی خۆت بلالێیتەوە! بیستوومە،

که دروشمی تۆ (دادپەروەریو دەسەڵاتە) باوەڕناکەم! بەڵام ویژدان گاڵتەدەکات، کە لەبەرانبەری منداڵ گوێ ڕادێر بێت! من دایکم!"

سەرداری شەل ئەوەندە زیرەكو وریا بوو، کە پەی بە تەوژمی پشت ئەم قسانە بەرێت.

بە ژنەکەی فەرموو دانیشێتو بەسەرهاتی خۆی بگێرێتەوە. ژنەکە گوتی: " من خەڵکی (سالرنۆ)م کەوا لە ئیتالیا لە وڵاتێکی دوور کە تۆ شارەزای نیت. باوکم ماسیگر بوو، مێردەکەشم هەر ئەوە کاریبوو، بە دڵنیایی دەژیاو من مایەی بەختیاری ئەو بووم. منداڵێکم بوو لە هەموو منداڵان جوانتر بوو."

لەم وەختەدا سەرداری پیر قسەی ژنەکەی بڕیو گوتی: "وەك جانگیری کوڕم " ژنەکە گورجانە گوتی: "منداڵی من لەجوانیو ژیریدا هاوتای نەبوو، شەش ساڵانە بوو، کە دزانی دەریا ڕژانە قەراخی دەریای ئێمەو خەزوریو من گەلێکی دیکەیان کوشتو کوڕەکەمیان ڕفاند. ئەمە چوار ساڵە دنیای بە شوێندا دەپشکنم کەچی ئەوەتا لای تۆیە! بەوەشدا دەزانم، چونکە پیاوی بایەزید ئەو دزە دەریاییانەیان گرتو ئەمجارە تۆیش بایەزیدت شکاندو هەرچییەکی هەبوو کەوتە دەستت. جا خاتر جەمم ئاگات لە شوێنی کوڕی من هەیەو لەسەر تۆیە بمدەیتەوە!" ئەوانەی لەوێ بوون هەموو دایانە قاقای پێکەنین.

سەرکردەکانی سوپاو فەرماندەرانی وڵاتان، کە خۆیان بە پسپۆر دەزانی گوتیان: "ئەم ژنە شێتە!" ماقوڵانو گەورەکانی هۆزیش دایانە پاڵ ئەوانو پشتوانیان لە قسەکەیانکرد، بەڵام کرمانی شاعیر. تەنیا کەسێك بوو، کە پێنەکەنی، بەڵکو وردبووەوە، بە بیرا چوو، ڕاستەوخۆ سەرنجی ژنەکەی دەدا.

تـەیموری شـەلیش بەسـەر سـورِماوییەوە تێیـدەڕوانی. ئینجـا شـاعیر لـەژێر لێوییەوە، گوتی: " بەڵێ شـێتە وەك ئـەو ژنانـەی جگـەر گۆشـەیان لـە كـیس چـوو بێت! ". لە دواییدا فەرمانـدەری فەرماندەران، دوژمنـی ئاسایش‌و هێمنـی گـوتی: "ژنەكە! لەو وڵاتە نادیارییەوە چۆن گەیشتیتە ئێرە؟، دەسـت ئـەو پیاوانـەی لـە جانەوەری كێوی دڕندەترن خۆت ڕزگار كردو بێ چەك‌و تـەنیا ڕێگـات گرتـە بـەر؟! چەك تەنیا پشتیوانی مرۆڤی بێدەسەڵاتەو تاقە دۆستێكە، كە مـرۆڤ تـا ئـەو كاتـەی بتوانێت بە چاكی بەكار بهێنێت، گزیـی ناكـات! " بـا سـەر دانـەوێنن بـۆ گـەورەیی ئافرەت، ئەو ئافرەتەی كە دایكەو خۆشەویستی ئەو تەگەرەو بەرهەڵست ناناسێت، بە مەمكی خۆی ڕێگا لە دنیا دەكاتەوە. هەموو شتێكی باش لە ئادەمیزاددا بـە ڕوو بۆی تیشكی ڕۆژو شیری دایكەوە ئەمەیە، كە خۆشەویستی ژیانمان فێردەكات.

ژنەكە گوتی:"من لە گەڕانەكەمدا هەر تووشی دەریاییەك بووم، كـە ئـەویش پـڕ بوو لە دوورگەو گەمیی ڕاوی، توانیم بە كۆمەكی ئەوان لێی بپەڕمەوە. مرۆڤ كاتێك بە شوێنی خۆشەویستێكدا دەگەڕێت هـەموو شـتێك ئامـادە دەبینێـت بـۆ خزمـەتی خۆی. پەڕینەوەی ڕوبار بـە مەلـە بـۆ كەسـێك كـە لـە قـەراخ ئـاو هاتبێتـە دنیـاوە كارێكی ئەوەندە گران نییە."

لـەم وەختـەدا كرمـانی گـوتی: "كۆسـار بـەلای خۆشەویسـتەوە، وەك دەشـت‌و نەرمان تەخت دەبێت! " ژنە لەسەری ڕۆیشت: تووشی جانەوەرانی سامناكی كێـوی بووم، بەڵام هەموو جانەوەرێك دڵێكی هەیە، من لەگەڵ ئەواندا، هەر بـەو جـۆرە كـە لەگەڵ تۆدا دەدوێم، قسەم دەكرد، ئەوانیش وەختێ، كە دەمگوت دایكم، باوەڕیـان پێدەكردم، دڵیـان پـێم دەسـووتا، بۆچـی جانـەوەرانی دڕنـدەی كێـویش بەچـكەی خۆیان خۆش ناوێت! بۆ پاراستنی گیانیان تەقەلا نادەن؟!) ژنە لەسـەر قسـەكانی

ڕۆیشت: "پیاو لەبەر چاوی دایکدا لـە منـداڵێك زیـاتر نییـە، تـۆ دەکرێـت حاشـا لـە بوونی خوا بکەیت."

ژنە لەم کاتـەدا قیژانـدی:" خێراکـە! کوڕەکـەم بـدەرەوە، ئـەمن دایکـی ئـەمو خۆشم دەوێت!"

با سەر بۆ گەورەیی ئافرەت دابنەوێنین. ئافرەتە کە موسـاو عیسـاو موحمـەدی خستۆتەوە، ئەوە کە گەورە پیاوان دێنێتە دنیا، جیهـان بـە هەرچییەکەوە بنازێـت لەدایکەوەیە.

خاپوورکەری شاران، ئەو شەلە زۆردارە، کەوتە وتووێژ پاش بێدەنگییەکی درێژ بە وانەی لە دەوروبەری بوون گوتی: "من تـەیموری خواپـەرست، ئـەوەی پێویسـتە بگوترێت بە ئێوە دەڵێم: ماوەیەکی زۆر دەژیمو دنیا لـەژێر پێمـدا دەناڵێنێـت، سـێ ساڵە لە تۆڵـەی جـانگیری کوڕمـدا دنیـام خـەڵتانی خـوێن کـردووە، بەدرێـژایی ئـەم ماوەیـە خـەڵك لەبـەر خـاتری شـارانو وڵاتـان لەگـەڵ منـدا جـەنگاونو هـیچ کـەس سەبارەت بە مـرۆڤ بـە گژمـدا نـەهاتووە! مـرۆڤ هـیچ کاتێـك ڕێـزو نرخـی بەلامـەوە نەبووە، من ئەو تەیموورەم کە لە پاش بەی دەسـکرن" بـە بایەزیـدی گـوت: "بـڕوا ناکەم شارانو خەڵکی شاران بەلای خواوە نرخێکیان هەبێت، ئەو لە زنجیردا بوو من لە کاتێکدا ژیانم بەلامەوە وەك ژەهر تاڵبوو، تەماشای چارەڕەشـی ئـەوەم دەکـرد، لەبەرامبـەر یـەکێکی وەك منـدا ئـەوەتا ژنێـك دانیشـتووە هەسـتو بیرێکـی لەمنـدا هەڵگیرساندووە، کە تا ئێستا بە خۆمەوە نـەم دیـوە. ئـەو بـە جۆرێـك لەگـەڵ منـدا دەدوێت، خێرخوازی منە، ئەم ناپاڕێتەوەو تکا ناکات، ئەم دەیەوێتو داوا دەکـات. ئێسـتا ڕازی تـەوژمی ئـەو ژنـە تێدەگـەم، ئـەو خۆشەویسـتی لـە دڵدایـە، ئـەو خۆشەویستییە وای لێدەکات، کە منداڵەکەی بە ڕیشەی ژیانی بزانێت.

زۆردار، کـە کوڕەکـەی خـۆی بیرکـەوتبووەوە، دەینالاند، لـە دوای پشـوویەك ڕوویکردە پیاوەکانیو گوتی: "هەر ئێستا سێ سەد سوار لـە سەرانسـەری ناوچـەی فـەرمانڕەوایی منـدا بـۆ دۆزینـەوەی کـوڕی ئـەم ژنـە، بکەونـە ڕێ، ئـەم ژنـە لێـرە دەمێنێتەوەو منیش بە دیاریەوە دادەنیشم تا کوڕەکەی دەدۆزێتـەوە، خۆشـی لـەو کەسەی کوڕی ئەم ژنە بێنێتەوە." ژنە بزەیەکی بۆ کردو ئەویش کشومات سەری بۆ ژنەکە دانەواند، کرمانیش دەسبەجێ شیعرێکی مێژوویی بـۆ ژنێـك خوێنـدەوە، کـە عەشقی دایکانەی لەسەردایە.

** ** **

ئەمە هەموو وایە: هەر وشەیەك کە لێرەدا دانراوە ڕاسـتە، دایکـانی ئێمـە ئەمـە دەزانن، لەوان بپرسە پێتدەڵێن:

"بـەڵێ ئەمانـە ڕاسـتن، لەسـەرەتاوە، ڕاسـتبوونو هـەتا هەتایـە ڕاسـت دەبـن، ئێمەی دایکان لە مەرگ بەهێزترین، ئێمەین کە بـۆ دنیـا هەمیشـە پسـپۆڕو شـاعیرو پاڵەوان دێنینە بەرهەم، هەر شتێك مـرۆڤ لـە سـایەیدا بگاتـە سـەربەرزی، شـانازی پێدەبەخشین."

(مەکسیم گۆرکی)

ڕاڤەکردنی پەیڤەکان

پەیڤ		واتاکەی
چەکمەی ئاسنین	:	جۆرە پێڵاوێك بوو
گوڵاڵەو بەیبوون	:	گوڵ تەخوینو بەیبوون
بایەوان	:	خێوەتی پاپۆڕ
تەوار	:	هەڵۆی مێ
بلاڵێیتەوە	:	بکەڤی زارەزار
کۆسار	:	دەشتی بن چیا

گفتوگۆ:

١. لەبەر چی دایك بەلای (مەکسیم گۆرکی)یەوە ئەو پایە بەرزەی هەبووە؟

٢. تەیموری دڵرەقو شاران خاپوورکەرو خوێنرێژ چ هەڵوێستێکی نواند بەرامبەر دایکەکە؟

٣. مەبەستی (مەکسیم گۆرکی) لە چیرۆکەکە چییە؟

٤. ئایا دەتوانیت چەند دێرێك دەربارەی ژیانو بەسەرهاتی (مەکسیم گۆرکی) بنووسیت؟ هەروەها دەربارەی ڕۆمانەکەی گرنگەکەی (دایك) چی دەزانیت؟

پێرست

لاپەڕە	بابەت	ز
٣	**پێشەکی**	١.
٤	**بەشی ڕێزمان**	٢.
٥	کەرستەکانی نووسین	٣.
٧	دەنگەکانی زمان و پیتەکانی وشە	٤.
١٤	شێوەکانی وشە	٥.
٢٠	بڕگەکانی پەیڤ (وشە)	٦.
٢٣	جیاوازی نێوان ڕستەو گرێ	٧.
٢٧	جۆرەکانی ڕستە/ ڕستەی ڕاگەیاندن	٨.
٣١	ڕستەی ڕاگەیاندن / ئـ- ڕستەی ئەرێ / ب- ڕستەی نەرێ	٩.
٣٧	ڕستەی پرس	١٠.
٤٤	ڕستەی سەرسوڕمان	١١.
٤٩	بنچینەکانی ڕستە	١٢.
٥٦	کار ئـ- کاری تەواو/ ب- کاری ناتەواو	١٣.
٦٢	دیارخەری ناو- تەواوکەری کار	١٤.
٦٩	ناو	١٥.
٧٤	جۆرەکانی ناو (لەڕووی ناوەڕۆکەوە)	١٦.
٨٠	جۆرەکانی ناو (لەڕووی هەبوونەوە)	١٧.
٨٦	ئەرکی ناو لە ڕستەدا	١٨.
٩١	جێناو ئـ-جێناوی کەسیی سەربەخۆ	١٩.
٩٦	ب-جێناوی کەسیی سەربەخۆ	٢٠.
١٠١	پ- جێناوی کەسیی سەربەخۆ	٢١.
١٠٤	چاوگ	٢٢.
١٠٧	کار لە ڕووی دەم و کاتەوە / ئـ- کاری ڕابردوو	٢٣.
١١٤	ب- کاری ڕانەبردوو	٢٤.

ز	بابەت	لاپەڕە
٢٥.	پ- كاری داخوازی	١١٩
٢٦.	**بەشی ڕێنووس**	١٢٣
٢٧.	**بەشی ئەدەب**	١٣١
٢٨.	قانیع	١٣٢
٢٩.	جگەرخوێن	١٣٦
٣٠.	بەختیار زێوەر	١٤١
٣١.	سەلام	١٤٤
٣٢.	ئەحمەد موختار جاف	١٤٧
٣٣.	هێمن	١٥٠
٣٤.	ئەحمەدێ نالبەند	١٥٤
٣٥.	مەلا ئەنوەرێ مایی	١٥٨
٣٦.	عەبدولواحید نوری	١٦٢
٣٧.	ئیبراهیم ئەحمەد (بلە)	١٦٧
٣٨.	**بەشی خوێندنەوە**	١٧١
٣٩.	ئەحمەد شەوقی	١٧٢
٤٠.	گەشتیاری، وەرزش و ڕۆشنبیرییە	١٧٦
٤١.	چیرۆكێكی فۆلكلۆری كوردی	١٨٠
٤٢.	ئاڵای كوردستان	١٨٦
٤٣.	نەورۆز	١٩٠
٤٤.	ژیان چییە؟	١٩٥
٤٥.	هەنگ بەخێوكردن	١٩٨
٤٦.	دەستی ماندوو لەسەر سكی تێرە	٢٠٤
٤٧.	دایك	٢٠٧
٤٨.	پێرست	٢١٥